# دەرزی،

# فەلسەفەیە یان بیروباوەڕ؟

ئازاد تۆفیق خەیات

٢٠١١

- ناوی کتێب: دەرزی، فەلسەفەیە یان بیروباوەڕ ؟
- نووسەر: ئازاد تۆفیق خەیات
- بابـــەت: فەلسەفە ولێکۆڵینەوە
- دیزاینی ناوەرۆك: ئالان قادر
- تایپ وهەڵەبڕی: نووسەر
- دیزاینی بەرگ: ئالان قادر
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانە: دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

- لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (١٧٩٧)ی ساڵی (٢٠١١)ی پێدراوە.

# الدرزية، فلسفة أم عقيدة ؟

**ازاد توفيق خياط**

**٢٠١١**

## وتەیەکی پێویست

لەگەڵئەوەی ئەم بابەتە دووەم لێکۆڵینەوەمە دەربارەی کۆمەڵی ئایینیی یەکتا پەرستانی دەرزی، وە لەگەڵئەوەی بە زمانی کوردی نووسراوە، بەلاّم هێندەی مەبەستمە بابەتی دەرزییەکان بە زمانی کوردی بلاّوبکەمەوە، دوو ئەوەندەش مەبەستمە بۆچوونە فەلسەفی و ژیربێژییەکانی ئەوان بخەمەڕوو. لەبەرئەوەی، دەرزییەکان وەکی فەیلەسوفە یۆنانییەکان شەنوکەوی فەلسەفە ولاهوت وکەلام ومیتافیزیکیان کردووە.

فۆبیای فەندەمێنتاڵیزمی ئیسلامی، لە لەدەستدانی دەسەلاّت وسیستمی تیۆکراسییان ( ثیوكراسي )، وە بەهۆی نەگەیشتنیان بە پەنهانیی ئەوان، هەموو ئەمانە بەربەستێکی سەختی لەبەردەم لێکتێگەیشتندا دروست کردووە، کە تا هەنووکەش کەسان ولایەنێك هەن گەمە لەسەر ئەو ژێیە دەکەن. بەلاّم ئەوەی مەبەستمە، ڕاستی ودروستی ئەم گروپە ئایینییە، لانیکەم وەك خۆی بخەمە بەر دیدی خوێنەری کورد. لە زۆر جێگەی تریشدا، ئەوەم خستووەتە ڕوو کە پاڵنەری سەرەکی من لە دەرخستنی ئەم بابەتانە، تەنها لایەنی ناسیۆنالیستیمە وهیچیتر، تاوەکو بتوانم هێندەیتر شووناس وبنەماڵە وپێگە ونبووەکان وزەوتکراوەکانی گەلی کورد بخەمەڕوو..

ئازاد تۆفیق خەیات

سلێمانی

٢٠١١

## سوپاس و پیزانین

سوپاس و پیزانین، بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی لە بەچاپ گەیاندنی ئەم بابەتەدا هاوکارم بوون..
جارێکی تر سوپاس بۆ هەموویان

***********

******

**

# پێڕست


**پێڕست** ..............................

**پێشکەش** ........................

**پێشەکی** .........................

**تەوەری یەکەم/ بەرچاو ڕوونییەك** ...........

**١- ڕاستی وشەی دەرزی** .........................

**٢- بنەماڵە وخێزانەکانی یەکتاپەرستانی دەرزی** ..............

**٣- چینەکانی کۆمەڵگا** ...........................

**٤- ئەرکە ئایینییەکان** .................

**تەوەری دووەم/ فەلسەفە وبیروباوەڕ** .................

**ا- بناغەی فەلسەفییان** .........................

**ب- بیروباوەڕیان** ...............................

- **دۆناودۆن** ...............................
- **نرڤانا** ......................................
- **ئاوێتەبوون** ...............................

**ج- پایە فەلسەفییەکان** ............................

- **خودا وخوداپەرستی** ......................
- **دروستبوون** .................................
- **ئایین** .........................................
- **ژیری** .........................................

**دەرەنجام** ................................................

**پاشکۆکان** ................................................

**سەرچاوەکان** .............................................

## پێشکەش

**پێشکەشە بە هەموو خوازیارێکی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد لە ئاییندەدا، بە هەموو کوردێکی نەتەوەخواز، بە هەموو ناسیۆنالیستێکی خاوەن ویژدان وبەهەڵوێست، بە هەموو ئایدیا وهزر وبیرۆکەیەکی نوێخواز**.........

# پێشەکی

مەبەستی سەرەکی ئەم بابەتە، خستنەڕووی داکەوتی ڕاستەقینەی ئەم کۆمەڵە ئایینییەیە، کە سەدان ساڵە مێژوونووسان وتوێژەران ونووسەرانی سەرقاڵ کردووە. هەڵبەت، ئەم بابەتە، زۆرترین قسەوباس ومشتومڕ لەخۆ دەگرێت. دیارە، ئەوان لە ڕوانگەی ژیار وکەسانێکەوە، لادەر ومسقۆفن، موسوڵمان نین، هەرگیز لەگەڵ جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا ڕاستگۆ نین. ئەمە لەگەڵئەوەی، کە ئەوان هەردەم پێداگری لەسەر شووناسی عەرەبیی خۆیان وپابەندبوونی تەواوەتییان بە ئایینی ئیسلامی پیرۆزەوە، دووپات دەکەنەوە وکردووەتەوە بە درێژایی مێژوو. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئەوانەی وتراون دەربارەیان، مەرج نییە زۆربەی ڕاست بێت..

یەکتاپەرستانی دەرزی، هەرگیز نکووڵی لەوە ناکەن کە ئایینزاکەیان وەك هەوڵێکی چاکسازی لە ئایین وکۆمەڵگای ئیسلامیی ئەو کاتەدا هاتووەتە ئاراوە. بەوەی، لەو سەردەمەدا، هێندەی نەمابوو بنەما وکۆڵەکەکانی ئایینی ئیسلامی پیرۆز بەلاڕێدا ببرێن ولێك بترازێن، کە بە بڕوای یەکتاپەرستان، زەرەر وزیانێکی زۆر وزەوەندی بەم ئایینە ئاسمانییە پیرۆزە دەگەیاند.

وێڕای ئەوانەی ئاماژەیان پێدرا، یەکتاپەرستان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە ئایینزاکەیان هەوڵی دروستکرنی بالأنسێك لە نێوان ئایین وفەلسەفەدا دەدات، یاخود باشتر وایە بڵێین ئاوێتەکردنی ئایین بە فەلسەفە، بۆئەوەی بەهایەکی فەلسەفی زۆر زیاتر ببەخشێتە ئایینی ئیسلامی پیرۆز. هەر لەم ڕووەوە، کەسانێکی وەك فیساگۆراس وپلاتۆ وئەرستۆ وفەیلەسوفانی تری یۆنانی وفارسی وهندی وبودایی وفیرعەونی، بە سەردارانی ڕۆحیی خۆیان دەزانن. وەلێ، گرنگییەکی لە ڕادەبەدەریش بە دۆناودۆن ونرڤانا وئاوێتەبوون دەدەن، کە مەرج نییە ئەم بیروڕا وکارانەیان لە لای دەسەڵاتی ئایینیی ئیسلامیی، خوازیار بێت. ئەمە بێجگەلە ئەوەی، کەسی یاخود تاکی یەکتاپەرست، ناوەخنداری (باطنیة) سیما ومۆرکێکی تایبەتی پێبەخشیوە. هەروەها، ژیربێژی وفەلسەفەگەلێکیان دەربارەی مردن وزیندووبوونەوە وبەهەشت ودۆزەخ وتێڕوانینی تایبەتیان بۆ ئایین هەیە، کە جێگەی پەسەندکردنی ئەقڵییەتی دەسەڵاتی ئایینی ئەوسەردەمە وبگرە ئێستاش نییە.

دیارە، لە نێوکۆی کرداری ناوەخندارێتیدا، کۆمەڵێك پرەنسیپی ئایینی ونهێنی دێرین ومانا وشرۆڤەی دەقە ئایینییە پیرۆزەکان، بە ئامراز ومیکانیزمێکی تایبەت دەگوازرێتەوە، کە دەشێت ڕاستەوخۆ لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی دی، یاخود بۆ کۆمەڵگا بێت، وە یان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر وسەردەمانێکی تر بێت. پێدەچێت، ئەمە سەرەتای لێکتێنەگەیشتن وگومڕایی وکێشەی نێوان یەکتاپەرستانی دەرزی وپیاوانی ئایینیی بێت.

هەژیی گۆتنە، فەندەمێنتاڵیزمی ئیسلامیی، کاری لەوجۆرەی بە هاوبەش پەیداکردن لەقەڵەم دابوو. کەواتە، فەلسەفەی لەوجۆرە و ژیربێژی، لەگەڵ ئاوەزی پیاوانی ئایینییدا نەدەهاتەوە، هەربۆیە چاکترین چەکی کوشندە بۆ لێدانی یەکتاپەرستان، ناو وناتۆرە وگومڕایی وقسە هەڵبەستن بوو، بۆ ئەوان

وهاوشێوەکانیان. ئەوەتا، لەو سەردەمەدا ولە نێو کۆمەڵگای ئیسلامیدا ئەو دەستەواژەیە بە ئاشکرا خرابووە ڕوو، کە دژی فەلسەفە و ژیربێژی بووە، بەوەی وتراوە (**من تمنطق فقد تزندق**)، واتە "ئەوەی ژیربێژی بکات زەندیقە."

شایستەی وتنە، لەم لێکۆڵینەوەیەدا، هەموو ئەم بابەتانەی وتران شەنوکەو کراون. لە ڕلستیدا، یەکتاپەرستانی دەرزی باڵێکی شیعەی سەر بە ئیسماعیلییەکانن، کە نهێنگریی وناوەخنداریی چووەتە ناخی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییانەوە، کار بە ئاوەز دەکەن. دەربارەی هەموو بابەتێکی ئایینی وژیان، قسەی خۆیان هەیە. بە بڕوای ئەوان، هەموو وتە ودەربڕینێك دوو مانای هەیە، ناوەکی ودەرەکی. دەقە ئایینییە پیرۆزەکانیش لەم ڕوانگەیەوە لە بێژنگ دەدەن. وەکی لایەنگرانی قوتابخانەی فەلسەفیی (ستۆیسیزم) (الرواقیین)، بڕوایان وایە کە بەدەر لە ئەقڵ هیچ دەسەلاتێکی بەرزتر بوونی نییە، وە مرۆڤیش چەندە دیل وکۆیلە بێت، بەلأم لە بیرکردنەوە وناخ ودەروونی خۆیدا ئازاد وسەربەستە. بۆیە، وەك هەموو تاکێکی تری شیعە مەزهەب، بڕوایان بە (تەقوا– التقوی) هەیە.

یەکتاپەرستان، لە ڕووی عەلمانییەت ولاهوتەوە پێکهاتەی کۆمەلأیەتییان جیاوازە، هەروەك چۆن نەژادی ڕەگەزیشیان جیاوازە، ولەسەر ئاستی بنەماڵەش، جیاوازن. هۆکاری ناوبردنیشیان بە دەرزی، دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە پەیامبەرەکەیان پیشە لباد ورازێنەرەوەی زین وبەشێوەیەك لە شێوەکان بەرگدروو بووە. هەرچەندە، ئەو کۆمەڵە مرۆییەی ئەم بیروباوەڕەیان دامەزراند، چەندین سەدەیە لە ژیاندا نەماون، بەلأم کاریگەری بیروبۆچوونە فەلسەفییەکانیان تا هەنووکەش ئامادەیە. ئەوان، سەرقاڵی خوداپەرستی وفەلسەفە بوون. ژیری، مانایەکی قووڵ وسەرخانێکی فەلسەفی پێبەخشیبوون، دیارە هەموو ئەمانە پێکەوە، چوارچێوەیەکی پۆلایی چەشەکراو بە ئاوەزباوەڕیی بڕیبوو بە بەریاندا.

کۆتایی وتەکانم بەوە دێنم، کە خوازیارم توانیبێتم بەم لێکۆڵینەوەیە خزمەتێکی بچووکی کتێبخانەی کوردیم کردبێت، تا نەوەکانمان بە زۆربەی زانیارییەکان وکارە ناوازەکانی توێژەران ونووسینە پڕ بڕشتەکانی نووسەران وهونەر وکەلتوور وفەرهەنگەکان ئاشنا بن. هەڵبەت، مەبەستی سەرەکیش، خزمەتکردنی سەرخانی فیکری ومێژوویی وفەرهەنگی کوردیمانە...

## تەوەری یەکەم/

# بەرچاو ڕوونییەك

له ڕاستیدا، زۆرێك له مێژوونووسان ونووسەران وتوێژەران، دەربارەی داکەوتی دەرزییەکان نووسیویانه، بەڵام هەریەکه وبه چەشنێك. یەکێك ڕاستی وهەقیقەتی بەیان کردووه، یەکێك ناهەقی وڕقوکینه، یەکێك توێژینەوه وزانیاری بەسوود، یەکێك قەوانی سواوی چەشەکراو به ئایینزا وڕاسیزم وناسیۆنالیزمی توندڕەو. هەرچۆنێك بێت، باس وزانیاری زۆر هەیه دەربارەیان، بەڵام گرنگ ئەوەیه ڕاستی ودروستی ئەو کۆمەڵه ئایینییه فرەنەتەوەییه، بەبێ مەبەست ولانیکەم وەك خۆی گوازرابێتەوه یان بگوازرێتەوه. ئەمه وای کردووه، که زانیاری دروست دەربارەیان زۆر کەم بێت.

وەك له زۆربەی زۆری نووسین وتوێژینەوەکان وبابەته ئایینی وفیکرییەکاندا ئاماژەی پێدراوه، "یەکتاپەرستانی دەرزی" کۆمەڵێکی مرۆیی نهێنگری ناوەخندارن (باطني)، که خەلیفەی فاتیمی (حاکم بیئەمریللا) به خواوەند دەکەن وتێکڕای بیروباوەڕیشیان له ئیسماعیلییەکانەوه وەرگرتووه، واته ئەوان وەکی باڵێکی شیعه مەزهەب هەژمار دەکرێن. ئەمه لەگەڵئەوەی ناوەڕۆکی فەلسەفەی یۆنانی، هاوشێوەی ئەرستۆ وپلاتۆ وفیساگۆراس، کاریگەرییەکی زۆری هەبووه بەسەریانەوه، به شێوەیەك که به سەردارانی ڕۆحیی (أسیادهم الروحانیین) خۆیانی دەزانن، بێجگەلەوەی کاریگەریی فەلسەفەی بودایی وفیرعەونی وهندی وفارسی ودەهرییەکانیان (الدهریین) لەسەره. وەلێ، ئەوان باوەڕی تەواوەتیشیان به دۆناودۆن ونرڤانا و ئاوێتەبوون وجێگۆڕکێی گیان (روح) له نێو جەستەکاندا هەیه. باوەڕبوونی تەواو به ئەقڵ وبەرزڕاگرتنی ئاوەز، سیمای سەرەکی ئەوانه.

ئاشکرایه، ئەم گروپه ئایینییه، چەندین بنەماڵه وخێزانی لەخۆ گرتووه، که لەپاڵ ژیانی سادەی ڕۆژانەیاندا، بەشێکیان کار لەسەر بابەتەکانی لاهوت وفەلسەفه و ژیربێژی وتەسەوف دەکەن، به جۆرێك که ئایین وفەلسەفه بووەته دوالیزمێکی لێکدانەبڕاو بۆ تێکڕایان. ئەوان، فەلسەفەیان تێکەڵ به ئایین وئایینزا کردووه، یاخود دەتوانین بڵێین بۆ لێکدانەوه وشرۆڤەکردنی بڕگەکانی ئایین وئایینزا، پشتیان به فەلسەفه بەستووه، ئەو ئایینزایەی بووەته گرنگترین شووناس بۆیان. واته، ئایینزای دەرزییەکان گوزارشت له بوون وقەوارەیان دەکات.

وەنەبێت هەردەم کارکردن لەسەر فەلسەفه وڕەوانبێژی، بەسوود وقازانج گەڕابێتەوه بۆ ئەوان، بەڵکو هەردەم مایەی نەفرەت ونەهامەتی وڕاوەدونان وگومڕایی بووه بۆیان. لەبەرئەوەی، زۆربەی کات فەلسەفەکەیان لەگەڵ ئایینی ئیسلامی پیرۆزدا نەدەهاتەوه، یاخود دەتوانین بڵێین، فەلسەفه وعەقڵییەتی پیاوانی ئایینیی ئەو سەردەمه، هەرگیز پێکەوه نەدەگونجان. هەربۆیه، به درێژایی مێژوو، پارێزەران وپیاوانی ئایینی، دژایەتی ئەو فەلسەفانەیان کردووه که ئەوان به باوەڕەوه پەیڕەویان لێکردووه..

پێشتر ئاماژه بەوه درا، کە گروپێکی ئایینی فرەنەتەوەن، ڕاستتریش وایە بڵێین "کۆمەڵێك خێزان وبنەماڵەن، ئایینزایەك کۆی کردونەتەوە." یاخود "کۆمەڵە کەسانێکن، چەندین پرەنسیپ وئایینزایەك کۆی کردونەتەوە." نابێت ئەوەش لە یاد بکەین، کە زۆر بەتوندی وابەستەی ئایینزایەکن، کە شکۆمەندی وشووناسێکی لەمێژینەی پێبەخشیون وخاڵی هاوبەشیانە. ئاخۆ، ئەو بنەماڵانە سەر بە چ نەتەوەیەك بن، هۆکاری چییە کە ساڵەهای ساڵە پێکەوەن؟ بە شێوەیەك کە بوونەتە جڤاتێکی یەك پارچەی لێکدانەبڕاو.

سەرەتای دروستبوونی ئەم گروپە ئایینییە، یاخود بابڵێین گردبوونەوەی ئەم کۆمەڵە بنەماڵە وکەسایەتییانە، لە ژێر ئالأی "ئایینزای یەکتاپەرستی دەرزی– المذهب التوحيدي الدرزي" بۆ ساڵی (٤٠٨ك/ ١٠١٧ز) دەگەڕێتەوە، کە کەسایەتی (هەمزە کوڕی عەلی زۆزانی– حمزه بن علي الزوزاني) * وەك نوێکەرەوە ومژدەبەخشی ئایینزاکە بانگەوازی خواوەندی بۆ شەشەمین خەلیفەی فاتیمی (حاکم بیئەمریللای فاتیمی– الحاكم بأمرالله الفاطمي) * بڵأودەکاتەوە. بەڵام، نابێت ئەوەش لە یاد بکەین کە پێشتر کەسایەتییەکیتر بە ناوی (نەشتەکین) یان (نەشتەکینی دەرزی)ەوە، * بەر لە ساڵێك واتە (٤٠٧ك/

---

* هەمزە کوڕی عەلی کوڕی ئەحمەد زۆزانی، ناسراوبە ژیریی گشتی (العقل الكلّي). کەسایەتییەکی زۆر پیرۆزی نێو یەکتاپەرستانی دەرزییە، کە بە"پەیامبەر" ناوزەد دەکرێت. شەوی پێنجشەممەی (٢٣/ ربيع الاول/ ٣٧٥ك– ١٦/ ئایار/ ٩٨٥ز) لە شاری زۆزانی باشووری "دەریاچەی وان"ی خاکی کوردان لە دایك بووە. بانگەوازی یەکتاپەرستی دەرزی لەسەر دەستی ئەم دەستی پێکرد، خاوەنی بۆچوونێکی ئیسلامی وفەلسەفی تایبەت بەخۆی بووە. ئەمە بێجگەلەوەی بانگەواز ومژدەبەخشی خواوەندیی بوو بۆ شەشەمین خەلیفەی فاتیمی (حاکم بیئەمریللای فاتیمی– الحاكم بأمرالله الفاطمي) لە میسر. پێشەنگی زانایانی فەلسەفە وئایین بووە، دەرچووی زانکۆی (جوندیشاپوور– جنديسابوور)ی هەرێمی خوزستان بووە. پێشتر، کەسێکی پیشەوەر بووە وکاری لبادی وقەزازی وکۆپاندروویی ورازاندنەوەی زینی کردووە، واتە شارەزایی لە درووماندا هەبووە. بەڵام دواتر بەهۆی خوێندنی لاهوت وفەلسەفەوە لە (قاهیرە) دەگیرسێتەوە. ئەم کەسایەتییە، لە ساڵی (٤١١ك/ ١٠٢٠ز) دیار نامێنێت. بە وتەی نووسەری دەرزی (ساڵح زەهرەدین– صالح زهرالدين) کە لە کتێبی (تأريخ الدروز)دا ئاماژەی پێداوە، دوابەدوای دیارنەمانی خەلیفە حاکم وراگرتنی بانگەواز، ناوبراو (هەمزە) لە سەرەتای ساڵی (٤١٢ك/ ١٠٢١ز) دیارنامێنێت. بەڵام بە وتەی ماڵپەڕی (ئۆرگانی ئەهلولبەیت– اهل البيت)، هەمزە لە ساڵی (٤٣٣ك/١٠٤١ز) لە شام کۆچی دوایی دەکات. واتە تێکەڵییەك لە زانیارییەکاندا هەیە..

* ئەبو عەلی مەنسوور کوڕی عەزیز بیللا کوڕی موعیز لیدینیللای فاتیمی– أبو علي المنصور بن العزيز بالله بن المعز لدين الله الفاطمي. شەشەمین خەلیفەی فاتیمی، ناسراو بە (قائیم زەمان– قائم الزمان)، (٣٧٥– ٤١١ك) (٩٨٥– ١٠٢١ز)، لە تەمەنی (١١) ساڵیدا بووەتە خەلیفە، واتە ساڵی (٣٨٦ك/ ٩٩٦ز). ساڵی (٤٠٨ك/ ١٠١٧ز) کاتێك هەمزە بانگەواز دەستپێدەکات، ناوبراو وەك خواوەندێك دەناسێنرێت. لە شەوی (٢٧/ شەوال/ ٤١١ك– ١٣/١٢ شوبات/ ١٠٢١ز) وەك کردەوەی هەموو شەوێکی، ملی ڕێ دەگرێت وبەرەو (شاخی مەقتەم– جبل المقطم) بەڕێ دەکەوێت، بەڵام دواتر ناوبراو دیار نامێنێت، واتە ناگەڕێتەوە کۆشکەکەی. هەرچەندە، ڕای ئەوە هەیە کە بە دەستی خوشکەکەی (ست مەلیك– ست الملك) کەوتبێتە بۆسەوە ولەناوچووبێت. ڕایەکیتریش، پێی وایە کە خەلیفە حاکم، خواوەند بووە وهەڵکشاوەتەوە بۆ ئاسمان، لە کات ولە شوێنێکی تردا وەك فریادڕەس ورزگارکەر وچاکساز دێتەوە خوار.

* ئەبوعەبدوڵڵا محەمەد کوڕی ئیسماعیل دەرزی (دەرەزی) بوخاری– أبوعبدالله محمد بن اسماعيل الدّرزي البخاري، ناسراوبە (نەشتەکین– نشتكين) یان (نوشتەکین– نوشتكين) یاخود (هەشتەکین– هشتكين). بەشێك لە نووسەرانی دەرزی، ڕایان وایە کە ڕەگەز فارسە، بەشێکی دی بە ڕەگەز تورکی دەزانن، وەلێ ناوبراو خەڵکی تیروز بووە لە ئێران. ناوبراو دژایەتی هەمزەی کردووە لە بانگەواز ورابەرایەتی بیروباوەڕدا، هەرچەندە سەرەتا پێکەوە کاریان کردووە. دواتر، لە ساڵی

١٠١٦ن) لەم هەوڵەدا بووە. بەڵام، ناوبراو بەهۆی کێشمەکێش وململانێی توندی لەگەڵ کەسایەتی هەمزەدا سەرکەوتوو نابێت وبە ناچاری ڕوو لەشام دەکات. جارێکی دی، لەویٚ دەست بە بانگەواز دەکاتەوە. هەرلەویٚ، واتە لەشام، لایەنگرانی بۆ دروست دەبێت ونازناوی دەرزی بە سەر پەیڕەوانیدا دادەبڕدرێت. دوای ئەوەی جارێکیتر بەهێزەوە دێتەوە قاهیرە، بۆ نێو گۆڕەپانی سیاسی ودەسەڵات، بەڵام ئەم جارەیان ململانیٚ کۆتایی بە ژیانی دەهێنێت.

گەر بێینەوە سەر باسێکیتری هەمزەی زۆزانی، پێدەچێت ناوبراو "ڕەگەز کورد" بوو بێت، بەوەی ئەو ناوچەیەی تێیدا لە دایك بووە، ناوچەرگەی خاکی کوردان بووە، هەرچەندە زۆرینەی نووسەرانی دەرزی [1] بەڕەگەز "فارس" [2] لە قەڵەمی دەدەن.[3] ئەمە بێجگەلەوەی، کەمینەیەکیان ئەم کەسایەتییە بەڕەگەز "تورك" [4] لە قەڵەم دەدەن. ئەم گروپە ئایینییە، چەندین بنەماڵەی کورد وعەرەب وفارس وتورك وئەرمەنی وتاجیکی وچەرکەسی وزۆر ڕەگەزیتری لەخۆ گرتبوو. بەڵام لەئێستادا، زیاتر ڕەنگدانەوەی لە ڕەگەزی کورد وعەرەبدا دەردەکەوێت، بەهۆی تواندنەوەی نەتەوە وبنەماڵەکانی تر لە نێو یەکدا. ئەم کۆمەڵەیە، باڵێکی شیعەی ئیسماعیلین، بۆیە بڕوایەکی تەواویان بە ناوەرۆك (باطن)ی شتەکان هەیە، ئەمە بێجگەلە بڕوای تەواویان بە"نرڤانا ودۆناودۆن و ئاوێتەبوون وڕۆحی پیرۆز. کەواتە، لە سەدەی "دە"ی زایینی ولە دەمی خەلافەتی فاتیمیدا، یەکتاپەرستی دەرزی، وەك "بیروباوەڕێکی فەلسەفی" جیاوەبوو لە ئایینزای ئیسماعیلی بەدەرکەوت. یەکتاپەرستیی دەرزی، وەنەبێت بە تەنها هەوڵی دۆزینەوەی چەمکێکی نوێی بۆ هێڵە پانەکانی ئایینی ئیسلامی پیرۆز دابێت، بەڵکو هەوڵی دامەزراندنی ناوکێکی ئایینیی شێوە جیاواز لە ڕەوتی ئیسلامیی گشتیی دەدا، ئەوەش بەهۆی کارتێکردن وسەرسام بوونی بوو بە "قورئانی پیرۆز وسوننەتەوە، هەربۆیە لە بیروباوەڕەکانیدا پشتی پێدەبەستن. لەمەوە دەردەکەوێت، کە ناوی ڕاستەقینەی ئەوان (یەکتاپەرستان- الموحّدون)ە. [5]

زۆرجار، نەتەوە وگەلان دوچاری کێشە دەبنەوە، کە بە خراپە وکاری نەخوازراو، بە سەر ژیانی کۆمەڵایەتی ورامیاری وئایینییاندا دەشکێتەوە، بەمەش چەندین ململانێی ئایدیۆلۆژی وبیروباوەڕیی، دێتە ئاراوە، کە دواتر ئەو گەلە یان ئەو نەتەوەیە بەرەو ململانێی چەکداری وخوێنڕشتن دەبات. بەڵام

---

(٤١٠ك/ ١٠١٨ز) بە فەرمانی خەلیفە حاکم دەکوژرێت. نەشتەکین، لەگەڵئەوەی لەنێو یەکتاپەرستانی دەرزیدا، بە کەسێکی نەفرەت لێکراو ولادەر و (سایکۆپات- شەڕەنگێز) سەیر دەکرێت، بەڵام ڕای ئەوەش هەیە کە وشەی "دەرزی" بۆ نازناوی ئەم کەسە گەڕابێتەوە، کە تێکڕای نووسەرانی دەرزی مانای ئەو وشەیە بە (بەرگدروو) ناوزەد دەکەن. هەرچەندە، ڕایەکیتر هەیە کە وشەی "دەرزی" بۆ کۆچکردنی هەمزە بۆ شام دەگێڕنەوە، ئەمەش کاتێك ناوبراو لەو هەرێمەدا گیرساوەتەوە، کە ئەمرۆ ناودەبرێت بە (شاخی دەرزییەکان- جبل الدروز).

[1] أمين محمد طليع: أصل الموحدين الدروز و أصولهم، الطبعه الاولى، دار الاندلس للطبع و النشر، بيروت، ١٩٦١،ص ٧٩

[2] نجيب العسراوي: المذهب التوحيدي الدرزي، الطبعة الثالثة – برازيليا، برازيل،١٩٩٠، ص ٧٢

[3] عبدالله النجّار: مذهب الدروز و التوحيد، دار المعارف بمصر – القاهره ، مصر، ١٩٦٥، ص ١٢٣

[4] جميل ابوترابي: من هم الموحدون الدروز، الطبعه الثانيه، دار علاءالدين للنشر و التوزيع و الترجمه- سوريا، دمشق، ٢٠٠٧، ص ٨

[5] موحدون دروز: من ويكيبيديا، الموسوعة الحرة، ١٥/ ١٠/ ٢٠٠٦ ar.wikipedia.org

لەگەڵئەوەشدا، هەرگیز ناکرێت دەستەوەستان بوەستێت، دوور لە دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ ناوخۆی خودی خۆی. بەمەش دڵنیایی بۆ خۆی دەستەبەر دەکات ومانەوەی مسۆگەر دەبێت..[1]

ئەوەی وترا، دەقاودەق بەسەر یەکتاپەرستاندا جێبەجێ دەبێت، لەبەرئەوەی ئەوان ئاماژە دەدەن کە "یەکتاپەرستیی دەرزی، وەك بزوتنەوەیەکی چاکسازیی نێو ئایینی ئیسلامی پیرۆز بەدەرکەوتووە، بە پشتبەستن بە ژێری ویەکتاپەرستی ڕاستەقینە. ئەمەش، لە سەردەمێکدا بووە کە چەندین شتی سەیر وسەمەرە وتازەبابەت وبێباوەڕی وبیروباوەڕی گومڕا، کۆمەڵگای ئیسلامیی ئەو سەردەمەی تەنیبوو." بەڵام، لە بەرانبەردا ئەوان ئەورەخنە وتاوانبارکردنانەش ڕەت دەکەنەوە، کە خۆشاردنەوە ونەدرکاندن (تستر وکتمان)، هۆکارێتی. هەروەك، وتەکانی نێو فەرهەنگی زانیاری ئیسلامی (الموسوعة الاسلامیة)، کە ئاماژە دەدات بەوەی "دەرزییەکان کەم ئایینن، واپیشان دەدەن کە موسوڵمانن بەڵام نوێژ ناکەن. باس لە پۆشاکپۆشی (تقمص) لە سەگدا دەکەن، هەندێجار ڕێ بە مارەبڕی خوشك دەدەن."[2] ئەمە، ئەو کێشە بنەڕەتییانەن کە دوچاری یەکتاپەرستانی دەرزی بوونەتەوە لەنێو کۆمەڵگای ئیسلامیدا، بە درێژایی مێژوو. وێڕای ئەوانەی وتران، بەڵام ئەوان زۆر بە توندی وابەستەی بیروبۆچوونەکان وئایینزا وناوەخنداریێتی وتێڕوانینە فەلسەفییەکانیانن دەربارەی ئایینەکان، کە ئەمەش هۆکاری بزواندنی چەندین ئایدیۆلۆژیای توندڕەو ودروستبوونی بارگرانییەکی زۆر بووە بۆیان...

پێدەچێت، وا باشتر بێت کە لایەن وڕەهەندەکانی ئەم بابەتە زیاتر بخرێتە ڕوو، تا لەڕێیەوە زیاتر ئاشنابین بە یەکتاپەرستانی دەرزی. بۆیە، سەرەتا لە ڕاستی وشەکەیانەوە دەست پێدەکەین..

---

[1] زید علي سکیکر: الموحّدون عرب مسلمون.. لا دروز، الطبعة الاولی، منشورات دار علاءالدین للنشر و التوزیع و الترجمة– الترجمة– دمشق، سوریا، ٢٠٠٢، ص ٧

[2] نجیب العسراوي: المذهب التوحیدي الدرزي، مصدر سابق، ص ٨– ٩

## ١- ڕاستی وشەی دەرزی

زۆرجار، بە هەڵە زانیارییەکان بڵاو دەبێتەوە، جا دەشێت ئەو کارە هۆکاری نەزانیی بێت، یاخود بە ئەنقەست ومەبەستێکی تایبەتی لەپشتەوە بێت. بەڵام، ئەوە ڕوون وئاشکرایە کە تا سەر ڕێگە لە ڕاستی ناگیرێت.. ئەمڕۆ، زۆرێك لە کەناڵە ئاسمانییەکان ومیدیاکان وڕۆژنامەکان وبگرە زۆر لە نووسەران وتوێژەران وکەس ولایەنەکان، بە هەڵە ناوی یەکتاپەرستان بە"دورزی" دەبەن. هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، دەشێت بە نەزانی و وەها بڵاو بووبێتەوە، یان لە کاتی دەربڕین وئاخاوتندا ئەو وشەیە بەو شێوەیە خۆشتر بێت بۆ سەر زمان، یان شێوازێکی باو (تقلید) بێت کە دەماودەم دووبارە بوو بێتەوە، وە یاخود ئەجێندایەکی تایبەت ومەبەستێکی سیاسی وفاکتەرێکی ئایینی وناسیۆنالیزمێکی توندڕەو، بە هاوکاری دەزگایەکی پڕوپاگەندەی زەبەلاح.

هەموو ئەگەرەکانی باسکران، ڕێژەیین، بەڵام دوایین ئەگەریان چانسی هەڵبژاردنی زۆرترە. واتە، زیاتر بە مەبەستی شکاندن وسووکایەتی پێکردن، ناودەبرێن بە "دورزی." ئەگەرنا، ڕاستتر وایە، ئەوان ناوببرێن بە دەرزی یاخود یەکتاپەرستانی دەرزی،[1] وە بە نازناوی (بەنو مەعروف– بنو معروف)، [2] یاخود (ئەلئەعراف– الاعراف)، [3] کە نازناوێکی خوازراوی خۆیانە.. [4]

لە ڕاستیدا، ناو ونازناوی "دروز" یان "دەرزی" یاخود "دەرەزی،" دەگەڕێتەوە بۆ کەسایەتی (محەمەد کوڕی ئیسماعیل دەرەزی (دەرزی) بوخاری– محمد بن اسماعیل الدّرزي البخاري)، [5] کە ناسراو بوو بە "نەشتەکین [6] یان نوشتەکین" [7] کە کەسایەتییەکی نەفرەت لێکراوی لادەر ونەخوازراو بووە بەلای دەرزییەکانەوە. ئەمەش ڕاستییەکە، یەکتاپەرستان خۆیان جەختی لەسەر دەکەن وئاماژەی پێدەدەن. هەر یەکتاپەرستان خۆشیان، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە نازناوی (دەرزی) ناوبراو، مانای (بەرگدروو) دەگەیەنێت.. [8] (ئەم زانیارییانە، پێشتر لە بنچینەی بابەت وپەراوێزدا باسکران).

---

[1] د. محمد كامل حسين: طائفة الدروز تأريخها وعقائدها، مكتبة الدراسات التأريخية، دار المعارف بمصر– القاهرة، ١٩٦٢، ص ٨

[2] أمين محمد طليع: أصل الموحدين الدروز و أصولهم، مصدر سابق، ص ٨٠

[3] جميل ابوترابي: من هم الموحدون الدروز، مصدر سابق، ص ٨

[4] سعد رستم: الفرق و المذاهب الاسلامية منذ البدايات، الطبعة الاولى، الاوائل للنشر و التوزيع و الخدمات الطباعية– سورية، دمشق، نيسان ٢٠٠٤، ص ٣١٠

[5] د. محمود اسماعيل: فرق الشيعة بين الدين و السياسة، الطبعة الاولى، رؤية للنشر و التوزيع– القاهرة، مصر، ٢٠٠٥، ص ٦٩

[6] زيد علي سكيكر: الموحّدون عرب مسلمون.. لا دروز، مصدر سابق، ص ٥٠

[7] د. محمد كامل حسين: طائفة الدروز تأريخها وعقائدها، مصدر سابق، ص ٨

[8] نجيب العسراوي: المذهب التوحيدي الدرزي، مصدر سابق، ص ٧٢

**هەرچی "دەرەزی"یە، کە وشەیەکی تاك (مفرد)ی"دروز"ە، بێجگەلەوەی نازناوی نەشتەکێن بووە ولایەنگرانی لە شام وەها ناوبراون، [1] ئەدی مانایەکی ناقۆلاً ونابەجێش دەگەیەنێت، وەك ئەوەی ئافرەتێك ئافرەتێك "دەرزەنێك" منداڵی بە ناشەرعی بووبێت..[2] لێرەوە، مەبەستی شاراوەی وشەی "دورزی" دەردەکەوێت، کە بۆچی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، یان پیاوانی ئایینیی توندڕەو، زیاتر بەو ناوەوە ناوزەدیان دەکەن. واتە، دەربڕینەکە وەك سووکایەتی پێکردنێك وایە، هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا. ئەم ڕاستییەش، لە گۆڤاری (ئاڵای ئیسلام– راية الاسلام)دا کە لە عەرەبستانی سعوودی دەردەچێت، بە ڕوونی دەبینرێت. بەوەی، دەرزییەکان بە "خوانەناس ونەفرەت لێکراو" ناودەبات..** [3]

**ئاشکرایە، بەرگریکردنی دەرزییەکان، لە شاڵاوی داگیرکاری عوسمانییەکان (١٥١٦– ١٩١٨ز) لە لوبنان وسوریا، دواتریش داگیرکاری فەرەنسی (١٩٢٠– ١٩٤٦ز) لە سوریا، لە گرنگترین فاکتەرەکانی گومڕایی وناوونا‌تۆرە دروستکردن بوون بۆ لایەنگرانی یەکتاپەرستانی دەرزی. دیارە تورکەکان، هەرگیز ئەو بەرگریکردنانەی یەکتاپەرستانیان لە یاد نەچووبوو، بۆیە هەوڵی جینۆساید ولەناوبردنی بەکۆمەڵیان دەدان. هەروەك ڕووداوی (عەین سوفەر– عين صوفر)ی ساڵی (١٥٨٥ز)، کە(٦٠٠) کەسی دەرزییەکانیان لەناو برد، دواتریش لەناوبردنی میر "قرقماس" لە ئەشکەوتی "شقيف." عوسمانییەکان، بەوەشەوە نەوەستان، بەڵکو دەستی تاوانیان گەیشتە میر "فەخرەدینی دووەمی گەورە– فخرالدين الثاني الكبير" لە ساڵی (١٦٣٥ز)دا لە سێدارەیاندا، ئەوەش کاتێك بوو کە ناوبراو هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئازاد وسەربەخۆ لە"بابی عالی– باب العالي"دابوو..[4] ئەمە وبێجگەلەوەی کەسان ولایەنێکیش هەن، بە ناوێکی سروشتیی وئاسایی ئەو گروپە ئایینییەی دەزانن. یان وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، بووەتە ناوێکی ترادسیۆن، یان باوی هەمان گروپ. دەرزییەکان، کەمینەیەك بوون، لە ناوچە شاخاوییەکاندا دەژیان، دووچاری چەندین مەترسی دەوڵەتە ئیسلامییە سوننییەکان ببوونەوە، بێجگەلە مەترسی شاڵاوی خاچپەرستەکان، ئەمەش کاتێك بوو کە یەکتاپەرستان لە شام بوون..** [5]

**هەژیی گۆتنە، لە زمانی کوردیدا، وشەی "دەرزی" بۆ مەبەستی "بەرگدروویی" بەکاردێت. لە ماڵپەڕی (ئەهلل بەیت– أهل البيت)دا، باس لەم ڕاستییانە کراوە وبە وشەیەکی بیانی دانراوە، کە هاتووەتە ناو فەرهەنگی عەرەبییەوە وجێی خۆی کردووەتەوە..[6] کەواتە، ماوەتەوە ئەوەی بڵێین "وشەی دەرزی ڕاستترە، نەك دەرەزی یان دورزی،" لەبەرئەوەی ڕاستەوخۆ لە ماناکەیەوە کە "بەرگدروو" دەگەیەنێت، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە وشەی "دەرزی" پڕاوپڕی خۆیەتی وئامڕازێکیشە بۆ درومان**

---

[1] **عبدالله النجّار: مذهب الدروز و التوحيد، مصدر سابق، ص ١١١**

[2] **مسلمة: ماذا تعرف عن الدروز؟ منتدى لكِ ، ١٥/ ١٠/ ٢٠٠٦، www.lakii.com**

[3] **أمين محمد طليع: أصل الموحدين الدروز و أصولهم، مصدر سابق، ص ١٦٩**

[4] **نبيه القاضي: تأريخ دعوة الموحدين الدروز، الطبعة الاولى، دار كيوان للطباعة و النشر و التوزيع، الحلبوني– دمشق، سورية، ٢٠٠٩، ص ١٦– ١٧**

[5] **د. محمود اسماعيل: فرق الشيعة بين الدين و السياسة، مصدر سابق، ص ٦٨– ٦٩**

[6] **ئازاد تۆفیق خەیات: یەکتاپەرستانی دەرزی، بەڕێوەبەرایەتی چاپ وبڵاوکردنەوەی سلێمانی– سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ١٨**

وبەجێگەیاندنی کاری بەرگدروویی. لە ڕاستیدا، ئەوەنەبێت کە لە ڕووی زمانەوانییەوە وژینگەی ناوهێنانەکەوە، کەمەکێك گۆڕانکاری لە ئاخاوتن (تلفظ)ی وشەکەدا ڕوویداوە. ئەگەنا، یەکتاپەرستان خۆشیان ولە زمانی تێکڕای نووسەر وچین وتوێژەکانیانەوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە مانای دەرزی، ڕاستەوڕاست "بەرگدروویی" دەگەیەنێت وپەیوەستە بە پەیامبەرەکەیانەوە..

## ٢- بنەماڵە وخێزانەکانی یەکتاپەرستانی دەرزی

گەر یەکتاپەرستانی دەرزی، گروپێکی ئایینی فرەنەتەوە بوبن، کەواتە شتێکی حاشا هەڵنەگرە کە خاوەنی چەندین خێزانی ئیتنی جیاوازن. بەڵام، پێشتر ئاماژە بەوەدرا کە ئایینزایەك ئاڕاستەیان دەکات، واتە فاکتەری ڕاستەقینەی گردبوونەوەی ئەم جڤاتەیە..

ئەم ئایینزایە، بۆ لێکدانەوەی ئایین، پشتی بە فەلسەفەی "یۆنانی" بەستووە. [1] واتە، ئایینزاکە زیاتر کار لەسەر فەلسەفە وعەقڵگەرایی دەکات، نەك لەسەر نەتەوە وڕەگەز وئیتنیی، بۆیە ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت، پێکهێنانی گروپێکی مرۆیی لەو جۆرە، کارێکی زۆر سانا وئاسان بووە. هەروەها، بەلای یەکتاپەرستانەوە، "هەڵسوکەوت و ئاکار" پێوەری ڕاستەقینەی ئایینە.[2]واتە لە ڕوانگەیەکی مۆراڵییەوە، ئاستی مامەڵەکردن وخوداپەرستی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە هەڵدەسەنگێنرێت. دیارە، ئەمەش بە هیچ شێوەیەك ڕێگر نییە لەو پێکهێنانەی ئاماژەی پێدرا، وە سەرکەوتووترین سیاسەت ودەسەلاًتیش ئەوەیە کە ستراکتوورێك پەیڕەوی ئاکار بکات. (هەرچەندە لەم ڕۆژگارەدا ئەمە خواستی ئایدیالیستەکانە). ئێستا، گەیشتینە ئەو ڕاستییەی کە ئەوان، پێکهاتەی کۆمەلاًیەتییان، چەندین خێزان وبنەماڵەی دێرینی لەخۆ گرتووە، ماوەتەوە ئەوەی بزانین کێن ئەو بنەمالاًنە.

زۆربەی نووسەرانی دەرزی، جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەوان سەر بە چەندین خێڵی عەرەبیی نیوەدورگەی عەرەبن، یاخود ڕاستتر وایە بڵێین، ئەو نووسەرانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە ڕەگەزی ڕاستەقینەی ئەوان "عەرەبە." لەمبارەیەوە، نووسەرێك ئاماژە بەوە دەکات کە سێکت (طائفة)ی دەرزی، لقێکە لە لقەکانی درەختی عروبە..[3] یەکێکیتر لە نووسەرەکانیان، ئاماژە بەوە دەدات کە "بەشێك لە تیرە وخێڵەکانی (بەنی ڕەبیعە- بني ربيعه)، خاکی نیوەدورگەی عەرەبی جێدەهێڵن وڕوو لە ناوچەکانی لوبنان دەکەن، ئەمەش پێش بانگەوازی دەرزییەکان (٤٠٨ك/ ١٠١٧ز) بە دووسەد ساڵ بووە، واتە سەرەتای سەدەی سێی کۆچی. پاشان ئەم تیرە وخێلاًنە بلاًوبوونەتەوە بە ناوچەکەدا تا گەیشتوونەتە لاپاڵی چیاکانی تۆرۆس. دوای بانگەواز، یەکتاپەرستانی دەرزی لە لاپاڵ لوتکەی چیاکانی لوبناندا نیشتەجێ دەبن، بەتایبەت لە قەزاکانی (مەتن وشۆف- المتن والشوف). بەشێکیتر لەوان لە قەزاکانی (حاسبیا وراشیا- حاصبيا وراشيا) گیرساونەتەوە کە بە (دۆڵی تیم- وادى التيم) ناسراوە.....هتد" [4]

نووسەرێکیتری دەرزی، ئاماژە بەوە دەدات، "کاتێك (خالیدی کوڕی وەلید- خالد بن الوليد) گەیشتبووە ناوچەی (حۆران- حوران)، لەشکری موسوڵمانەکان بەرەو ناوچەی (بەسرا- بصرى)

---

[1] نجيب العسراوي: المذهب التوحيدي الدرزي، مصدر سابق، ص ٢١

[2] عبدالله النجّار: مذهب الدروز والتوحيد، مصدر سابق، ص ١٦١

[3] وفيق أبو حسين: دروز الوطن المحتل، الطبعة الاولى، منشورات فلسطين المحتلة- بيروت، لبنان، ١٩٨٢، ص ١١٨

[4] أمين محمد طليع: أصل الموحدين الدروز وأصولهم، مصدر سابق، ص ١٥

پێشڕەوییان کردبوو (بەسرا لە سەردەمی تورکەکاندا بە بەسرای ئاسکی شام، واتە شامی کۆن ناودەبرا). بەڵام، دواتر بەهۆی (ڕێکەوتن– صلح)ەوە، ئەم ناوچەیە درا بەدەستەوە ولەشکری ئیسلام توانییان بەتێکڕای خاکی حۆراندا بڵاو ببنەوە. لە ڕاستیدا، ئەم ناوچەیە پێش دیمەشق داگیر کرا." [١]

لە لایەکیترەوە، نووسەرێکیتری دەرزی، باس لەوە دەکات کە "سەرەتای سەدەی چواری کۆچی (دەی زایینی) بوو، دەوڵەتی عەبباسی لەگەڵ ڕۆمەکاندا لەوپەڕی کێشمەکێشدا بوو، هێندەی نەمابوو ئەم دەوڵەتە داگیر بکرێت، گەر بەرەوڕوو وەستانەوەی حەمدانییەکان نەبوایە، هەروەك چۆن ئەییوبییەکان بە ڕووی خاچپەرستەکاندا لە سەدەی شەشی کۆچیدا وەستانەوە.." [٢]

دەربارەی هەمان بابەت، نووسەرێکیتری دەرزی، ئاماژە بەوە دەدات کە " لە سەرەتای خەلافەتی عەبباسییەکاندا، کاتێك خەلیفە (ئەبوجەعفەری مەنسوور– أبوجعفر المنصور) ناچار دەبێت پلانێك دابڕێژێت بۆ بەرگریکردن لە کەنارە ئاوییەکانی لوبنان، لە دژی شاڵاوی داگیرکاری بێزەنتییەکان ویاخیبووان (مردّة) * کە لە گەڵیاندا بوون، وتاوەکو ئەوانە نەگەنە فەلەستین. ناوبراو، بۆ بەجێگەیاندنی ئەم پلانە، هەردوو (میر ئەرسەلان ومیر مونزیر– الامیر أرسلان والامیر منذر) کە دوو میری موسوڵمانی خێڵی (لەخم– لخم) بوون، ڕایسپاردن بۆئەوەی ڕووبکەنە ئەو ناوچەیە. لە بەرانبەریشدا، ئەوان ئامادەباشی خۆیان بۆ ئەو کارە ڕاگەیاندبوو. بۆیە، دواتر بەخۆیان وهۆزەکانیانەوە ڕوویان کردبووە لوبنان، ئەمانە لە پێشینەی موسوڵمانانی دەرزی بوون." [٣]

بێگومانە بەڵگەنامە مێژووییەکان، نووسەرێکیتر ڕاستەوخۆ بنەماڵە دەرزییەکانی بە "عەرەب" داوەتە قەڵەم، هەرچەندە بە ناوی (عەرەبی ڕەسەن ودێرین– العرب العاربة) و (عەرەبی بەعەرەبکراو– العرب المستعربة)ەوە پۆلێنی کردوون. پاشان، سێ خشتەی بە ناوەکانی (عەرەب)، (پاشاکانی حیرە "مەنازیرە"– ملوك الحيرة "المناذرة")، (وەچەی لەخمی– السلالة اللخمية)ەوە دروستکردووە، کە زۆربەی زۆری خێڵ وبنەماڵە وخێزانە دەرزییەکانی تێدا کۆکردووەتەوە. ئەوەی جێی سەرنجە، ئەوەیە کە هەر هەموویانی بە عەرەب ناونووس کردووە، بەبێ کەلاخستن (استثناء).. [٤]

ناوبراو، تێکەڵییەك لە زانیارییەکانیدا هەیە، بەوەی دەیەوێت واڕابگەیەنێت کە دەرزییەکان تێکڕا کەسانی ڕەگەز عەرەبی پاڵاوتەن، وە دەیەوێت بڵێت ئەوان هەرگیز تێکەڵەیەکی فرەنەتەوە نین، بەڵکو ئەوان لە نیوەدورگەی عەرەبییەوە هاتوونەتە ناوچەکە. ئەمە لە لایەك، لە لایەکیترەوە، نووسەر هەرخۆشی ئاماژەی بە وشەی عەرەبی (العاربة والمستعربة) داوە. واتە، بە شێوەیەکی شاراوە (ضمني)، ڕاستیی بەڵگەنامە مێژووییەکانی خستووەتە ڕوو، کە پێچەوانەی وتەکانی نووسەر خۆی دەسەلمێنێت. لەوەش

---

[١] حنّا ابي راشد: حوران الدامية، الحلقة الثانية، الطبعة الثانية، منشورات مكتبة الفكر العربي ومطبعتها للنشر و الطبع و التأليف– بيروت، لبنان، ١٩٦١، ص ٣٥٤

[٢] عبدالله النجّار: مذهب الدروز و التوحيد، مصدر سابق، ص ١٥

* نووسەر ئاماژەی بەوە نەداوە کە یاخیبووان (مردّة) کێن وبەهۆی چییەوە یاخی بوون.

[٣] جميل ابوترابي: من هم الموحدون الدروز، مصدر سابق، ص ٧٧

[٤] نبيه القاضي: تأريخ دعوة الموحدين الدروز، مصدر سابق، ص ١٩– ٣٢

زیاتر، نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەیدا باسی لەوە کردووە کە "هەندێك لە نووسەران ئەوەیان کردووەتە بیانوو، کە بنەچەی مژدەبەخش وهاندەران (دعاة)، دەشێت ڕەگەز فارس یان تورك وە یاخود کورد بووبن، بەمەش ڕەچەڵەکی یەکتاپەرستانیان بۆ تێکەڵەیەك لە ڕەگەز فارس، هند، خاچپەرست وعەرەب وزۆرێکیتر گەڕاندووەتەوە. وە یەکتاپەرستان بۆیە شووناسی عەرەبیی خۆیان دەردەخەن، لەبەرئەوەی ناچارن وکەمینەیەکن لەناو زۆرینەیەکی عەرەبدا." [1]

گەر، زۆرینەی نووسەرانی دەرزی باس لە ڕەگەزی عەرەبیی خۆیان بکەن، هەروەها تیرە وخێڵەکانی بەنی ڕەبیعە ولەخم وتەننوخ وزۆرێکیتر بە پێشینەی خۆیان بزانن، هەروەها وەهای لە قەڵەم بدەن کە "عەرەبی پالأوتەن" وە لە نیوەدورگەی عەرەبییەوە گەیشتوونەتە شام ولوبنان، ئەدی ئەی چی بەو نووسەرانە دەڵێن کە بنەماڵە وخێزانە کوردەکانی نێو یەکتاپەرستانی دەرزی پۆڵێن وهەژمار دەکەن؟ ئەمە بێجگەلەوەی ئەمڕۆ بەشێك لەو بنەماڵە کوردییانە، پێگە وقورسایی ورۆڵێکی سیاسی کاریگەر وبەرچاو لە لوبنان دەگێڕن.

نووسەری کورد، (د. محەمەد عەلی سوێرکی کوردی– د. محمد علي الصويركي الكردي)، [*] ئاماژەی بەوە دابوو کە بوونی کورد لە شام ولوبنان لەمێژەوەیە. وە ناوی بنەماڵە کوردییەکانی لوبنانی خستبووە ڕوو، کە (ئەییوبییەکان، مەعنییەکان– آل معن، جانبولادەکان– گیانپۆلاکان، مەراعیبەکان، عیمادییەکان، فەزڵییەکان– آل الفضل، نەسروڵلاکان، ئەبی لوتفەکان– أبي اللطف، ئەبی غانمەکان– أبي غانم، قزعۆنەکان، مەحلەمییەکان، حەمییەکان– آل حميّە، کە شیعەن، وە هەندێك بنەماڵە وخێزانیتری کوردی کە پێش شەڕی ناوخۆی لوبنانی، ژمارەیان گەیشتبووە (١٥٠– ٢٠٠) هەزار کەس، بەلأم ئێستا نزیکەی نیوەی ئەو ژمارەیە لە لوبنان بەدی دەکرێن.. [2]

توێژەرێکی کورد کە (خەلیل شەڵماشی)یە، کاتێك باس لە بنەماڵە کوردەکانی لوبنان دەکات، ئاماژە بەوە دەدات کە "کوردەکان، لە سەدەی (دوازدەی) زایینییەوە لە لوبنان نیشتەجێ بوون. سەرەتا دەبێت دەستخۆشی لە بنەماڵەی ئەییوبییەکان بکرێت، لەبەرئەوەی ئەوان پێشەنگی ئەو کۆچکردنە بوون بۆ شام. پاشان بە مەبەستی دروستکردنی هێڵێکی بەرگری، چەندین بنەماڵەی کوردیی تریان بانگێشت کردبوو بۆ نیشتەجێبوون، لە ڕۆخ وکەنارەکانی لوبنان. لەو بنەماڵە کوردیانەش: گیانپۆلاکان، سەیفاییەکان، مەراعیبەکان، عیمادەکان، مەحلەمییەکان." [3]

نابێت ئەوەش لەبیر بکەین، کە ساڵی (١١٣٩ز)، لە میانەی جەنگەکانی خاچپەرستاندا، بنەماڵەی خانەدانی ئەییوبی هاتبوونە لوبنان، ئەمەش لە ئەنجامی دروستبوونی بۆشایی لە دەسەلأتی موسوڵمانان

---

[1] نبيه القاضي: تأريخ دعوة الموحدين الدروز، مصدر سابق، ص ٧

[*] دکتۆر محەمەد عەلی سوێرکی کوردی، نووسەرێکی کوردی ئەردەنە، خەڵکی ناوچەی (سوێرەك)ە، ئەندامی یەکێتی نووسەران وئەدیبانی ئەردەنە.

[2] د. محمد علي الصويركي الكردي: الاكراد الاردنيون ودورهم في بناء الاردن الحديث، الطبعة الثانية، من منشورات (بنکەی ژین)– السليمانية، ٢٠٠٥، ص ٣٧

[3] خەلیل شەڵماشی: نەژادی کورد لە لوبنان، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، ٢٠٠٠، ل ٢٧

بووە. ئەمڕۆ، نەوەی ئەییوبییەکان لە گوندی (ڕەئس نەححاش- رأس نحّاش) لە قەزای (بەترۆن- بترون) لە باکووری لوبنان، بوونیان بەدی دەکرێت..[1]

نووسەرێك، ئاماژە بەوە دەدات کە (مەراعیبەکان) نەوەی (مورعیب- مرعب)ن، کە کوردێکی ڕەسەنی ناوچەکە بووە. بەلأم، بەلای کەسانێکیترەوە بەهەڵە، وا زانراوە ولێکدراوەتەوە کە لە بنەچەی (سەلأحەدینی ئەییوبیی- صلاح الدين الايوبي)یە. ئەمەش هەڵەیە، تەنها ئەوە نەبێت کە هەردوکیان بنەچە کوردن..[2]

نووسەرێکی دەرزی، بە ناوی (فوئاد ئیسحاق خوری- فؤاد اسحاق خوري)، * لە کتێبەکەیدا بە ناوی (أن تكون درزياً)، کە لە ماڵپەڕی (Saudi infocus)دا بلأوکرابووەوە، ئاماژەی بەو یەکێتی وهاوکارییە دابوو کە لە نێوان (عەلی پاشا جانبولاد ومیر فەخرەدینی دووەم)دا بەدیکراوە، ومایەی سەرکەوتنیان بووە بەسەر (جەبەل لوبنان- جبل لبنان)دا ونیشتەجێبوونی بنەماڵەی جانبولادەکان لە (شۆف- شوف). دیارە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندبوەوە کە ڕەچەڵەکی بنەماڵەی جانبولادەکان، واتە گیانپۆلأکان وەك ڕەچەڵەکی بنەماڵەی عیمادەکان (أل عماد) ومەعنییەکان (آل معن) وایە، کە هەموویان لە کوردەکانی موسڵ بوون..[3]

ساڵی (١٦٣٠ز)، کاتێك جانبولادەکان لە "حەڵەب" لەبەردەم شالأوی لەشکری عوسمانییەکاندا تێکدەشکێن، میر (جانبولاد کوڕی سەعید) لەگەڵ (ڕەباح)ی کوڕیدا هەلأتبوون بۆ چیاکانی لوبنان. لەوێ، میر (فەخرەدینی مەعنیی دووەم) (١٥٩٠- ١٦٣٣ز) پێشوازییەکی گەرمی لێکردبوون ودالدەی دابوون. کاتێکیش بانگەوازی یەکتاپەرستی بلأوببوەوە، پێی ڕازیببوون وببوونە یەکتاپەرست..[4] لە ڕاستیدا، چوونی "میر جانبولاد" بۆ لوبنان وهاتن بەهانایەوە لە لایەن میری مەعنییەوە، هۆکاری سەرەکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەردوو میری ناوبراو "کورد" بوون. خێڵی جانبولاد (جنبلاط)، خێڵێکی ئەریستۆکراتی ناوچەی هەکاری بوون، وەڵ زەوی وزارێکی زۆریان لە ژێر دەستدا بوو، لە خۆرئاوای کوردستاندا..[5]

بنەماڵەی گیانپۆلأکان (جانبولادەکان) کە بە ڕەچەڵەك کورد بوون، خاوەنی دەسەلأتێکی بەهێزن

---

[1] ئازاد تۆفیق خەیات: یەکتاپەرستانی دەرزی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٣- ١٧٤

[2] أديب معوض: الاكراد في لبنان وسوريا، تقديم: فلك الدين كاكه يى، الطبعة الثانية، دار آراس للطباعة و النشر- اربيل، ٢٠١٠، ص ٥١

* فوئاد ئیسحاق خوری: نووسەر وبیرمەندێکی لوبنانی بوو، ساڵی (٢٠٠٣ز) بەهۆی نەخۆشی پارکنسۆنەوە گیانی بە خاك سپارد. ناوبراو بەرهەمێکی فیکری وزانستی مەزنی لە بواری زانستە کۆمەلأیەتییەکان بەجێهێشت، ئەمە بێجگەلەوەی کەسێکی کارامە وشارەزای بواری ڕامیاری و ئابووری بوو. ئەم کەسە نووسەرە، کۆتاییەکانی ژیانی بۆ خستنەڕووی ڕاستی یەکتاپەرستانی دەرزی وبیروباوەڕە ئایینییەکان وسێریمۆنی کۆمەڵە ئایینییە جۆراوجۆرەکان خستبووە گەڕ. دوایین کتێبی ناوبراو بە ناوی (أن تكون درزيا) بوو، کە لە (دامەزراوەی کەلتووری دەرزی)ەوە دەرچوبوو، وە بە یەکێك لە کتێبە گرنگەکانی دادەنرێت.

[3] ئازاد تۆفیق خەیات: یەکتاپەرستانی دەرزی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٤- ١٧٥

[4] زيد علي سكيكر: الموحّدون عرب مسلمون.. لا دروز، مصدر سابق، ص ٩٨

[5] خەلیل شەڵماشی: نەژادی کورد لە لوبنان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧

وبەدرێژایی مێژوو توانیویانە سەرکردایەتی دەرزییەکان بکەن، بە بێئەوەی بنەماڵەیەك لە ئێستادا هەبێت بتوانێت شان بدات لە شانیان. هەر ئەوەش وایکردبوو، کە لە شەڕی ناوخۆی لوبناندا (١٩٧٥- ١٩٩٠ز) کوردەکان لەپاڵ ئەواندا هەست بە ئارامی بکەن وبە ئاسوودەیی ژیان بگوزەرێنن، زیاتر لەوەی لەگەڵ پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانیتری نێوخۆی لوبناندا. هەرچەندە، کەمینەیەك لە کوردەکانی لوبنان چووبوونە پاڵ عەرەبە سوننەکان، بەڵام دواجار بۆیان دەرکەوتبووکە وەکی ئەندام یان هاوڵاتییەکی "پلە دوو" سەیر دەکرێن، ئەوەش تەنها لە بەرئەوەی ئەوان "عەرەب" نەبوون..[١]

کەواتە، "لە نێوخۆی کۆمەڵگای لوبنانیدا، توێژێك بنەماڵەی کورد هەن، توانیویانە ڕۆڵێکی گرنگ لە دروستکردن وبونیادنانی مێژووی لوبناندا بگێڕن." [٢] مێژوو، ئەوەشی سەلماندووە کە سەرکردەی سەربازیی کورد "سەلاحەدینی ئەییوبی،" دوای ئەوەی زۆربەی ناوچەکانی شام ومیسر ویەمەن وباکووری ڕۆژهەڵاتی کیشوەری ئەفریقای گرتووەتە دەست، توانیویەتی لەشکرێکی زۆر بەهێز لە یەکتاپەرستانی دەرزی پێکبهێنێت. ئەمەش، لە ڕێگەی ئەو بنەماڵە کوردییانەی پێشتر سەرکردەی ناوبراو بانگهێشتی کردبوون، بۆ نیشتەجێبوون لە ناوچەکانی شام وڕۆخی دەریای لوبنان، هەر لە جانبولادەکان وعیمادییەکان وسەیفاییەکان و.....هتد، ئەمەش وەك دروستکردنی بەربەستێك لەبەردەم شاڵاوی خاچپەرستانی ڕۆژئاوادا. هۆکاری ئاسان پێکهێنانی ئەم لەشکرە گەورەیەش، دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەری ئیتنی، لەبەرئەوەی نەژادی سەرکردەی ناوبراو وبنەماڵە ناوبراوەکان یەك شت بوون، ئەویش ئەوەیە کە "کوردی پاڵاوتە بوون." [٣]

ئاخۆ، ئەو نووسەرانەی باس لە نەژادی یەکتاپەرستانی دەرزی وەك عەرەبی پاڵاوتە دەکەن، ئێستاکە بەم داتا ودۆکۆمێنت وڕاستییانە دەڵێن چی؟ ئایا، هەر سوورن لەسەر قسەی خۆیان؟ ئێمە هەرگیز ناتوانین بڵێین دەرزییەکان تێکڕا بنەماڵەی کوردن، هەروەك چۆن ناکرێت بوترێت تێکڕا بنەماڵەی عەرەبن. ئەمەش، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە ئەوان "گروپێکی ئایینیی فرەنەتەوەن." بەهیچ شێوەیەك تێکڕای دەرزییەکان عەرەب یاخود خاوەن یەك نەژاد نین، بەڵکو فرەڕەگەز وفرەکلتوور وفرەئەدگارن، هەرچەندە ئەمڕۆکە ئەوان خاوەنی کلتوورێکی چەشەکراو بە ئایینزایەکی تایبەت بەخۆیانن، کە ئەوپەڕی شانازی پێوە دەکەن. نووسەرێك، ئاماژەی بەوە دابوو کە "دوو وەچە" یەك لەدوای یەك، لە حوکمڕانیکردنی میرنشینی (جەبەل لوبنان- جبل لبنان)دا بەشدار بوون، یەکەمیان وەچەی "مەعنییەکان" بووە کە دەرزین وڕەگەز کوردن. ئەوی دی، وەچەی "شەهابییەکان"ە کە موسوڵمانی سوننی وڕەگەز عەرەبن، هەرچەندە لە سەردەمانێکیتردا، چەند میرێکیان بوونە مەسیحی.. [٤]

---

[١] دیڤید مکدویل: تأریخ الاکراد الحدیث، ت: راج آل محمد، الطبعة الاولی، دار الفارابي- بیروت، لبنان، ٢٠٠٤، ص ٧٢١

[٢] صلاح عصام ابوشقرا: کورد گەلی مەینەتییەکان، و: جاسم محەمەد محەمەد عەلی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان- سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٥، ل ٤٣

[٣] خەلیل شەڵماشی: نەژادی کورد لە لوبنان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧

[٤] الدکتور عصام سلیمان: الفدرالیة والمجتمعات التعددیة ولبنان،الطبعة الاولی، دار العلم للملایین- بیروت، لبنان، کانون الثاني/ ینایر ١٩٩١، ص ٧٦

کەواتە، نووسەرانی ئێستا وپێشووی دەرزییەکان، ئەو هەقیقەتەش باش دەزانن کە هەردەم دەبێت ودەبوو جەخت لەسەر "شووناسی ئیسلامی ونەژاد عەرەبیی" خۆیان بکەن وبکردایە. گەر ئەو کارە نەکەن، ئەوا بەر دژوارترین شالاوی بێبەزەییانەی ناسیۆنالیزم وفەندەمێنتالیزمی عەرەبی وفیکری ئیسلامگەرایی ئەوان دەبنەوە ودەبوونەوە. ئەو ئاماژە پێدانەی نووسەرانیان، دوورە لە ڕاستییەوە کە پێشتر ئاماژەی پێدرا، ئەوەتا نووسەرێکی دەرزی، هەر خۆی دان بەو هەقیقەتەدا دەنێت ولەوبارەیەوە فەتوایەکی (ئیبن تەیمییە– ابن تیمیە) ئاماژە پێدەدات، کە وتوویەتی: "دەرزییەکان ونوسەیرییەکان ئیسلام نین، لە نەسارا (نصاری) پلەیەك کەمترن، وپێویستە لەناوببرێن." [1]

ماوەتەوە ئەوەی کە ئایا "گەر یەکتاپەرستانی دەرزی، عەرەبی پالاوتە وپەیڕەوانی ئایینی ئیسلامی پیرۆز بن، وەك خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن، ئەدی لەپای چی بەو شێوە گومڕاییە سەیر دەکرێن وفەتوایەکی وەها دەدرێت کە خوێنیان حەلاڵ بکات؟ واتە، گەر خۆشیان سووربن لەسەر ناسنامەی ئیتنیی عەرەبیی خۆیان، ئەوا بێ شك عەرەبە ڕاستەقینەکان لێیان بەشکن."

---

[1] زيد علي سكيكر: الموحّدون عرب مسلمون.. لا دروز، مصدر سابق، ص ٧٥

## ٣- چینەکانی کۆمەڵگا

وەك هەر کۆمەڵگایەکیتر، کۆمەڵگای یەکتاپەرستانی دەرزیش لە چەندین چینوتوێژی جیاجیا پێکدێت. وەك هەر کۆمەڵگایەکیتر، لە چینی کەمینە کە دەسەلأتیان لە دەستە (نخبة)، وچینی زۆرینە کە عەوامی گەلە پێکدێت. هەڵبەت، دەسەلأت لەنێو کۆمەڵگای یەکتاپەرستاندا، دابەش دەبێت بۆ دوو تەوەر، یاخود بۆ دوو بوار، ئەویش "دەسەلأتی ئایینی ودەسەلأتی دنیایی"یە، کە دوو ئاڕاستەی جیاوازن. هەرچەندە، دەسەلأتی دنیەوی بەرز وپیرۆز سەیری دەسەلأتی دینی دەکات.

کۆمەڵگای یەکتاپەرستانی دەرزی، بەسەر ولأتانی لوبنان وسوریا وفەلەستین وئەردەندا دابەش بوون، واتە لە ناوچە جیاجیاکانی ئەم ولأتانەدا بوونێکی مێژووییان هەیە وژیان دەگوزەرێنن. ئەمە بێجگەلەوەی، چەندین پەنابەر ودوورەولأت وکۆمەڵە وڕێکخراویان لە تاراوگە، لە ولأتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وکەنەدا وبەرازیل وئوستورالیا وئەوروپا و...هتد هەیە. لەبەر قورسی ونەبوونی "پرۆسەی سەرژمێری" تایبەت بەوان، بۆیە کارێکی ئاسان نییە ئەمڕۆکە لە جیهاندا ڕێژەی تەواوەتی دانیشتوانیان بزانین، بەلأم بەگشتی ڕێژەی دانیشتوانی یەکتاپەرستانی دەرزی زۆر زیاتر لە "چارەکە ملیۆنێك" دەرزی دەخەملێنرێت لەجیهاندا، هەروەك زۆرێك لە سەرچاوەکان ئاماژەی پێدەدەن.

لە ڕووی ئایینییەوە وبەگشتی، ستراکتووری کۆمەلأیەتی کۆمەڵگای یەکتاپەرستانی دەرزی، دابەش بووە بۆ دوو بەش: (عوقال- عقال) واتە جەمام وە (جەهال- جهال) واتە نەزان. بەشی یەکەم، واتە (عقال)، ئەوانەن کە بە پیاوانی ئایینیی لە قەڵەم دەدرێن وترۆپك ودەستەبژێر (نخبە)ی ئایینیی کۆمەڵگان، هەموو نهێنییەکانی ئاینزاکەیان لەلای ئەمان چڕ بووەتەوە. ئەمانە، کۆڵەکەی ئەم سێکت (طائفة)ەن، وە دوو سەرۆکی ئایینییان هەیە کە بە "شێخانی عوقال- شيخي العقال) ناسراون، ئەمانە گشت بڕیارە ئایینییەکانیان بەدەستە.[١] هەرچی بەشی دووەمە، ئەوانەن کە سەرقاڵی کاری سیاسی وئیداری وبازرگانی وکاروباری ڕۆژانەی خۆیانن، کە دەشێت بە پاڵفتەی پیاوانی دەوڵەت وپیشەوەران وبازرگان وفەرمانبەران ومامۆستایان وزۆرێکیتر لەقەڵەم بدرێن، یان ڕاستتر وایە بڵێین ئەوانەی سەر بە دامەزراوەی ئایینیی نین، یاخود سەرقاڵی کاروباری ئایینیی نین، دەشێت جگەرە بکێشن وبخۆنەوە. دەکرێت ئەمانە ببنە چینی (عقال)، بەلأم پاش تاقیکردنەوەیەکی توانا پڕوکێنی دوورودرێژ، کە تیایدا ڕۆح وخۆزگەکان پاکژ دەبنەوە..[٢] لە ڕاستیدا، ئەم توێژەی کۆمەڵگا، نابێت بچنە شوێنە پیرۆزەکان وخەڵوەتەکانەوە، تەنها ڕۆژانی جەژن وبۆنە پیرۆزەکان نەبێت.

---

[١] من هم الدروز؟: منتديات أهل البيت، ١٧/ ١٠/ ٢٠٠٤ www.ahl-ul-bait.org

[٢] د. محمد كامل حسين: طائفة الدروز تأريخها وعقائدها، مصدر سابق، ص ٣٦

دیاره چینی یەکەم، واتە (عقال)، دابەش دەبن یاخود پۆلێن دەکرێن بۆ سێ بەش: (ڕوئەسا– رؤساء)، (عوقەلا– عقلاء)، (ئەجاوید– أجاوید).[1] ئەمانە تێکڕا سەرقاڵی کاروباری ئایینی وسرووتە ئایینییەکانن، بڕیارە ئایینییەکان لەلای ئەمانەوە دەردەچێت، واتە وەکی دامەزراوەیەکی ئایینیی نێو کۆمەڵگا وان. بە درێژایی مێژوو، نەوە لەدوای نەوە، ئەمان هەڵگری "نهێنیەکانی" یەکتاپەرستان بوون. دیارە کەسانی (عقال)، ڕاستەوخۆ بە مێزەرە (عمامە) سپی وکەوا (قباء) شینە تۆخەکەیان وجلوبەرگە ڕەشەکەیان وریشە درێژەکەیاندا دەناسرێنەوە..[2] ئەم کەسایەتییانە، نابێت هەموو کارێك بکەن، بگرە نابێت پارەوپوولیش لە میری وەربگرن، هەرچەندە لەلایەن حکومەتەوە موچەیان بۆ تەرخان کراوە. عوقالەکان، بژێوی ژیانیان لەسەر کۆمەك وهاریکاری یەکتاپەرستان وباوەڕدارانە، واتە دەستگیرۆیی دەکرێن. کەواتە بە گشتی، پێکهاتەی کۆمەلأیەتی کۆمەڵگای یەکتاپەرستانی دەرزی، دابەش دەبێت بۆ دوو چینی سەرەکی، ئەویش: چینی (ڕۆحانییەکان– روحانیین) واتە (عقال)، وچینی (جەستەییەکان– جثمانیین) واتە (جهال)..[3] بەمانایەکیتر، دەکرێت بە شێوەیەکیتر لێکچواندنێکان بۆ بکرێت وەك چینی باوەڕداران وچینی عەلمانییەکان..

لە ڕاستیدا، هەموو شەوی پێنجشەممەیەك، عوقالەکان لە بینای (ئەنجومەن– مجلس) لەگەڵ باوەڕداراندا کۆدەبنەوە، کە خانە (بینا)یەکی باوەڕدارانی یەکتاپەرستانە وشوێنی نوێژ وخواپەرستی وکۆبوونەوەی ئەوانە. وەنەبێت خانەی ئەنجومەن، تەنها تایبەت بێت بە خواپەرستی و(سێریمۆن– طقوس)ی ئایینیی، یاخود ئامادەبوون لەوێ کارێکی زۆرەملێ بێت. یەکتاپەرست لەهەر شوێنێك بێت، دەتوانێت نوێژ وخواپەرستی خۆی بکات، گرنگ ئەو ڕێگا ئایینی وڕۆحە پاکژەیە کە هەیەتی..[4]

هەموو (ئەنجومەنێك)، کەسێکی بۆ نوێژ تەرخان کردووە کە پێیدەوترێت (سایس)، وە کە دەکرێت وەکی بەڕێوەبەر یان سەرکار سەیر بکرێت. ئەم کەسە، سەرۆکاری ئەو نوێژە دەکات کە بە سێ قۆناغدا تێدەپەڕێت. قۆناغی یەکەم: خوێندنەوەی پێشەکییەکانە، کە ئامادەبوون بۆ گشت دەرزییەکانە، قۆناغی دووەم: خوێندنەوەی هەڵبژاردە ئایینییەکانە، کە دەبێت تەنها بەشێك لە عوقالەکان ئامادەی بن. دوا قۆناغ: دیراسەکردنێکی فەلسەفی وقووڵە، کە تایبەتە بە شرۆڤەکردن ولێکدانەوە (تأویل)ی بیروباوەڕی یەکتاپەرستی، لێرەدا تەنها گەورە عوقال ئامادە دەبێت. بێجگەلە دانیشتنەکانی ئەنجومەن، دەکرێت کەسێکی یەکتاپەرست خۆی تەرخان بکات بۆ سێریمۆن وبیروباوەڕە ئایینییەکەی، وە دابڕانێکی

---

[1] الدروز: منتديات يا حسين، ١٥/ ١٠/ ٢٠٠٦ www.yahosein.com

[2] عباس الحلبي: الموحدون الدروز ثقافة وتاريخ ورسالة، الطبعة الاولى، دار النهار للنشر– بيروت، لبنان، شباط، ٢٠٠٨، ص ٧٩

[3] ئازاد تۆفیق خەیات: یەکتاپەرستانی دەرزی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٤

[4] عباس الحلبي: الموحدون الدروز ثقافة وتاريخ ورسالة، مصدر سابق، ص ٧٨

تەواو هەڵبژێرێت بۆخۆی، بەوەی بچێتە خەڵوەت (خلوة)ەوە، کە ژوورێکی سادە وساکاری تایبەت بە خودا پەرستییە..[1] هەرچەندە، خەڵوەت هەمان کاری دەستەجەمعی خوداپەرستیشی تێدا دەکرێت.

شێخی عەقلی دەرزییەکان، و(ئەندامانی ئەنجومەنی ئایینزایی– أعضاء المجلس المذهبي)، ئەمانە لەلایەن تێکڕای نێرینەی دەرزییەکانەوە هەڵبژێردراون، ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە بەپێی (یاسای هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرایەتی– قانون انتخاب أعضاء المجلس النيابي)، (مادده "٥" لە یاسای ١٣/ تەمموز/ ١٩٦٢ز). ئەم ئەنجومەنە ئایینزایەی یەکتاپەرستانی دەرزی، کاروباری زەمەنی ودارایی ئەوان لەخۆ دەگرێت..[2] دەکرێت، میکانیزمی ئەم هەڵبژاردنەی ئەنجومەنی ناوبراو، لەلایەن تێکڕای نێرینەی یەکتاپەرستانەوە، بەراوردکارییەکی لەبۆ بکرێت، لەگەڵ ئەو هەڵبژاردنانەی ئەنجومەنەکانی نێو کۆمەڵگای گریکی، بەتایبەت کۆمەڵگای ئەتینی، کە تەنها کەسە ئەتینییە نێرینە ئازادەکان بۆیان هەبوو ئەو کارە بکەن، یاخود مافی بەشداری هەڵبژاردن وسیاسییان هەبوو..

کۆی هەموو ئەم وتانە، ئاماژەدانە بەوەی کە یەکتاپەرستانی دەرزی وەك کۆمەڵگا، تەواو تێکەڵ بوون بە خوداپەرستی وبەجێگەیاندنی کاروباری ئایینی وسێریمۆنە ئایینییەکانی تایبەت بە خۆیان، ئەمەش وایکردووە کە خوداپەرستی ویەکتاپەرستی، ببێتە شووناسێکی نەتەوەیی لێکدانەبڕاو..

دیارە لە ڕووی کۆمەلأیەتییەوە، کۆمەڵگای یەکتاپەرستی دەرزی سیستمی دەرەبەگایەتی ئایینیی تێدا پەیڕەو دەکرێت، ئەمەش داکەوتێکە چەندین سەدەیە پەیڕەو دەکرێت. هەموو گوندێك، گوێڕایەڵی شێخی گوندە، واتە ئەوشێخەی کە میر دەستنیشانی کردووە. تێکڕای شێخانیش، ملکەچی ئەو میرانەن کە میراتگری میرنشینەکانیانن. لەبەرئەوە، لە دێرزەمانەوە وئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، دەرزییەکان هەموو جۆرە ملکەچبوونێکیان ڕەت کردووەتەوە، تەنها ملکەچبوون بۆ شێخانیان نەبێت. لەوەش زیاتر، ئەوەیە کە دان نانێن بە هیچ دەسەلأتێکدا، تەنها دەسەلأتی میرەکانیان نەبێت..[3]

ئەوان، زۆر شانازی بە ئازایەتی ونەبەردی خۆیانەوە دەکەن, وە بڕوابوونێکی تەواویان بە نرڤانا (پۆشاك پۆشی– تقمص)، وگەڕانەوە بۆ ژیان بۆ جاری دووەم پاش مردن وبگرە بە شێوەیەکی باشتریش، هەموو ئەمانە وای لە تاکی یەکتاپەرستی دەرزی کردووە، کە لە پێناو نیشتمانیدا گیانی بسپێرێت وبە هیچ شێوەیەك گوێ بە مردن نەدات..[4]

لە نێو کۆمەڵگای یەکتاپەرستاندا، زۆر ڕێز لە کەسانی پیر دەگیرێت، بە شێوەیەك کە بەڕێز وحورمەتەوە دەدوێنرێن وتەماشا دەکرێن. شتێکی حاشا هەڵنەگرە، کە کۆمەڵگاکەیان، زۆر ڕێزیش لە

---

[1] اللواء حسن صادق: جذور الفتنة في الفرق الاسلامية منذ عهد الرسول حتى اغتيال السادات، الطبعة الرابعة، عربية للطباعة و النشر– القاهرة، مصر، ٢٠٠٢، ص ١٢٤

[2] الدكتور عصام سليمان: الفدرالية و المجتمعات التعددية ولبنان، مصدر سابق، ص ١٧٦

[3] الدروز: شبكة الراصد نت، سلسلة الكترونية شهرية متخصصة بشؤون الفرق من منظور أهل السنة، ٣٠/ ٨/ ٢٠٠٧، www.alrased.net

[4] الجنرال اندريا: ثورة الدروز وتمرد دمشق، ت: حافظ أبومصلح، الطبعة الاولى، المكتبة الحديثة للطباعة و النشر– بيروت، لبنان، ١٩٧١، ص ٦١

ئافرەت دەگرێت، ئەم ڕێزگرتنەش لە نێو کۆمەڵگاوە شۆڕبووەتە خوارەوە، بۆ نێو خێزانەکان. ئافرەتانی دەرزی، قورسایی خۆیانیان هەیە، وگوێ لە قسەیان دەگیرێت. جیاوازی نییە لە نێو ژن وپیاودا، ئەوانیش وەکی پیاوان دابەش دەبن بۆ دوو توێژ، (عاقل وجاهل). ئافرەتیان، سەروقژی بە سەرپۆشێکی سپی پان دادەپۆشێت، بە شێوەیەك کە بە سەریدا شۆڕ دەبێتەوە، تاوەکو ئاستی پشتیان. هەروەها، پەچە (نقاب) دەدەن بە سەریاندا وبەرگێکی تایبەت دەپۆشن، کە بە(سایە– صایة) ناودەبرێت..[١]

لە کۆتاییدا، ماوەتەوە سەر ئەوەی بڵێین، کۆمەڵگای یەکتاپەرستانی دەرزی، لەگەڵئەوەی چەندین چینوتوێژی جیاجیای لەخۆ گرتووە وبەسەر دوو باڵی ڕۆحانی وجەستەییدا دابەش بووە، بەلاّم تا ڕادەیەکی زۆر، تەبا وتۆکمە ولێکدانەبڕاون. جا هۆکاری ئەو تۆکمەییە، فاکتەری ئایینی بێت یاخود ئیتنی وە یان هەر هۆکارێکی دی، گرنگ ئەوەیە ئەو تۆکمەیی وتەباییە مێژووییە، بووەتە گەرەنتی مانەوەیان وبەرگەگرتن وبەرەنگار بوونەوەیان، بەرانبەر گشت پیلان ودەستێوەردانێکی دەرەکی وڕقوکینەیەکەی توندڕەو. بە هیچ جۆرێکیش ڕاست نییە، کە گوایە ئەوان کۆمەڵگایەکی داخراوی دۆگمایان هەیە و ئارەزووی تێکەڵبوون بە جیهانی دەرەکی ناکەن وخوازیاری هیچ پێشکەوتنێك نین.

دیارە ئایینزای یەکتاپەرستانی دەرزی، وێڕای ئەوەی گروپێکی نهێنگری ناوەخنداره (باطن)، ونەدرکاندنی ڕاستییەکان داکەوتی جڤاتەکەیانە، وە تێکڕای بیروباوەڕەکانیان لە ئیسماعیلییەکانەوە وەرگرتووە وکار لەسەر تێکەڵکردنی ئایین وفەلسەفە دەکەن، هەروەها لەگەڵ نەبوونی زانیاری تەواو دەربارەیان. بەلاّم، دیارە هەموو ئەمانە هەویرێکی ئامادەکراوی بۆ کەسانێکی بێویژدان وعەقڵە داخراوەکان وشۆڤێنییەکان وناسیۆنالیزمە توندڕەوەکان وکەسانی فەندەمێنتاڵ ئامادە کردووە، کە بە ئارەزووی خۆیان بوختان وقسەی نابەجێ وهەڵبەستراوی لێدروست بکەن..

---

[١] طريقة الدروز في تعليم ديانتهم: موقع الدّرر السنية، مرجع علمي موثق على منهج أهل السنة و الجماعة، www.dorar.net

## ٤- ئەرکە ئایینییەکان

گەر یەکتاپەرستانی دەرزی، کۆمەڵێکی مرۆیی چەشەکراو بە ئایینزایەك بن، هەڵبەت لە ڕووی ئایینزاکەوە دەبێت خاوەنی چەندین ئەرك وپرەنسیپ وسێریمۆن (طقوس)ی ئایینیش بن. لە ڕاستیدا، ئەوان لەمێژەوە پەیڕەوی چەند ئەرکێکی ئایینیی پەیوەستدار دەکەن، کە مۆرکێکی تایبەت بە خۆیانی وەرگرتووە، تا ڕادەیەك جیاواز لە گروپ وکۆمەڵە ئایینییەکانیتر.

لە ئایینزای یەکتاپەرستاندا، دوابەدوای بڕیاردان لەسەر تاك وتەنیایی خودا (وحدانية الله)، "یەکتاپەرستی دەرزی" دەبێت پەیوەست بێت (یلتزم) بە ئەرکە ئایینییەکانەوە، کە بە حەوت ڕاسپاردەکە (الوصايا السبعه) ناسراوە. وە کە بریتین لە:

١- ڕاستگۆیی (صدق اللسان)

٢- پاراستنی برایەتی (حفظ الاخوان)

٣- وازهێنان لە پەرستنی نەبوون وبوختان (ترك عبادة العدم والبهتان)

٤- بێبەریبوون لە شەیتانەکان وستەمکاران (البراءة من الابالسة والطغيان)

٥- باوەڕبوون بە یەکخوایی لە هەمووسەردەم وکاتەکاندا (التوحيد لمولانا في كل عصر وزمان)

٦- ڕازیبوون بە کردەوەکانی خودا هەرچۆنێك بن (الرضى بفعل مولانا كيفما كان)

٧- ملکەچبوون بۆ فەرمانی خودا لە نهێنی وبەلاَکاندا (التسليم لامر مولانا في السر والحدثان)

وەك ئاشکرایە، ئەو پەیماننامەیە (میثاق)ەی کە کەسێکی باوەڕدار، بە هۆیەوە بە بیروباوەڕی یەکتاپەرستی پەیوەست دەبوو، جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە دەبوو "باوەڕدار" کەسێکی ژیر وجەستە تەندروست بێت. بە هیچ شێوەیەك، نەدەبوو کۆیلەی کەس بوایە، بەڵکو دەبوایە کەسێکی هۆشمەند وسەربەخۆ وخاوەن ئیرادە بوایە، وئەم کارەشی بە خواستی خۆی بکردایە. هەربۆیە، لەسەر تاکی یەکتاپەرستان سەپێنرابوو کە دوور بێت لە کۆیلایەتی وفرەژنی..[1]

ئەوەی ئاماژەی پێدرا، جەختکردن بوو لەسەر کەسێتی ئازاد وخاوەن ئیرادە، واتە "ئیرادە" دەبووە یەکلاکەرەوەی ئەگەرەکان. بە دیویێکیتردا، ئەم وتەیە ئەوە دەگەیەنێت کە یەکتاپەرست وەك هاولاَتی ئازاد، مامەڵە لەگەڵ ئایینزاکەیدا دەکات. دەشێت فەلسەفەی ئەم وتەیە، لەگەڵ فەلسەفەی "هاولاَتی ئازاد"ی کۆماری پلاتۆ وشاری چاکەکار (المدينة الفاضلة)ی گریکەکاندا هاوڕا بێت، لەبەرئەوەی گشتیان باس لە کەسایەتی خاوەن ئیرادە و ئازادی وچاکەکاری دەکەن. ئەمە، بێجگەلەوەی جەختکردنیشە لەسەر مافی ئافرەت وڕێزگرتن لە پێگەی ئافرەت لەخۆ دەگرێت..

یەکتاپەرستان، ئاماژە بەوە دەکەن کە "بڕیاردان لەسەر بوون وتاك وتەنیایی خودا، ئەو بوونەی کە هیچ بوونێکیتر بوونی نییە بێجگەلە بوونی ئەو، ئەرکێکە لەسەر شانی تێکڕای یەکتاپەرستان.

---

[1] موحدون دروز: من ويكيبيديا، الموسوعة الحرة، ١٥/ ١٠/ ٢٠٠٦ ar.wikipedia.org

**یەکتاپەرستیی ڕاستەقینە، پاککردنەوەی پەروەردگارە لەو ڕووەوە کە یەکە وتاکە، کۆتایی وکەسی نییە. ئەمەش بوونی ڕاستەقینەیە و ئامادەبوونی تەنیایە ودۆزەرەوەی هەموو شتێکە." هەروەها، ئاماژە بەوەش دەدەن کە "خودا لە تاك وتەنیاییەکەیدا خێر وچاکەیەکی پوختە. وەڵێ، هەموو ئەوانەی لەوەوە دەردەچێت، ئەوە بە ئیرادەی خۆیەتی وهەقیقەتیشە. ملکەچبوون بەری ڕازیبوونە، وە بە ملکەچبوون بۆ فەرمانەکانی خودا، مرۆڤی باوەڕدار درك بەوە دەکات کە لە فەرمانڕەوایەتی خودادایە، بەمەش ئەو مرۆڤە بە کامەرانی ڕاستەقینە دەگات." [١]**

**وێڕای ئەوەی، ئاماژەدان و وتەکانی سەرەوە، جۆرە دەربڕینێکی فەلسەفی لەخۆ دەگرن، دەکرێت ئەو حەمکە دێرانە، لێکدانەوەیەکی فەلسەفیانەیان بۆ بکرێت ولەگەڵ بۆچوونە فەلسەفییەکانیتردا، هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت. بۆ نموونە، دەکرێت لەگەڵ بۆچوونەکانی "ژان ژاك ڕۆسۆ،" [*] دەربارەی "ئیرادەی گشتی" بەراورد بکرێن، کە پێیوایە تاکەکان پێویستە ملکەچی ئیرادەی گشتی یان ویستی گەل بن، لەبەرئەوەی لە بەرژەوەندی خۆیانە. واتە، کاتێك تاکەکان هەست بەوە دەکەن کە ملکەچی ئیرادەیەکی باڵاترن لە ئیرادەی خۆیان کە ویستی گشتییە، ئیدی هەست بە بوون وئازادی ودڵخۆشی دەکەن، ئەمەش بەرژەوەندی ئەوان بەرجەستە دەکات. واتە، "بۆئەوەی مرۆڤ چاکەکار وبەڕەوشت وئازاد بێت، ئەوا نابێت ویستی تایبەتی هەبێت، بەڵکو تەنها دەبێت ویستی گشتی هەبێت." [٢]**

**ڕۆسۆ پێیوا بوو، هەمیشە ئیرادەی زۆرینە گوزارشتە لە ئیرادەی گشتی، کە بریتییە لە ئیرادەی مرۆڤ کاتێك خۆی لە هەمووخۆپەرستی وحەز وئارەزوویەکی تایبەتیی دامالێبێت. ئیرادەی گشتی، ئیرادەی مرۆڤەکانە وەك بوونەوەرێکی مۆراڵی، کە مەبەستی بەرژەوەندی گشتییە، بەو پێیەی ئەو ئیرادەیە مەبەستی تەنها بەرژەوەندی گشتییە، وە دوورە لە بەرژەوەندی کەسێتی ومیللەتیش خاوەنی ئەو ئیرادەیەیە. [٣]**

---

**[١] موحدون دروز: من ویکیبیدیا، الموسوعة الحرة، ١٥/ ١٠/ ٢٠٠٦ ar.wikipedia.org**

**[*] ژان ژاك ڕۆسۆ: (١٧١٢– ١٧٧٨): لە شاری (ژنێڤ) لە سویسرا لەدایك بووە، لە بنەماڵەیەکی فەرەنسی پرۆتستانت مەزهەب هاتووەتە دنیاوە. باوکی پیشەی سەعاتچی بووە، هەر لە منداڵییەوە ژیانی پڕ نەهامەتی بووە. هەفتەی دوای لەدایکبوونی، دایکی دەمرێت وپووری دەیگرێتە خۆی. سەرەتای تەمەنی بە پیشەی هەڵکۆڵین دەستپێکرد، بەڵام لە تەمەنی شازدەساڵیدا ڕوو دەکاتە ئیتالیا، ساڵی (١٧٤١ز) دەچێتە پاریس، پاش ماوەیەك ئەوێش جێدێڵێ وڕوو دەکاتە ڤینیسیا ودەبێتە نووسەری باڵیۆزی فەرەنسا. لە تەمەنی (٣٣) ساڵیدا دەگەڕێتەوە پاریس ولەوێ خێزان دروست دەکات، بەڵام بەهۆی هەژاری ودەست کورتییەوە منداڵەکانی دەنێرێتە هەتیوخانە. لەم قۆناغەدا زۆر سەردانی فەیلەسوفەکان دەکات، بەتایبەت (دیدرۆ). ساڵی(١٧٦٢ز) دوو کتێب بڵاو دەکاتەوە: (پەیمانی کۆمەڵایەتی، ئەمیل)، لەسەر نووسینی (ئەمیل) ڕەخنەیەکی زۆری ئاڕاستە کرا لەلایەن باوەڕداران وفەیلەسوفانەوە. ناوبراو، بەر لە شۆڕشی فەرەنسی بە دە ساڵ، کۆچی دوایی کردووە.**

**[٢] کاوە جەلال: ژان. ژاك ڕۆسۆ، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر وهۆشیاری (ی.ن.ك)– سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٨٤**

**[٣] د.موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لە ماکیاڤیلیەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٢٠٤**

بەرلەوەی بابەتێکیتر ڕاڤە بکەین، باشتروایە ئاماژە بدەین بە خاڵە لێکچووەکان وجیاوازەکان یان پێچەوانەکانی ئەو دوو بابەتەی ئاماژەمان پێدا. لایەنی جیاواز، ئەوەیە کە پرەنسیپەکان وئەرکە ئایینییەکانی یەکتاپەرستانی دەرزی، چوارچێوەیەکی ڕۆحانیی لاهوتی هەیە. ئەمە لە کاتێکدایە، کە بۆچوونە فەلسەفییەکانی ڕۆسۆ، چوارچێوەیەکی فەلسەفی ماتریاڵی هەیە. یەکتاپەرستان،"خودای بەخشندە ومیهرەبان" بە خاوەن ئیرادە، یان خاوەنی ئیرادەی گشتی لە قەڵەم دەدەن، بەڵام ڕۆسۆ "میللەت" بە خاوەنی ئەو ئیرادە گشتییە دەزانێت. ئاشکرایە، کە خاڵە لێکچووەکانیش، لەوەدا یەکدەگرنەوە کە هەردوولا باس لە ئیرادە وبەرژەوەندی گشتی وچاکە وهەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی خۆشنوودی دەکەن، ئەمە و وەلانانی بەرژەوەندی تاکەکەسی، وە فەرامۆشکردن یان بێبایەخکردنی ئیرادەی تاکەکەس، هەروەها فەراهەمکردنی "کامەرانی" لە ملکەچبوونی گشتیدا چاوەڕێ دەکەن. یاخود باشتر وایە بڵێین: بە ملکەچبوونی تاکەکان بۆ ئیرادەی گشتی (کە بە پەروەردگار یان میللەت وێنا کراوە)، هەست بە کامەرانی وبوون ودڵنیایی دەکرێت..

## فەلسەفە وبیروباوەڕ

### أ- بناغەی فەلسەفییان

گەر "فیساگۆراس،" * یەکەم کەس بووبێت وشەی فەیلەسوفی داهێنابێت، ئەوا "سوکرات" * یش، یەکەم کەس بووە فەلسەفەی لە ئاسمانەوە هێناوەتە سەر زەوی..[١]

هەژیی گۆتنە، وشەی "فەلسەفە" لە دوو بڕگە پێکدێت، کە یەکەمیان: (فیلۆ philo)یە بە مانای "حەزکردن،" وە دووەمیان: (سۆفیا sophya)یە بە مانای "دانایی." جا ئەگەر، هەردوو بڕگەکە لەیەك بدەین، ئەوا "حەزکردن لە دانایی" دەبەخشێ، واتە ئەو کەسەی ئارەزوومەندی داناییە، کە دەتوانین ناوزەدی بکەین بە"فەیلەسوف."

بەهەر شێوەیەك بێت، گرنگ ئەوەیە "فەلسەفە" لەنێو فەرهەنگی یەکتاپەرستانی دەرزیدا جێپێی خۆیی کردووەتەوە. واتە، ئەوان خوازیاری داناییین، ئەو داناییەی لە فەیلەسوفە دێرینەکانی گریکەکانەوە داکەوتووە. هەربۆیە، فیساگۆراس وسوکرات وپلاتۆ وئەرستۆ وئەوانی دی، بە ڕابەرانی ڕۆحیی خۆیان دەزانن. پێشتر، ئاماژە بەوە درا کە یەکتاپەرستان بڕوایەکی تەواویان بە دۆناودۆن ونرڤانا و ئاوێتەبوون هەیە، هەروەها بەلایانەوە "پاداشت وسزا" بە گواستنەوەی ڕۆحە لە لاشەی خاوەنەکەی بۆ جەستەی کەسێکی بەختەوەر یان سەرەڕۆ. دیارە، ئەمەش پێچەوانەی پرەنسیپی بەهەشت ودۆزەخ وسزا

---

* فیساگۆراس: لە ساڵی (٥٧٠ پ ز) لەدایك بووە، تا ساڵی (٤٩٧پ ز) ژیاوە. ڕەنگە هەرە بەناوبانگترین فەیلەسوفی پێش سوکرات فیساگۆراس بێت. ئەم لە شاری (ساموس) لەدایك بووە، دورگەیەکە بەرامبەر ئەو کەنارانەی هەموو ئەو فەیلەسوفانەی لێژیاوە کە تا ئێستا باسمان کردوون. ناوبراو، خاوەنی زۆرترین بیرۆکەی بنەڕەتی نێو فەلسەفەی ڕۆژئاوایە، چەندین بیرۆکە کە بە زادەی بیری پلاتۆ ناسراون، لە ڕاستیدا هینی ئەم بوون. لەوانە، بیرۆکەی بوونی ڕێکخستنی ماتماتیکی لەم جیهانە فیزیکییەماندا.

* سوکرات: یەکەم کەڵە فەیلەسوفی یۆنانییە کە لە شاری ئەتینا لەدایك بووبێت، ئەم لە سەردەمی زێڕینی وڵاتی یۆناندا ژیاوە. دەوروبەری ساڵی (٤٧٠ پ ز) لەدایك بووە، ساڵی (٣٩٩ پ ز) کۆچی دوایی کردووە. ژنێك وسێ منداڵی لەدوای خۆی بەجێهێشتووە، لە سەردەمی گەنجێتیدا ئەو وانە فەلسەفییانەی خوێندووە کە ئەو کاتە باو بوون. سوکرات دامەزرێنەری فەلسەفەی ئاکار بووە، هەروەها خاوەنی ئەو ڕێبازەیە کە بە پرسیاری بەردەوام بۆ گەیشتن بە ڕاستەقینە هەوڵ دەدات. ناوبراو، پاش دادگایکردن، بەوە سزا درا کە کۆتایی بە ژیانی بهێنرێت بە نۆشینی جامێك ژەهر..

[١] صدیق: مدارس الفلسفة الیونانیة ومناهجها، منتدی الکراسات، ٢٧-١١-٢٠١٠ ، www.korasat.com

وپاداشتی ئەو دنیای ئایینی ئیسلامی پیرۆزە. ئەمە لە کاتێکدا، هاوشێوەی فەیلەسوفان، لەو بڕوایەدان کە "پەروەردگار" (ئاوەزی گشتی– العقل الكلّي) خوڵقاندووە، وە بە هۆیەوە (دەروونی گشتی– النفس الكلّية)ی دۆزراوەتەوە، کە لە ڕێیەوە زیندەوەران لقیان لێبووەتەوە. هەڵبەت، بە هەمان شێوە ئەم وتانەش لەگەڵ هەمان پرەنسیپی پێشوودا دژوارن.. [1]

وێڕای ئەوەی، ئەم وتە فەلسەفییانەیان لە جڤاتی (ئیخوان سەفا– اخوان الصفاء)ەوە * وەرگرتووە، دەکرێت بڵێین ئەوانیش لە فەلسەفەی شارستانییەتە دێرینەکانەوە وەریانگرتووە، بەتایبەت یۆنانییەکان، لە نێویشیاندا "پلاتۆ." * ناوبراو، وێنایەکی ئاوەزباوەڕیی ئەبستراکتی پێشکەش کرد، بەلاّم وێنایەکی "ئایدیاڵی." لەبەرئەوەی، پێشەکیترین مافی بە هزر وئاوەز وئایدیاڵ (الفكر والعقل والمثال) دابوو. پلاتۆ، جیهانی دابەش کردبوو بۆ دوو بەش، جیهانی ئایدیاڵی وجیهانی ماتریاڵی. یەکەمیان، ئەو جیهانە نموونەییە ڕاستەقینەیە، کە بەرزترین چاکەی تێدایە ودەکرێت لە ڕێگەی لێوردبوونەوەی عەقڵیی وفەلسەفە نواندنەوە (التأمّل العقلي و التفلسف) هەستی پێبکرێت. لە کاتێکدا، دووەمیان، جیهانێکی گۆڕدراو وڕێژەیی وهەستپێکراوە، واتە ئەو جیهانە واقعییەی مرۆڤەکانی تێدا دەژین، کە ڕاستەقینە نییە.. [2]

هەرچی کۆمەڵی "ئیخوان سەفا"بوو، لایەنگری فەلسەفەکانی ئەرستۆ وپلاتۆ بوون. دەربارەی، وێنە وشوێن وکات وجووڵە ومرۆڤ وچێژ و ئازار وزۆرێکیتر نووسیبوویان. هەروەها، دەربارەی سروشت وئەندازە وئەستێرەکان وتێکەڵبوونی دەنگەکان وجودابوونەوەیان و ئاواز وياساکانی موزیک قسەگەلێکیان هەبوو. ئەوان، کۆمەڵێکی ڕۆشنبیری خاوەن هزری سەردەمی خۆیان بوون. لەوەش زیاتر، جڤاتێکی شیعەی ئیسماعیلی بوون، کۆمەڵێك نامەی ئایینیی چەشەکراو بە فەلسەفەیان نووسیبوو، کە بەلای کەسانێکەوە بە یەکەمین ئینسایکلۆپیدیای جیهانی دادەنرێت. [3]

هەڵبەت، ئەوان لە ڕۆژگاری ڕابردووەوە، سەیری زانیارییە "فەرموودەیی ونێردراوەکان یان فەلسەفییەکان"یان دەکرد. وە لەبەرئەوەی ئەوان موسوڵمان بوون، وئەو زانیارییانەش لە چوارچێوەی

---

[1] من هم الدروز؟ وبماذا يعتقدون؟ وكيف هي طريقة عباداتهم؟: فارس السنّة، ١٥/ ٥/ ٢٠٠٨، fares alsunna

* ئیخوان سەفا (اخوان الصفا): کۆمەڵێکی نهێنیی ناوەکین، لە سەدەی چواری کۆچی "دەی زایینی" لە (بەسرە) دروست بوون. کاریان لەسەر بلاّوکردنەوەی بیروباوەڕی شیعەی ئیسماعیلی دەکرد، ئەمەش لە ڕێگەی کۆمەڵێك نامەی تایبەت بەخۆیان، کە بە (٥٢) نامە مەزەندە دەکرێت. ئاشکرایە کە تێکڕای نامەکانیان، دەربڕینێکی ئایینی وفەلسەفیانەی بیروباوەڕیان بووە.

* پلاتۆ (ئەفلاتون): وتەیەکی بەناوبانگ هەیە، کە گوایە هەرچی فەلسەفەی ڕۆژئاوایی هەیە، تەنها پەراوێز نووسینە بۆ نووسینەکانی پلاتۆ، چونکە نووسینەکانی زۆر بەربلاّون. پلاتۆ، نزیکەی ساڵی (٤٢٧ پ ز) لە خێزانێکی ئەتینایی ئەریستۆکراتی دێرین هاتووەتە دنیاوە ولە ساڵی (٣٤٨ پ ز) کۆچی دوایی کردووە. هاوچەرخی شەڕە کۆتاییەکانی (پلۆپۆنیز) بووە. ناوبراو، قوتابی سوکرات بووە، کاتێکیش سوکرات سزای بەسەردا دەسەپێنرێت، پلاتۆ تاوەکو نیو سەدەیتر دەژی..

[2] صديق: مدارس الفلسفة اليونانية ومناهجها، منتدى الكراسات، ٢٧–١١–٢٠١٠، www.korasat.com

[3] د. رضا العطّار: حركة اخوان الصفا وتراثها الثقافي، الحلقة ٢، Islamicbooks.info

ئاینی ئیسلامی پیرۆزدا بوون، ئەو ئاینە گشتگیرەی هەموو شتەکانی لەخۆ گرتبوو. دیارە، سەرچاوەکانیشیان، زۆرینەی پەرتووك ونووسراوە پیرۆز ونێردراوەکان، هەروەها کتێبە سروشتی وکارە زانستی وفەلسەفییەکانی فەیلەسوفان وداناکانی دێرزەمانی لەخۆ گرتبوو، ئەمە وهەزری سرووشی وویژدانیی کەسانی پاکژ..[1]

نووسەرێکی دەرزی، ئاماژەی بە سەردەمی دەرکەوتنی کۆمەڵی ئیخوان سەفا دابوو، بەوەی لەو سەردەمەدا لەگەڵ ئەوەی ژینگە بارگاوی ببوو بە جۆرێك لە گێرەشێوێنی ولەیەك نەگەیشتن، بەلاّم کۆمەڵی ناوبراو لە (بەسرە وبەغداد)، وەك کاردانەوەیەکی نارەزایی هاتبوونە گۆڕێ، کە سەرکردایەتی دەکران لەلایەن رابەر (ئەحمەد ئەلرەزی کوڕی محەمەد کوڕی ئیسماعیل کوڕی جەعفەرصادق کوڕی محەمەدباقر کوڕی عەلی زەینەلعابدین کوڕی حسێن کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تالیب– احمدالرضي بن محمد بن اسماعیل بن جعفرالصادق بن محمدالباقر بن علي زین العابدین بن حسین بن علي بن ابي طالب)، خودا لێیان رازی بێت.

لە نێو ئەم کۆمەڵە ئاینی وفەلسەفییە نوێیەدا، (ئەبوسەلمان محەمەد کوڕی نەسر ئەلبەستی– ابوسلمان محمد بن نصر البستي) ناسراو بە (مەقدیسی– المقدسي) وە (ئەبوحەسەن عەلی کوڕی هارونی زنجانی– ابوالحسن علي بن هارون الزنجاني) وە (ئەبوئەحمەدی نەهرەجوری– ابواحمد النهرجوري) وە (زەیدی کوڕی رەفاعە– زید بن رفاعة)، (ئەبی عەلائلمعەرری– ابي العلاء المعرّي)، (عەوفی– العوفي) دەرکەوتبوون. ئەمانە، (٥٢) نامەی ئاینی– فەلسەفییان نووسیبوو، لە هەموویان گرنگتر کۆنامە (رسالة الجامعە) بوو، کە باسی لە چەشەکردنی ئاوەز (عقل) بە بنەما زانستییەکان دەکرد، وە کە ئاین وفەلسەفەی لەخۆ گرتبوو.

ئاماژەی بەوەش دابوو، کە ئەو کۆمەڵەیە (تەوحید– توحید)ی راستەقینەیان راگەیاندبوو بەپێی ژیری. هەموو شێوازە ئاینییە تەفرەدراوە باوەکانیشیان رەت کردبووەوە، وە لەسەر ئەم بنەما زانستیانە ئاینزای یەکتاپەرستان بونیاد نرابوو، تاوەکو ببێتە کلاّورۆژنە بۆ بیروڕای ئیسلامی پیرۆز، وە بەپێی فەلسەفەی ژیری کار بکات، کە ئەمەش پێشتر رێچکەی گرتبوو لە ئیسماعیلییەکانەوە تا گەیشتبووە فاتیمییەکان...[2]

یەکتاپەرستان، شانازی بەوەوە دەکەن کە ئاینزاکەیان پشتی بەستووە بە فەلسەفەی یۆنانی، هیندی، فارسی، فیرعەونی ورۆمانی بۆ لێکدانەوە (تأویل)ی ئاین. ئەمەش، دەمان گەرێنێتەوە بۆ ئەوەی کە بڵێین ئیسماعیلییەکان کەسانێکی فەیلەسوف وزانای سەردەمی خۆیان بوون. وەلێ، پشتیان بە ئاینزای (ئەفلوتینی)یەکان * بۆ راڤە کردنی ناوەرۆکی دەقەکان بەستبوو، کە دواتر ببوە رێڕەوی فەلسەفی ئیخوان سەفا، پاشتریش لەوانەوە گوازرابووەوە بۆ مەغریب (مغرب)، لەوێشەوە بۆ میسری

---

[1] د. فرهاد دفتري: الاسماعیلیون في العصر الوسیط، العدد (٥٦)، ت: سیف الدین القصیر، الطبعة الاولى، دار المدى للثقافة والنشر– دمشق، سوریا، ١٩٩٩، ص ١٥٨

[2] نجیب العسراوي،: المذهب التوحیدی الدرزي ، مصدر سابق، ص٢٠

فاتیمی ونێوخۆی یەکتاپەرستان..[1]

لە ڕاستیدا، جەوهەری ئایینزای یەکتاپەرستی، باس لە خودا پەرستی ولاهوت وهاوسەنگی ئایین وفەلسەفە وژیربێژی وزانستەکانیتر دەکات. ئەوان، سەرزارەکییانە سەیری شتەکان ناکەن، دەقەکان بە ڕووکەشی ناخوێننەوە، بەڵکو ئاماژە بەوە دەدەن کە هەموو وشەیەك، مانای دەرەکی وناوەکی خۆیی هەیە. ئەوان وەك هەر تاکێکی شیعە مەزهەب، بڕوایان بەنهێنگری وناوەخنداریێتی وپاکژی دەروون وخۆپاریزی هەیە. ئەوان، زۆر بڕوایان بە ناوەڕۆکی وشە وناخی مرۆڤ وئازادی بیرکردنەوەی باوەڕداران هەیە، ئەمەش ئایدیۆلۆژیای قوتابخانەی فەلسەفی ستۆیسیزم (Stoicism) (الرواقیین)مان بیردێنێتەوە، وەك ڕێباز وئایدیۆلۆژیایەکی سیستمی دیالێکتیکی.

بە گوێرەی ئەم قوتابخانە فەلسەفییە، یاخود ڕێبازە فیکرییە، مادام مرۆڤ لە جیهانی ناوەوەی بیرکردنەوەیدا سەربەستە، ئەگەر پا ودەستیشی کۆت وزنجیر بکرێت، بیرکردنەوە وخەو وئەندێشەی داگیر ناکرێت. هیچ هێزێك نییە ئەم سەربەستییەی لێ زەوت بکات، ئەم هەلوێست وشێوازی بیرکردنەوەیەش، پێی دەوترێت (ڕەواقی)، کە پەنابردنە بەر بیر وجیهانی ناوەوەی زاتە. ڕەواقییەکان، دەستەیەك فەیلەسوفی یۆنانی بوون، سەر بە کەلتووری هێلینی، پاش ئەرستۆ پەیدا بوون. زانایەك بە ناوی (زینۆ)(٣٣٦- ٢٦٤ پ.ز) پێشەوای ئەم دەستەیە بووە. ڕەواقییەکان، سەربەستی دەبەستنەوە بە بیرەوە ولە واقعی دەرەوەی زاتی دووردەخەنەوە و تیۆری وپراکتیك لە یەکتر جودا دەکەنەوە وبایەخ بە لایەنی یەکەمیان دەدەن وکارکردن فەرامۆش دەکەن.

بەگوێرەی ئەم زانایانە، مادام مرۆڤ لە ناو زاتی خۆیدا، لە بیرکردنەوەدا بە ئەندێشە سەربەستە، کەواتە پێویست بە خەبات وتێکۆشان لە پێناوی سەربەستی ناو مێژوو یان جیهانی دەرەوەدا ناکات. ئەوەی دروست وپڕ مانا بێت، جیهانی ناوەوەی مرۆڤە. مرۆڤ ڕەش بێت یان سپی، ئاغا بێت یان ڕەنجبەر، ئەوا لە ناو بیر وخەو وخەیاڵی خۆیدا سەربەستە. ڕەفزکردنی ڕاستەقینەی جیهانی دەرەکی زات، لەلای ڕەواقییەکان لە ئەنجامی هەڵوێستێکی گومانکارییەوە پەیدا نەبووە. ئەمان، باوەڕیان بە بوونی واقع هەیە، بەلاَم ڕاستەقینە دەگەڕێننەوە بۆ جیهانی ناوەوەی زات وواقعی دەرەکی بە بێمانا دادەنێن ولە بەهاکەی کەم دەکەنەوە. ئایدیۆلۆژیای ڕەواقی، کە لە قۆناغێکی تایبەتیدا سەری هەڵداوە، ئایدیۆلۆژیای کۆیلایەتییە..[2]

هەڵبەت، یەکتاپەرستانی دەرزی، چێژیان لە فەلسەفەکانی گریکی وەرگرتووە، بۆیە زۆرێك لە بیروباوەڕی خۆیان لەسەر هەڵچنیوە. شتێکی حاشا هەڵنەگرە، کە سەردەمانی پێش بانگەوازی

---

* ئایینزای ئەفلوتینی: دامەزرێنەرەکەی (ئەفلوتین ٢٠٥- ٢٧٠ز) نەژاد ڕۆمانی ولەدایکبووی (ئەسیوت- اسیوط) لە میسر. وانەی فەلسەفەی لە (ئەسکەندەریە) پاشان (ڕۆما) خوێندبوو. وتبووی" مرۆڤ دەتوانێت پەیوەندی بە خودا یا خواوەندەکەیەوە بکات لە ڕێگەی نگرۆبوون لە بیرکردنەوە ولێکدانەوەدا (تأمّل)، هەروەها سۆفیگەریێتی ومیتافیزیکەوە. "

[1] امین محمد طلیع: اصل الموحدین الدروز و اصولهم ، مصدر سابق، ص ٨١

[2] د. محەمەد کەمال: فەلسەفەی هیگڵ، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم- سلێمانی، کوردستان، ٢٠٠٩ ، ل ٥٦- ٥٧

یەکتاپەرستی وبگرە دواتریش، دەسەڵاتی ئایینی ڕێگر بووە لە هەر بۆچوون وتێڕوانین وبیروڕایەکی فەلسەفی، کە لەگەڵ خواستی دەسەڵاتداران و بنەما ئایینییەکاندا نەگونجاوە. بۆیە، لایەنگرانی ئەم جۆرە ڕێبازە فیکرییانە، نەدرکاندن وشاردنەوە وناوەخنداریيان پێباش بووە لە هەموو سەردەمانێکی دژوار وپڕ ئاشووبدا. دیارە، بیرکردنەوەی ئازاد لەناخدا وناوەخنداریێتی وخۆپارێزی وتەقوا، سیمای سەرەکی هەر تاکێکی شیعە مەزهەب بووە..

کەواتە، لە سەردەمی فاتیمییەکاندا، هەوڵێکی نوێ، بۆ ئاوێتەبوون وپێکەوە گرێدانی شەریعەتی ئیسلامی وفەلسەفەی یۆنانی هاتبووە گۆڕێ. دەشێت، کۆمەڵی ئیخوان سەفا، پێشەنگی ئەو هەوڵە گۆڕانکارییە بووبن، ئەم کارەش لەلایەن چەندین فەیلەسوفی ئیسلامی ئەو سەردەمەوە بە ئەنجام گەیەنرا بوو، هەر لە (ئەبو حاتەمی ڕازی، ئەبو عەبدوڵڵای نەسفی، ئەبو یەعقوبی سەجزی، ئەبو حەنیفە نوعمانی مەغریبی، جەعفەر کوڕی مەنسووری یەمەنی، ئەحمەد حەمیدەدینی کرمانی، ئەلموئەید فیددین هەیبەتوڵڵای شیرازی، ئەبو حەسەن عەلی شابەشتی، ئەبو صالحی ئەرمەنی، ئەبو فەرەجی ئەسفەهانی، بەدیعوززەمانی هەمەدانی، ئەبی عەلای معەری، محەمەد کوڕی حەسەن ئیبنولهەیسەم- ابو الحاتم الرازي، ابوعبدالله النسفي، ابويعقوب السجزي، ابو حنيفة النعمان المغريبي، جعفر بن منصور اليمني، احمد حميدالدين الكرماني، المؤيد في الدين هبة الله الشيرازي، ابوالحسن علي الشابشتي، ابوصالح الارمني، ابي فرج الاصفهاني، بديع الزمان الهمداني، ابي علاء المعرّي، محمد بن الحسن ابن الهيثم).[1] ئەگەر، بە شێوەیەکی بابەتییانە سەیری ئەم کۆمەڵە فەیلەسوفە بکەین، دوور لە شاکارە فەلسەفییەکانیان، ئایا گروپێکی فرەنەتەوەیی پێکناهێنن؟ واتە، هەرگیز هەڵە نییە، گەر بڵێین "جڤاتی ئیخوان سەفا ویەکتاپەرستانی دەرزی" نەژاد عەرەب نین ونەشبوون، ئەمەش پشتڕاستکردنەوەی ڕاستی ووتەکانی پێشوومان دەسەلمێنێت..

لەو سەردەمەدا، فەلسەفەی سوکرات وئەفلاتۆن وئەرستۆ وفیساگۆراس بۆ کۆمەڵگای ئیسلامی، گرنگییەکی لەڕادەبەدەریان هەبوو، کە گرۆتینێکی نوێیان دابوو بە زانستەکان، هاوکات لە ئەورووپادا فەلسەفەی "واقعیەت"ی ئەرستۆ لە برەودا بوو. ئیسماعیلییەکان، ناوبانگیان بەوە دەرکردبوو کە سۆفیگەرێتییان تێکەڵ بە فەلسەفە کردبوو، بڕوایەکی تەواویشیان بە دۆناودۆن ونرڤانا وئاوێتەبوون ولەبەرگرتنەوەی ڕۆح وبەرجەستەبوونی ڕۆحی پیرۆز هەبوو. دیارە، ئاشنابوونی کۆمەڵگای ئیسلامی ئەو سەردەمە، بەو وتە بەنرخ وفەلسەفە بەپێزانەی یۆنانییەکان، زیاتر لە سەدەی (نۆ)ی زایینی ولەڕێی وەرگێڕانی ئەو کتێبە فەلسەفییانەوە بوو، کە دەست مێژوونووس وفەیلەسووفە ئیسلامییەکان دەکەوت.

گومانی تێدا نییە، ئەو "بزوتنەوەی وەرگێڕان"ەی، کە وەرگێڕەکانی کۆمەڵگای ئیسلامی ئەو سەردەمە هەڵدەستان پێی، ڕێخۆشکەر بوو بۆ ئەوەی کۆمەڵگاکەی پێئاشنا بکەن بەو فەلسەفانە. وەلێ، کاتێکیش ئاماژە بەو وەرگێڕانە دەدەین، لەگەڵ سەردەمی "مەئموون" (٨١٣- ٨٣٣ز)دا هاوجووت دەبن، کە بۆ ئەم مەبەستە دەستەیەکی تایبەتی بە ناوی (دارولحیکمە- دار الحكمة)ەوە دامەزراندبوو. لەو

---

[1] بول ووكر: حميدالدين الكرماني، الفكر الاسماعيلي في عصر الحاكم بامرالله، ت:سيف الدين القصير، الطبعه الاولى، دار المدى للثقافة و النشر- دمشق، سوريا، ١٩٨٠، ص ٢٤

مێژووەوە، کرداری "وەرگێڕان" بەردەوام بوو، کە لە هەموو سەدەی نۆی زایینی وبەشێکی زۆری سەدەی دەی زایینی درێژەی هەبوو. لەو ماوەیەدا، هەموو کتێبێکی یۆنانی گرنگ وەردەگێڕدرا..[1]

لە سەدە تاریکەکانی ئەوروپادا، لە دوای دارمانی شارستانیەتی ڕۆماوە، بەرهەمەکانی فەیلەسوفە یۆنانییەکان بێسەروشوێن بوون. بەلأم، لە جیهانی عەرەبیدا، بەزیندوویی مابوونەوە ولە دوا ساتەکانی سەردەمی چاخەکانی ناوەڕاستدا گەڕێندرانەوە بۆ ئەوروپا، وبوونەوە بە مەزنترین بەرهەمی زانستی..[2]

ماوەتەوە سەر ئەوەی کە بڵێین، یەکتاپەرستانی دەرزی، وەکی ئیخوان سەفا، لە هەوڵی گونجاندندا بوون لە نێوان ئاینی ئیسلامی پیرۆز وفەلسەفەی یۆنانیدا..[3]

---

[1] د. غانم محمد صالح: الفكر السياسي القديم و الوسط، مديرية دار الكتب للطباعة و النشر- بغداد، عراق، ١٩٨٨، ص ١٩٥

[2] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: لە سویدییەوە عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٦٢

[3] عبدالله النجّار: مذهب الدروز و التوحيد، مصدر سابق، ص ٥٠

## ب- بیروباوەڕیان

هەژیی گۆتنە، یەکتاپەرستان وەك هەر جڤاتێکی مرۆیی، خاوەنی هزر وبیروڕایەکی تایبەت بە خۆیانن، کە تا سەریەسقان بڕوایەکی قووڵیان پێیەتی، بڕوایەك کە داهێنەری شووناسیانە. دەشێت، ئەم بیروڕایەش سەرخانێکی پتەوی ژیارێکی لەمێژینەی تر بێت، کە ئەمێستا تەنها ئاسەوارێکی ڕۆحی وزەینیی مابێت وهیچیتر، یاخود هەمان ژیار وجڤات، تا هەنووکەش بڕوایەکی نەپساویان پێی هەبێت، کە ئیلهامبەخشی تێکڕای فەلسەفەکانیان بێت وهەمان جڤاتی بە زیندوویی هێشتبێتەوە.

بیروباوەڕی دەرزییەکان، بیروباوەڕێکی پەنهانییە. ئەم نهێنگرییەی، لە ڕەگوڕیشەکەیەوە هەڵقوڵاوە. واتە، "نهێنگری" بەهۆی خۆپارێزییەوە نییە، وەکی ئاییزنا ناخدارەکان (باطن)، بەڵکو پەنهانییەکی ڕەوایە ولە بنچینەی بیروباوەڕەکەوە سەرچاوەی گرتووە. هەربۆیە، دەوترێت بیروباوەڕیان چەشەکراوە بە فەلسەفە ولە قووڵایی لێکدانەوەکاندا گەمە دەکەن. ئەمە، بێجگەلەوەی شارەزا لە دەستەواژەی فەلسەفی وشێوازی سۆفیگەرایی وقسەزانەکان، کەسیتر ناتوانێت لە قوڵایی وکون وقوژبنی وتەکانیان تێبگات. ڕەچەڵەکی بیروباوەڕیان، تێکەڵەیەکە لە ڕێبازەکانی فەیلەسوفە دێرینەکان، هەروەها بیرۆکەکانیان لە یۆنانی وئێرانی وهندی وفیرعەونییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە. دیارە، ئەو پەنهانییەی دەرزییەکان پەیڕەوی دەکەن، هاوڕایە لەگەڵ ڕای کۆمەڵێك لە فەیلەسوفە دێرینەکان، کە ڕاسپاردەی ئەوە دەکەن بیروڕاکان پەردەپۆش بکرێن وبشاردرێنەوە لە خەڵك. هەڵبەت، لەو دانا وفەیلەسوفانەش، "هرمس وپلاتۆ وفیساگۆراس وکۆمەڵێك لە دانا هندی وفارسەکانن." ئەمانە تێکڕا، پیرۆز بوون لەلای دەرزییەکان وە فەلسەفە وڕێبازەکانیان بە کۆمەڵێك سەرچاوەی گرنگی ئاییزناکە دادەنرێت.

ڕایەك هەیە، بڕوای وایە ئەو (دار الحكمة)یەی کاتی خۆی "حاکم بیئەمریللا" لە قاهیرە دروستی کردبوو، هاوشێوەی "ئەکادیمیای پلاتۆ" بووە. هەروەها، دەوترێت "هەمزە کوڕی عەلی زۆزانی" بنەمای بانگەشەکەی لە دانایەکی دێرینی هندییەوە وەرگرتووە کە ناوی فەرمانڕەوای دانا (الحاكم الحكيم) بووە. ئەم مۆرکە یۆنانییە، لە بنچینەی بیروباوەڕی دەرزی، فاکتەرێکی سەرەکی دروست دەکات لەو بۆندەی لە نێوان دەرزییەکان وئیخوان سەفادایە، هەروەها پەیوەستە بە ئیسماعیلییە ناوەخندارەکان، بە هەمان هۆ ولەبەرئەوەی لەوانەوە داکەوتووە، گەرچی بە شێوەیەکی تەواونا...[1]

دەکرێت، لە بەشێکی تایبەتی باسەکەدا، باس لەو بیروباوەڕانەی یەکتاپەرستان بکەین، یاخود ئاماژەیان پێبدەین، ئەوەش بەمەبەستی زیاتر ئاشنابوون. بۆیە، وای بەباش دەزانین کە لە خوارەوە ڕیزبەندییەکیان بۆ بکەین:

---

[1] سعد رستم: الفرق و المذاهب الاسلامية منذ البدايات، مصدر سابق، ص ٣١٦- ٣١٧

## • دۆناودۆن (بەدوای یەکدا هاتن) (تَناسُخ) :-

بەپێی بیروبۆچوونی ئاییبنزای یەکتاپەرستانی دەرزی، گەر کەسێك کۆچی دوایی کرد، ئەوا ڕاستەوخۆ گیان (روح)ی لە لاشەی جیا دەبێتەوە ودەچێتە لاشەی یاخود جەستەی کەسێکیترەوە. گەر ئەوکەسەش (واتە کەسی دووەم) کۆچی دوایی کرد، ئەوا هەمان ڕۆح لە جەستەی جیا دەبێتەوە ودەچێتە جەستەی کەسێکیترەوە (کەسی سێیەم)، ئەم میکانیزمە بەمجۆرە دووبارە وسێبارە دەبێتەوە.

بیروباوەڕی دۆناودۆن ونرڤانا، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی میسرییە کۆنەکان، فێرکارییەکانی فیساگۆراس، بوودا وئەوانەش کە خستنەڕووی نهێنییەکانی ڕۆح وچارەنووسی شاراوە مەبەستیان بووە. لە کاتی خۆیدا، پلاتۆ هەوڵیدا بوو "گەشەی زانیاری" لە نەوەکانی مرۆڤایەتیدا، هەروەها توانای وەرگرتنی ڕاستییەکان بخاتە ڕوو، بۆیە گریمانەی تێپەڕبوونی ڕۆحەکانی لە ژیانی ڕابردوودا کردبوو. ڕەنگە، گریمانەکەی لەسەر پلەبەندی ڕۆح، لە ڕیزبەندی نەوەکاندا بونیادنابێت. پلاتۆ، نموونە باڵاکان وئایدیاکانی وەك خودایی یان ئاسمانی سەیرکردووە، چونکی ئەو نموونە باڵایانە کامڵ وبێناتەواون. هەروەها، وەکی فیساگۆراس بڕوای بە دۆناودۆن هەبووە.. [1]

بەلای یۆنانییەکانەوە، دۆناودۆن شتێکی زانراو بوو، بەوەی ئەو زانیارییانەیان لە ئاییبنی یۆنانییە کۆنەکانەوە (باووباپیرانیان) پێگەیشتبوو. هەڵبەت، ئەو وێنە جۆراوجۆرانەشیان زانیبوو کە خواوەندەکانیانی تێدا بەدی دەکرا. فەیلەسوفانی یۆنان، شتگەلێکیان دەربارەی دۆناودۆن دەوت، وەلێ بۆ (لەبەرگرتنەوە وگۆڕان بۆ ئاژەڵ وهەڵوەشانەوە ونیشتن– نسخ ومسخ وفسخ ورسخ)یان پۆلێن ودابەش کردبوو. پێدەچێت، بیروڕای دۆناودۆن لە کاتی خۆیدا ولە نێو زۆربەی گەلانی دێریندا بڵاو بووبێتەوە، جا کۆمەڵێکیان باوەڕیان پێیهێنابوو، کۆمەڵێکیتریش ڕەتیان کردبووەوە.. [2]

نیچەی [*] فەیلەسوف، ئەم نهێنییە سەرسوڕهێنەرەی بە تیۆری "دووبارە بوونەوەی نەمر" چارەسەر کردبوو، لەو باوەڕەوە کە "هەموو ئەوانەی ئێستاکە ڕوو دەدەن، پێشتر چەندین جاریتر ڕوویانداوە، کە لە بژاردن نایەن. وە لە داهاتووشدا، چەندین جاریتر دووبارە دەبنەوە کە لە بژاردن نایەن، بەبێ ئاڵوگۆڕ یان گۆڕانکاری." دیارە، یەکتاپەرستانی دەرزیش، هێندەیتر بابەتەکەیان دەوڵەمەند

---

[1] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢

[2] د. محمد کامل حسین: طائفة الدروز تأريخها وعقائدها، مصدر سابق، ص ١٢٨– ١٢٩

[*] نیچە (فریدریك ڤیلهیلم نیتشە) (نیچە): (١٨٤٤– ١٩٠٠ز) لە بنەماڵەیەکی ئاییبنی پرۆتستانتییە، ناوبراولە قوتابخانە وزانکۆ، زمانە کلاسیکییەکانی خوێندووە. کەسێکی زیرەك ولێهاتوو بووە، لە تەمەنی (٢٥)ساڵیدا گەیشتووەتە پلەی پرۆفیسۆر، کە شتێکی دەگمەن بووە، هۆکارەکەشی بۆ خوێندنەوەی بەرهەمەکانی شۆپنهاوەر دەگەڕێتەوە. نیتشە لەگەڵ شۆپنهاوەردا هاوڕا بوو سەبارەت بە نەبوونی خودا. وەك تراژیدیایەك، هەر لە تەمەنی (٤٥) ساڵییەوە، بەهۆی پلەی سێیەمی نەخۆشی سیفلسەوە، دووچاری نەخۆشی دەروونی بووە. ساڵی (١٩٠٠ز)، بە شێتی وبێچارەسەریی کۆچی دوایی کردووە.

کـردووه، بـەوەی، گۆڕانکـاری دەروونیـی بـەردەوام دەبێـت، بـە بـەردەوامی نـەوەکان، بـە ئاڕاسـتەی نموونەیەکی باڵاتر. ئەم میکانیزمە، بەردەوام دەبێت، تا کۆتایی نەوەکان..[1]

نووسەرێکی دەرزی، پێیوایە دۆناودۆن، مەبەست لە کرداری ئاڵوگۆڕی ڕۆحە لە جەستەکاندا بە بەردەوامی. ئەو دەڵێت: "بیروباوەڕی دۆناودۆن، مێژوویەکی کۆن وشێوازێکی هاوبەشی هەیە لە نێوان ئایینەکانی جیهانی کۆندا." بە ڕای نووسەری ناوبراو، "مێژوونووس (شەهرستانی) لە (مەلەل ونەحل- الملل والنحل) (ج٢ ص٥٤)دا" ئاماژەی بەوە داوە کە زیادەڕەوانی شیعە (غلاە) چەندین جۆرن، بەڵام هەر هەموویان کۆکن لەسەر دۆناودۆن و ئاوێتەبوون... [2]

یەکتاپەرستانی دەرزی، وەکی فەیلەسوفانی گریکی، باوەڕێکی تەواویان بەم بوارانە هەبوو، هەردەم بە شێوەیەکی پیرۆز سەیری ڕۆحیان کردووە. بەڵام لەگەڵئەوەشدا، لە چەند ڕوویەکەوە هاوڕا نەبوون لەگەڵ گریکەکاندا. بۆ نموونە، پلاتۆ لەو باوەڕەدا بوو کە گیان یان دەروون، بە تەنها بوونی هەبووە، جودا لە جەستە. بەڵام، پەیامبەری یەکتاپەرستان (حەمزە) پێچەوانەی ئەم بۆچوونەی هەبووە، وجەختی لەسەر ئەوە کردووە کە ڕۆح وجەستە هەردەم پێکەوە بوون، نەك جودا لەیەك.. [3]

بە بڕوای پلاتۆ، ئادەمیزاد لە نەفس ولەش پێکهاتووە. نەفس، پێش هاتنە لەشەوە هەبووە، گەوهەرێکی گیانیی ڕووناکە ولەشیش ماددە وشەڕ وتاریکییە ونەفسی تێدا بەند کراوە. ڕزگاربوونی نەفس لە لەش، بە ڕزگاربوونی لە تاریکی وچەپەڵی ماددەوە دەبێت. خاوەنی ئەکادیمیا، (واتە پلاتۆ) لەو باوەڕەدایە کە نەفس پێش ئەوەی سزا بدرێت وفڕێ بدرێتە سەر زەمین وناو لەشەوە، لە جیهانی نموونەیی بەرزدا بە بەختەوەری ژیاوە. نەفس، "لە عەرەبانەیەك چووە کە دوو ئەسپی باڵدار ڕایانکێشاوە وعەرەبانچییەك لێیخوڕیوە." بەڵام، هەڵە وگوناهی کردووە ولەم جیهانە خۆشە بێبەش کراوە. پلاتۆ، لەو باوەڕەدا بووە کە نەفس نامرێت وبە مەرگی لەشیش نافەوتێت، بەڵکو هەر بە نەمری دەمێنێتەوە. بۆ ساخکردنەوەی ئەم ڕایەشی، چەند بەڵگەیەك دەهێنێتەوە، کە گرنگترینیان ئەمانەن، کە باسیان دەکەین: "بەڵگەی دژایەتی،" ئەگەر سەرنجێك لە دەوروپشتمان بدەین، بۆمان دەردەکەوێت کە هەموو شتێك دژێکی خۆی هەیە وبوون لە دژەکان پێکهاتووە، (سارد وگەرم، مردن و ژیان، خەوتن وبەخەبەر بوونەوە، و....هتد).

هەروەها، ئەگەر زیاتر ورد ببینەوە، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە هەریەکێك لەمانە لە دژەکەیەوە دروست دەبێت، وەکو بەخەبەرهاتن لە دوای خەوتنەوە دێت، کە ناشرینی نەما جوانی پەیدا دەبێت، هەروەها کە نەخۆشی ڕۆیشت لەشساغی دێتە کایەوە، دیارە پێچەوانەکەشی ڕاستە. دیسانەوە، گەورە لە بچوك دروست دەبێت، وە ژیانیش لە مردنەوە پەیدا دەبێت. خۆ ئەگەر وانەبووایە، ئەوا بێگومان ژیان وتاکە زیندوویەك لەم جیهانەدا نەدەما. کەوابوو، نەفس پێش لەدایکبوون هەبووە ودوای مردنیش دەمێنێت. بەڵام، دەبێت ئەوە بزانین کە جیاوازی لە نێوان چارەنووسی نەفسی گوناهبار وچاکدا هەیە، وە

---

[1] عبدالله النجّار: مذهب الدروز و التوحید، مصدر سابق، ص ٥٦

[2] اللواء حسن صادق: جذور الفتنة في الفرق الاسلامية، مصدر سابق، ص ١١٦

[3] د. نجيب العسراوي: المذهب التوحيدي الدرزي، مصدر سابق، ص ٦٧

دوای جیابوونەوەی لە لەشی مردووەکە حسابی خۆیی لەگەڵدا دەکرێت..[1]

نووسەرێکیتری دەرزی، ئاماژەی بەوە دابوو کە: دەروون (روح)، دوای عەقڵی گشتی لە ڕووناکی پیرۆزەوە دروست بووە، کە دەستنیشانکراو وژمێردراوە لەلای خودا، هەرگیز زیاد وکەم ناکات، وە مەحاڵە جەستەش لەناو گۆڕدا بێتە دەرەوە. دەروون، دەگوازرێتەوە بۆ جەستەی لەدایکبوویەکی نوێ، کە بە پلەکانی پاکبوونەوە وتەواوبوون، یاخود گەندەڵی وسزادان وشەڕەنگێزیدا دەڕوات..[2]

دۆناودۆن، بە مانا گشتییەکەی وبە درێژایی مێژوو، چەندین تێگەیشتنی هەیە، کە بەپێی ئایینزاکان دەگۆڕێن. دیارە، مەبەستیش لە دابەشبوونی ڕۆحە، وە بەناوبانگترین دابەشبوونیشی بریتییە لە (لە بەرگرتنەوە وگۆڕان بۆ ئاژەڵ وهەڵوەشانەوە ونیشتن– نسخ ومسخ وفسخ ورسخ). لە بەرگرتنەوە یاخود دۆناودۆن (نسخ)، مانای گواستنەوەی ڕۆحی مرۆڤێکە بۆ جەستەی مرۆڤێکیتر. هەروەها گۆڕان بۆ ئاژەڵ (مسخ)، مەبەست لە گواستنەوەی ڕۆحە لە مرۆڤەوە بۆ ئاژەڵ. هەڵوەشانەوەش (فسخ)، مەبەست لێی، گواستنەوەی ئەو ڕۆحەیە بۆ ڕووەکێك. هەرچی نیشتنیشە (رسخ)، بە مانای گواستنەوەی ڕۆحە بۆ بێگیان (جماد). لە ڕاستیدا، یەکتاپەرستانی دەرزی، تەنها بڕوایان بە بەشی یەکەم هەیە، واتە لەبەرگرتنەوە یاخود دۆناودۆن (نسخ)...[3] هاوکات لەگەڵئەمەشدا، یەکتاپەرستان بڕوایان وایە کە ڕۆح (١٠٠١) جار جێگۆڕکێ لەناو جەستەدا دەکات..

## • نرڤانا ( پۆشاکپۆشی ) ( تقمّص ) :-

نرڤانا، یاخود پۆشاکپۆشی وە یان خۆگۆڕین، کە بە عەرەبی پێیدەوترێت (تقمّص)، بەمانای لەدایکبوونی دووەم. یەکتاپەرستانی دەرزی، بە (تقمص) ناوی دەبەن، بەو مانایەی جەستە، کراس یاخود بەرگی دەروونە (نفس)، واتە وشەی (تقمّص) لە (قمیص)ەوە هاتووە..[4]

وێڕای ئەوانەی وتران، یەکتاپەرستان ئاماژە بەوە دەدەن کە جەستە وەك بەرگێك وایە، دەشێت کۆن ببێت وبدڕێت ودواجار لەناو بچێت، بەڵام تەنها گیان یان دەروونە کە نەمر وپیرۆزە ولەناو ناچێت. لەبەرئەوە، دەکرێت دۆناودۆن ونرڤانا وەکی هاوتای یەك سەیر بکرێن. بەپێی ئەم بیروبۆچوونانەش، دەروون لەگەڵ ئاوەز (عقل)، لەناو جەستەدا یەکدەگرن وکەسایەتی پێکدێنن.

لە نووسراوەکانی مژدەبەخشانی دوای حەمزە کە نووسراون، بیروباوەڕی دۆناودۆن، زۆر زیاتر

---

[1] حەمید عەزیز: سەرەتایەك لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان، چاپی سێیەم، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئاوێر– هەولێر، ٢٠٠٨، ل ١٥٢

[2] عبدالله النجّار: مذهب الدروز و التوحيد، مصدر سابق، ص ٥٧

[3] جميل ابوترابي: من هم الموحدون الدروز، مصدر سابق، ص ٣٦– ٣٧

[4] امين محمد طليع: اصل الموحدين الدروز و اصولهم، مصدر سابق، ص ١٠٠

له جاران ڕوون وئاشكراتر بووه. بۆ نموونه، له نامەی (الاسرار ومجالس الرحمة للاولياء والابرار)دا، كاتێك باس له دۆناودۆن ونرڤانا كراوه، ئاماژه بەوه دراوه كه "جەسته، له دوای مردن ناگەڕێتەوه، بەڵام دەروون له جەستەیەكیتردا ئاوێته دەبێت. هەربۆیه، گیانی یەكتاپەرستێك دەگوازرێتەوه بۆ جەستەی یەكتاپەرستێك، گیانی هاوبەش پەیداكەرێكیش بۆ هاوبەش پەیداكەرێكی دی. هەرگیز، گیانەكان گۆڕانكارییان بەسەردا نایەت، بەڵكو ئەوەی گۆڕانكاری بەسەردا دێت بەرگەكانیانه (قمصانها)، یاخود شێوەی دەرەوەیان (كه مەبەست له جەستەیه)."

هەروەها، له نامەیەكیتردا ئاماژه بەوه دراوه كه "ژمارەی دانیشتووانی جیهان، له سەرەتای دروستبوونەوه نه زیاد دەكەن نه كەم، هەتا هەتایه بەم شێوەیەش دەمێنێتەوه. گەر، ساڵانه مەردوم (بشر) زیادی بكردایه ئەوا زەوی توانای لەخۆگرتنی ئەو ڕێژه زۆرەی نەدەبوو وه بەپێچەوانەشەوه. كەواته، گیانیان نه كەم دەكات نه زیاد، بەڵكو لەو ڕۆژەوەی پەروەردگار ئەو ژمارەیەی خوڵقاندووه، هەر ئەوەیه وهیچیتر. بەڵام، به شێوەی جیاجیا دەردەكەون، چەشەكراو به باشه یان خراپه. لێرەوەیه، كه بڕوابوونی یەكتاپەرستانی دەرزی به دۆناودۆن ونرڤانا دەردەكەوێت. هەر ئادەمیزادێك بمرێت، ڕۆحی دەچێته جەستەی لەدایكبوویەكی نوێوه. واته، ژمارەی كۆچكردووەكان یەكسان دەبێت به ژمارەی لەدایكبووەكان، تاوەكورێژەی دانیشتووانی جیهان بەبێ زیاد وكەم، وەكی خۆی وبه نەگۆڕی بمێنێتەوه..[1]

هەر لەوبارەیەوه، یەكتاپەرستان بڕوایەكی تەواویان به كۆچی ڕۆحان هەیه (نرڤانا)، بەوەی له كاتی مردندا جارێكیتر ڕۆح هەڵدەستێت به داماڵینی كراس (بەرگ)ی جەستەی مردوو. تاوەكو، خێرا خۆی بخنێته كراسێكیتری تازه لەدایكبوویترەوه، كه تازه به دنیا شاد دەبێت..[2]

ئەوان، بڕوایان وایه كه بیروباوەڕی دۆناودۆن ونرڤانا، واته لەبەرگرتنەوه وپۆشاكپۆشی، مێژوویەكی كۆنی هەیه ودەگەڕێتەوه بۆ میسرییه كۆنەكان (فیرعەونییەكان) وبوودایی وفیساغۆراس. لەم بارەیەوه، له نامەی نهێنی (٦٧)ی یەكتاپەرستانی دەرزیدا هاتووه:

**" أنَّ البشر وهم عالم السواد الاعظم، سواء في العالم العلوي، أعني الفلك وما فيه من المدبِّرات و النيِّرات و الاستقصّات. أم في العالم السفلي، لم يتناقصوا ولم يتزايدوا من حيث الارواح التي هي معدودة من أوَّل الادوار، تظهر بظهورات مختلفات الصّور، على مقدار اكتسابها من خير وشرّ."**

گوڵەوەچنەی مەبەست، پۆشاكپۆشی وگیانەكان (روح) دەگەیەنێت كه نه زیاد دەكەن نه كەم، نه لەم دنیا نه لەو دنیاش، بەڵكو شێوەكانیان گۆڕانكاری بەسەردا دێت، ئەویش بەپێی چاكه وخراپه..[3]

هەڵبەت، یەكتاپەرستانی دەرزی، لەو ڕوانگەیەوه باس له دۆناودۆن ونرڤانا وئاوێتەبوون دەكەن. یاخود دەتوانین بڵێین، ئەوان دەڵێن "ئێمه به پشتبەستن به فەرموودەكانی قورئانی پیرۆز، باس لەوانه دەكەین." (واته ئەوانەی پێشتر ئاماژەیان پێدرا). بۆ نموونه، له سورەتی (بەقەره– بقرة)دا فەرموویەتی:

---

[1] د. محمد كامل حسين: طائفة الدروز تأريخها وعقائدها، مصدر سابق، ص ١٢٩

[2] سعد رستم: الفرق و المذاهب الاسلامية منذ البدايات، مصدر سابق، ص ٣٢٠

[3] عبدالله النجار: مذهب الدروز و التوحيد، مصدر سابق، ص ٥٦

**"كيفَ تكفرون بالله وكنتم أمواتاً فاحياكم ثمّ يميتكم ثمّ يحييكم ثمّ اِليه ترجعون."** صدق الله العظيم (الجزء الاول – سورة البقرة، الاية٢٨).

واتە، "چۆن بێبڕوا دەبن بە خودا، لە کاتێکدا ئێوە بێگیان بوون، خودا دروستی کردوون وگیانی بە بەردا کردن، پاشان دەتانمرێنێت ودواتر زیندووتان دەکاتەوە، ئەوسا بۆلای ئەویش دەبرێنەوە."

یاخود، لە سورەتێکیتردا فەرموویەتی:

... **تخرجُ الحيّ من الميّت وتخرجُ الميت من الحيّ.** صدق الله العظيم. (سورة آل عمران– الاية ٢٧).

واتە ".. زیندوولە مردوودەردێنێت، وە مردووش لە زیندوو دەردێنێت."

لە ڕاستیدا، ئەم دوو سورەتە پیرۆزە، ئیلهامبەخشی یەکتاپەرستانی دەرزی بووە. بە مانای، ئەوان تێکڕای فەلسەفەکەیان دەربارەی دۆناودۆن ونرڤانا وئاوێتەبوون، لەوەوە هەڵهێنجاوە. کەواتە، ئەگەر لە ڕووکاری دەرەکییەوە سەیری وتە وڕاسپاردەکانی ئەوان بکەین دەربارەی ئەو بابەتانە، ئەوا دەزانین کە ئاماژەدانێکە بە گەورەیی وتاك وتەنیایی پەروەردگار، وە بە کۆچی دوایی ولەدایکبوونی مرۆڤەکان، کە خۆی لە چەند ئاماژەدانێك وئامۆژگارییەکدا دەبینێتەوە. هەرچی مانا ومەدلوولە ناوەکییەکەیەتی، میکانیزم وناوەڕۆکی ئاماژەپێدراوەکان دەخاتە ڕوو، لە چوارچێوەیەکی ئایینی– فەلسەفیدا. دیارە، ئەوان ساڵەهای ساڵە بەم شێوازە کار دەکەن ونەوە لەدوای نەوە پەیوەستن پێوەی. هەربۆیە، ناوەخنگەری مۆرکێکی سەرەکییانە وشووناسێکی جیاکەرەوەیانە.

## • <u>ئاوێتەبوون (الحلول):–</u>

ئاوێتەبوون، جۆرێکە لە پۆشاکپۆشی، واتە لە نرڤانا. بەڵام، جیاوازییەکە تەنها لەوەدایە، کاتێك دەروون لە جەستەی مرۆڤێکەوە دەچێتە جەستەیەکیتر، تێکڕای سیفەتەکان لەگەڵ خۆیدا دەگوازێتەوە، یاخود بەشێوەیەکیتر دەتوانین بڵێین تەنها سیفەتە باشەکانی دەگوازێتەوە. هەڵبەت، لە پۆشاکپۆشیدا ئەم کارە یاخود میکانیزمی گواستنەوەی سیفەتە باشەکان، مەرج نییە ڕاستەوخۆ ڕووبدات.

لە ئاوێتەبووندا، کاتێك ڕۆحی پیرۆزی پەیامبەران جێگۆڕکێ دەکەن، واتە کرداری نرڤانا بە ئەنجام دەگات. بەڵام، ئەوەی مایەی ئاماژەپێدانە، تەنها میکانیزمی گواستنەوەی سیفەتە جوان وپوختەکانی پەیامبەرانە بۆ کەسانێکیتر یاخود پەیامبەرانێکیتر. بەمەش، جار لەدوایجار ئەوکەسە هەڵبژێردراوانە سیفەتی باشتر وجوانتر دەگوازنەوە لەگەڵ خۆیاندا، هەتا دەگەنە ترۆپکی سیفەتە باڵاکان، دیارە ڕۆح بەرپرسیارە لەم ئاڵوگۆڕە. لەمبارەیەوە، یەکتاپەرستان پێیانوایە کە پۆشاکپۆشی (حەمزە) بۆ خەلیفە حاکم، هەمان پۆشاکپۆشی (سەلمان فارسی) بووە بۆ پێغەمبەر (د،خ)، وە گشت

پەیامبەرەکانیتر، هەربۆیە دەرزییەکان ڕێز لە هەموو پەیامبەران دەگرن، لەو ڕوانگەیەوەی کە پەیامبەرانی دوێنێ پەیامبەرانی ئەمڕۆشن...[1]

هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، ئاویتەبوون جۆرێکی نرڤانایە کە دەروون لە جەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکیتر دەگوازرێتەوە، بە تێکڕای سیفەتەکانییەوە یاخود بەشێکی سیفەتەکانی. بەلأم ئاخاوتن (نطق)، ئەوەیە کە هەندێ منداڵ ژیانی ڕابردوویان لە یاد بێت لە نرڤانای پێشوودا پێش نرڤانای ئێستاکێ. ئاخاوتن وقسە دەکەن، دەربارەی ژیانی پێشوویان، پێش یەکەمین مردنیان. بەڵکو، کەسە نزیکەکانیشیان یاد دەکەنەوە لە یەکەمین ژیانیاندا، هەروەها دەیانناسنەوە گەر هەندێکیشیان لە ژیاندا مابن. نووسەرێکی دەرزی، دەربارەی (نطق) ئاماژەی بەوە دابوو کە لە تێکڕای کتێبەکانی (الحكمة)دا، تەنها وشەیەکی بەدی نەکردووە باس لە (نطق) بکات، بەڵکو پێچەوانەی ئاخاوتنی بەدی کردووە تیایدا، کە هیچ بوارێك بۆ لێکدانەوە ناهێڵێتەوە..[2]

وێڕای ئەوەی، یەکتاپەرستانی دەرزی بڕوایەکی تەواوەتییان بە ئاوێتەبوون وبەدوایەکداهاتن وپۆشاکپۆشی هەیە، هەروەها بڕوایەکی تەواوەتیشیان بەوە هەیە کە پەروەردگار هۆش و ئاوەزی بە مرۆڤەکان داوە، تاوەکو ڕاستییەکان لە ناڕاستییەکان جیابکەنەوە، بەلأم هەرگیز یەکتاپەرستان بڕوایان بە چارەنووس وقەزاوقەدەر نییە، واتە (تەخیر وجەبر– التخيير والجبر)..[3] هەژیی گۆتنە، یەکتاپەرستان لەو باوەڕەدان کە خودای مەزن عەقڵی بە مرۆڤەکان داوە، تاوەکو بتوانن سپی لە ڕەش، باشە لە خراپە جیابکەنەوە، کە مانای (تەخیر– التخيير) دەگەیەنێت. وەلێ، بڕواشیان بەوە نییە کە مرۆڤەکان هەرچیەك بکەن وهەرچییەکیان بەسەر بێت بەدەر لە خواست وویستی خۆیانە، کە دەبێت هەر ببێت. بە مانای ئەوەی، خودا وای لە چارە نووسیون وئەوان بێدەسەلأتن بەرانبەر ئەو کارانە، کە ئەمەش مانای (جەبر– الجبر) دەگەیەنێت.

لە ڕاستیدا، ئەم بۆچوونانەی یەکتاپەرستانی دەرزی، لەلایەن موسوڵمانانەوە سەرلەبەری ڕەت دەکرێتەوە، بگرە دژی ئەم بۆچوونە فەلسەفییانەشن. هەڵبەت، بەلای ئایینی ئیسلامی پیرۆزەوە، هەر کەس ولایەن وئایین وئایینزایەك ئەم جۆرە وتانە بخاتە نێو فەرهەنگی خۆیەوە، یاخود مامەڵە بەم قسانەوە بکات، ئەوا بێ سێ ودوو، دەخرێتە خانەی لادەران وگومڕا وبێباوەڕانەوە. لەبەرئەوەی، بەلای ئایین وپەیڕەوانی ئایینی ئیسلامی پیرۆزەوە، هەموو کەسێك لەو ڕۆژەوەی لەدایك دەبێت، خودا لە نێوچەوانی نووسیوە چی بەسەردا دێت وکەی کۆچی دوایی دەکات. واتە، پەروەردگار دەزانێت ئێمەی کۆیلە، لەژیاندا چی دەکەین وکەی دەچینەوە بەر دەرکی بارەگا پیرۆزەکەی، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا، لاوازی وبێئیرادەیی مرۆڤەکان لە بەردەم پێشهاتەکان وگەورەیی پەروەردگاردا دەردەخات. هیگڵ، ئەم حاڵەتە بە ئایدیۆلۆژیای ئایین ناودەبات، کە لە دیدی ئەوەوە، ئەم ئایدیۆلۆژیایە مرۆڤ لە ئاستی گۆڕانە

---

[1] امين محمد طليع: اصل الموحدين الدروز و اصولهم، مصدر سابق، ص ١٠٠

[2] سعد رستم: الفرق و المذاهب الاسلامية منذ البدايات، مصدر سابق، ص ٣٢٠– ٣٢١

[3] د.نجيب العسراوي: المذهب التوحيدي الدرزي، مصدر سابق، ص ٤٥

مێژووییەکاندا ئیفلیج دەکات، چونکە بەڵێنی ژیانێکی سەربەست وبەختەوەرانەی لەناو جیهانێکی دیکەدا دەداتێ..[1]

بەپێی بیروڕای یەکتاپەرستان، ڕۆح (یاخود دەروونی پیرۆز) لەگەڵ ئاوەز (عقل)، لە ناو جەستەدا پێکەوە یەکدەگرن لەگەڵ دەروونی سروشتی، یاخود ژیاویدا. بەمانای، دەروون وئاوەز وژیان (النفس والعقل والحیاة) یەکدەگرن، کە بەهۆیەوە کەسایەتی مرۆیی (الشخصیة الانسانیة) دەخوڵقێت ومەبەستیش جەستەیە، کە هەردەم لە زیادبوون وکەمبووندایە، بەڵام ژمارەی گیانەکان هەرگیز نە کەم نە زیاد ناکات. بەپێی ئەم پرەنسیپە، تیۆری پۆشاکپۆشی (نرڤانا) دامەزراوە..[2]

فەیلەسوفانی گریك، بۆچوونی جیاجیایان هەبووە دەربارەی ڕۆح وجستە وزیندوبوونەوە. بۆ نموونە، فەیلەسوفێکی وەك ئەرستۆ، باس لەوە دەکات کە جیهان ئەزەلییە ولە دێرزەمانەوە هەیە. لە کاتێکدا، مەسیحییەت بۆچوونێکی پێچەوانەی هەیە وپێیوایە ئەزەلی نییە ولەلایەن خالقێکەوە دروستکراوە. ئەرستۆ، پێی وانەبوو رۆح (بەبێ جەستە) بوونی هەبێت، واتە ڕۆحیش لەگەڵ جەستەدا دەمرێت. بەلاّم، مەسیحییەت دەڵێت: "دوای مەرگی جەستە، ڕۆح دەمێنێتەوە ونامرێت." ئەفلاتۆنی مامۆستای ئەرستۆش، وەکی مەسیحییەت، بڕوای وابووە کە دوای مردن ڕۆح بە نەمری دەمێنێتەوە، وئەمەشی بە ئومێدی جوان وەسف کردووە، کە ترس وبیمی مردن کەم دەکاتەوە..[3]

هەڵبەت، یەکتاپەرستانی دەرزیش، هەمان ڕای مەسیحییەت وپلاتۆی فەیلەسوفیان هەبووە. هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، بە بڕوای یەکتاپەرستانی دەرزیش، ڕۆح هەرگیز نامرێت، بەڵکو ئەوەی دەمرێت تەنها جەستەیە..[4]

---

[1] د. محەمەد کەمال: فەلسەفەی هیگڵ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠

[2] عبدالله النجار: مذهب الدروز و التوحید، مصدر سابق، ص ٦٢

[3] هاشم سالّح: سەرەتایەك دەربارەی ڕۆشنگەری ئەورووپی، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، چاپ وبلاّوکردنەوەی چاپخانەی ڕەنج– سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٤٥

[4] امین محمد طلیع: اصل الموحدین الدروز و اصولهم، مصدر سابق، ص ٩٩

## ج- پایە فەلسەفییەکان

کاتێـك دەوترێـت فەلسـەفە، ڕاسـتەوخۆ کەڵـە فەیلەسـوفانی یۆنانیمـان وەبـیر دێنێتـەوە، کـە جێپەنجـەیان چ کاریگەرییـەکی لەسـەر بەشـەرییەت دانـاوە. هەڵبـەت، فەلسـەفە، هێنـدە تۆکمـە وفـراوان وبەهێزە کە لە توانایدایە پایەی تایبەت بەخۆی بونیاد بنێت وکەسانی فەیلەسوفیش بونیادنەری بن. گەر، فەلسەفە کاریگەری نەبووایە، ئەوا ئەمڕۆ لە جیهاندا بە شێوەیەکی بەربلاو ولە زانکۆکانیشدا بە تێروتەسـەلی نـەدەخوێنرا وبەتایبـەتی شـرۆڤەی بـۆ نـەدەکرا. هـەرگیز، فەیلەسـوفانیتری دوای کەڵـە فەیلەسوفانیش هاوڕێچکە نە دەبوون ودرێژە بەو ڕێبازە فیکریی وفەلسەفییە نەدەدرا.

گەر، سەرنجێك لە فەلسەفەی کلاسیکی وبەرهەمی فەیلەسوفەکانی بدەین، بۆمان دەردەکەوێت کە فەیلەسـوف، نیمچـە ئینسـایکلۆپیدیایەك بـووە، لایـەنێکی نەهێشـتووەتەوە لـە لایەنـەکانی ژیـان ودەوروپشتی، بە بێئەوەی ئەسپی خۆیی تیادا تاو نەدابێت، وبە خامە ڕەنگینەکەی دەستی ڕەنگی بۆ نەڕێژابێت. خۆ ئەگەر، وردتر سەرنج لە بەرهەمەکانی فەلسـەفە بدەین، ئەوا بۆمان ساخ دەبێتـەوە کە لـە پێنج لق پێکهاتووە، وهەندێ شارەزاش سەربارێکیان بۆ زیاد کردووە. جا لەم بوارەوە، دەتوانین لقەکانی فەلسەفە دەستنیشان بکەین، کە ئەمانەن:

- **میتافیزیك**- METAPHYSIC
- **لۆژیك**- LOGIC
- **تیۆری زانین**- EPISTEMOLOGY
- **ئاكار**- ETHIC
- **ئیستاتیك**- AESTHETIC
- **سۆفیزم**- SOPHIZM

هەڵبەت، ئەم لقانەش، چەندین بۆچوون ولێکدانەوە وقسەگەلێك هەڵدەگرن..[1]

لە ڕاستیدا، وهەر وەکو پێشتر ئاماژەی پێدرا، ئایینزای یەکتاپەرستانی دەرزی پشتی بەستووە بە فەلسەفەی یۆنانی بۆ لێکدانەوەی ئایین. بەلام، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك بیروبۆچوونی فەلسەفی ئەوانی تێپەڕاندبوو یـان ڕەت کردبووەوە، کـە لەگـەڵ بیروبـڕوای یەکتاپەرستیدا نەدەهاتـەوە. هـەروەها، کۆمـەڵێك وتەی پلاتۆ وئەرستۆشی ڕەت کردبووەوە، کە لـە ڕوانگـەی یەکتاپەرسـتییەوە دوور بـووە لـە ڕاسـتییەوە، هـەروەك وتـەکانیان دەربـارەی بـوونی شـوێنێکی تایبـەت بـە دەروون (روح)، وجـودا لـە جەسـتە، کـە

[1] حەمید عەزیز: سەرەتایەك لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧

هەڵدەستێت بە کاری تایبەت بەخۆی، جیاواز لە جەستە. وە یان، ڕۆح هەستگەلێکی سەربەخۆی هەیە کە بە هیچ جۆرێك پەیوەندی بە جەستەوە نییە.. [1]

بە بۆچوونی ئەفلاتۆن، ڕۆح یان ناخی مرۆڤ، لە سێ بەشی جیاواز پێکهاتووە: یەکەمیان، بەشی ژیری کە لە ژێر سێبەری بیرمەندی وڕۆشنبیریدا دێت. دووەمیان، بەشی ئازایەتی، کە بە دوای والابوونەوەیە. بەشی سێیەم، ئارەزووەکانە، کە بە دوای دامرکاندنەوەی خۆیانەوەن. سێکوچکەی سەرەکی ئەو کۆمەڵگەیەش، کە ئەفلاتۆن لە "کۆمار"دا هێناویەتی، ڕەنگدانەوەی ئەم بەشانەیە. مەبەستی سەرەکیمان لەم باسانە، ئەوەیە کە کردەوەی ڕاست یان یەکسانی، تەنها کاتێك دێتە ئاراوە کە هەر سێ بەشی سەرەکی ڕۆح، ئەرکی تایبەتی خۆیان جێبەجێ بکەن. هەر بەو جۆرەش، کاتێك یەکسانی لە وڵاتێکدا بەدەست دێت، کە سێ بنەمای سەرەکی کۆمەڵایەتی (مەبەست لە چینەکانی کۆمەڵە، نووسەر) ڕۆڵی خۆی بگێڕێت.. [2]

لە نێوکۆی وتە وڕایە فەلسەفییەکانی یەکتاپەرستانی دەرزیدا، ئاماژە بەوە دراوە کە "بینینی پەروەردگار، تەنها بینینی ئاوەز دەبێت، نەك بینینی هەست. واتە، دەکرێت خولقێنەر بە ئەقڵ بناسین، بەڵام بە هەست ناکرێت دەورەی بدرێت. خودا، ڕووناکییەکە، بینایی ڕاستەقینە دەیبینێت. هەروەها، ڕاستییەکە، ئاوەزە پاکژەکان دەیناسن. سروشت، تارای خوداناسییە. هەروەها، ڕووی خوداپەرستی وڕووناکیی هەڵهاتووی ئایینزانی، وەکی هەتاو وڕووناکی خۆر وایە. سروشت، لە ڕووناکی خوداناسییەوە دەرکەوت، ....... هتد." [3] ئەمە وچەندین وتەی فەلسەفیتر....

- <u>**خودا وخودا پەرستی**</u>

دەکرێت، ڕەنگدانەوەی بابەتی خودا وخوداپەرستی لە تێکڕای ئایین وئایینزاکاندا ببینین، یاخود دەقە ئایینییەکانی تایبەت بەم بوارە لە نووسینەکاندا بە زەقی ببینین. هەڵبەت، ئەم بابەتانە لەناو نووسینەکانی یەکتاپەرستانی دەرزیدا، باس وخواسێکی فەلسەفی زۆری لەسەر شەنوکەوکراوە. وەلێ، تێکڕای ئەو بابەتانەش پەنجەڕاکێشانە بۆ تاك وتەنیایی ومەزنیی خودای گەورە ومیهرەبان.

شایستەی وتنە، دەرزییەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە: " پاش ئەوەی، پەروەردگار لە مەزنترین وپیرۆزترین وێنەیدا خۆی پێشانی بوونەوەرەکانی دابوو، ئینجا ئەم کردارە دووبارە ببوەوە تا کەسایەتی

---

[1] د.نجيب العسراوي: المذهب التوحيدي الدرزي، ص ٢١

[2] پۆڵ ستراتێرن: ساتێك لەگەڵ ئەفلاتون، و: عەلی ئەکبەر مەجیدی، چاپی یەکەم، ناوەندی چاپ وبلاوکردنەوەی سایە- سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٤٧- ٤٨

[3] جميل ابوترابي: من هم الموحدون الدروز، مصدر سابق، ص ١٥

پیرۆز (خەلیفە حاکم). ئەمەش، بەو مانایەی کەسایەتی ناوبراو، ڕۆحی پیرۆزی پەروەردگاری تێدا بەرجەستە بووە." هەڵبەت، ئەم ئاماژە پێدانەی دەرزییەکان دوو مەبەستی سەرەکی لەخۆ دەگرێت، یەکەمیان: مەبەست لە گەورەیی وپیرۆزی خەلیفە حاکم بیئەمریللایە، کە دەستنیشانکراوی پەروەردگار بووە. دووەمیشیان: ئەوەی پێی دەگوترێت چەمکی دۆناودۆن ونرڤانا وئاوێتەبوون، کە بەلای یەکتاپەرستانەوە گرنگە ولە خەلیفەی ناوبراودا بەرجەستە بووە..

لە ڕاستیدا، یەکتاپەرستان ئەم خوداپەرستییەیان لە سورەتی پیرۆزی (ئیخلاس– الاخلاص)ەوە هەڵهێنجاوە، کە دەفەرموێت:

**قل هو الله احد، الله الصمد، لم يلد ولم يولد، ولم يكن له كفؤاً احد.** صدق الله العظيم.

بێ چەندوچون، مەبەستی سەرەکی ئەم ئایەتە پیرۆزەش، ئاماژەدانە بە تاک وتەنیایی پەروەردگار..

دیارە، لەم ڕوانگەیەوە، فەلسەفەی ئایینی یەکتاپەرستان ئاماژەی بەوە داوە کە:

**انّ الله لا اله الاّ هو، خَلق الاكوانَ بـارادته ومشيئته**

مانای: "هیچ خودایەك نییە تەنها پەروەردگار نەبێت، گەردوونەکانی خوڵقاندووە بە ئیرادەی خۆی."

هەروەها، ئاماژە دەدەن بەوەی کاتێك فەرموویەتی: (ببە، بووە)(کن، فکانت).

جارێکیتر، ئەمەش ئاماژەدانە بە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز، کە دەفەرموێت:

**انَّ أمرهُ أن يَقل للشيء كُن فَيكُن**

واتە، "فەرمانی ئەوەیە بە هەر شتێك بڵێت ببە، دەبێت."

بە هەمان شێوە لە (سفری یەهودیت)ی تەوراتیشدا دەفەرموێت:

**فَلتعبدُك الخليقةَ بِاسرها لانَّك قُلت فكانت، وَ أرسلت روحكَ فَخلقتْ**

واتا، "با بوونەوەران تێکڕا بتپەرستن، لەبەرئەوەی وتت، بوو.. وە ڕۆحت نارد، دروست بوو."

لە لایەکیترەوە، لە ئینجیلی پیرۆزی لۆقادا فەرموویەتی:

**ألغير المستَطاع عندَ النـاسْ، مُستطاعْ عندَ الله...**[1]

مانای: "ئەوەی لای خەڵك لە تواناڎا نییە، لای پەروەردگار لە توانادایە." کە دەتوانین بڵێین هەمان مەبەستی پێشوو دەگەیەنێت، کە مەبەست لە توانا وگەورەیی خودایە.

هەژیی گۆتنە، یەکتاپەرستان هەر لە بارەی گەورەیی وپیرۆزی وتوانای پەروەردگارەوە دەڵێن:

**انَّ الله هوَ ألخالق ألموجدْ كلَّ شيء، وَ انّهُ أزليّ و آبديّ..**

مانای:" پەروەردگار خوڵقێنەری هەموو شتێکە، وە بێکۆتایی وهەمیشەییە."

لێرەدا، ئەم وتە پیرۆزەیان، هاوشێوەی وتەی فەیلەسوفانی یۆنانییە، کە وتویانە: (پەروەردگار دروستکەری هەمووشتێکە، نەمر وسەرمەدە)..[2]

لە کۆتاییدا، ماوەتەسەر ئەوەی بڵێین، کاتێك یەکتاپەرستانی دەرزی ئاماژە دەدەن بە:

---

[1] الاْب اسحق ساكا: الاله المتجسد، مصدر سابق، ص ٢١

[2] د.نجيب العسراوي: المذهب التوحيدي الدرزي، ص٢٣

**لا الهَ الاّ ألله**

ئەمە مانای، "هیچ خودایەك نییە تەنها پەروەردگار نەبێت." بێ هاوبەش، زیندووکەرەوە ومرێنەر، بە توانایە، زیندووە وناوی پیرۆزە، زۆر بە بەزەیی وبەخشندەیە، لە هەمووسەردەم وکاتێکدا بە گۆڕینی ناو وسیفەت دەردەکەوێت..[1] واتە، هەمان مەبەستی تاك وتەنیایی پەروەردگارە.

ئێستاشی لەگەڵدا بێت، قورئانی پیرۆز، بەڵگەنامەیەکی زمانەوانییە کە پشتی پێدەبەستین لە زانینی ئەو ناوانەی لە چیرۆکی دروستبووندا هاتوون، وە ئەوانەشی پەیوەستن پێوەی. هەڵبەت، بە ڕەهاییەوە کۆنترین ناو، ئاخاوتنی خودا (ألله)یە. ئەو، یەکەمە بە بێ سەرەتا، دوایینە بە بێ کۆتایی، خولقێنەری گەردوون وسەرجەم بوونەوەرەکانە..[2]

گوڵەوەچنەی وتە پیرۆز و ئاماژەپێدانەکان، تێکڕا مەزنی وبەتوانایی وناوازەیی وێنەی پەروەردگاری تاك وتەنیا دەخاتە ڕوو، کە خۆی لە خودا وخوداپەرستیدا دەبینێتەوە، کە لە چەند شوێنێکی ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەی پێدراوە ودووبارە بوونەتەوە. ئەمەش، هەوێنی کارە ئایینیی وفەلسەفییەکانی یەکتاپەرستانە، کە ئەوانیش لە کەڵە فەیلەسوفانی یۆنانی وئەوانیترەوە وەریانگرتووە.

پلاتۆ، لە دوو ڕووەوە بوونی پەروەردگار دەسەلمێنێت، لە ڕووی جووڵە ولە ڕووی سیستم. لە ڕووی یەکەمەوە، بڕیار لەسەر ئەوە دەدات کە جووڵەکان حەوتن. جووڵەیەکی بازنەیی، وە جووڵەیەك لە ڕاستەوە بۆ چەپ، وە لە چەپەوە بۆ ڕاست، وە لە پێشەوە بۆ دواوە، لە دواشەوە بۆ پێشەوە، هەروەها لە سەرەوە بۆ خوارەوە، لە خواریشەوە بۆ سەرەوە. بەڵام، ئاماژە بەوە دەدات کە جووڵەی جیهان جوڵەیەکی بازنەیی سیستماتیکە. دیارە، ئەوەش هۆکاری هۆیەکی ئاقڵە، ئەو هۆیەش پەروەردگارە، کە جووڵەیەکی بازنەیی بە جیهان داوە وشەش جۆرەکەیتری جووڵەی لێ قەدەغە کردووە.

لە ڕووی دووەمەوە، ناوبراو ئاماژە بەوە دەدات کە جیهان سەرتاپا تابلۆیەکی هونەری نگرۆ لە جوانییە، کە ناهێڵرێت بە لاڕێدا لابدات، ئەمەش شتێکی سروشتییە. ناکرێت، بەهۆی چەند هۆکارێکی ڕێککەوتنەوە، سیستمی ئاشکرای نێوان شتەکان هەمەکی بێت ولە نێوان بەشەکانیشدا زۆر بە وردی درێژەی پێبدرێت. بەڵکو، عەقڵێکی کامڵی کاملی دروست کردووە کە هەموو شتەکانی ڕێکخستووە وچاکەکاریش مەبەستییەتی. ئەمە، یەکێك بوو لەو بەڵگانەی پلاتۆ بە هۆیەوە بوونی پەروەردگاری سەلماندبوو..[3]

لە سەردەمانێکی نوێشدا، کەسێکی وەك هیگڵ* "فەلسەفەی ڕۆحیی" خۆی لەسەر ئەوە بونیاد ناوە، کە دەڵێت: "جیهان، بریتییە لە یەکەیەکی پێکەوە گرێدراو، ئەو یەکەیەش بریتییە لە یەکەیەکی

---

[1] امين محمد طليع: اصل الموحدين الدروز و اصولهم، ص ٩٢

[2] د. عبدالصبور شاهين: أبي آدم، قصة الخليقة بين الاسطورة و الحقيقة، دار اخبار اليوم، قطاع الثقافة– القاهرة، جمهورية مصر العربية، ١٩٩٩، ص ١٧١

[3] يوسف كرم: تأريخ الفلسفة اليونانية، الطبعة الاولى، دار القلم– بيروت، لبنان، آيار– مايو– ١٩٧٧، ص ٨١

* جۆرج ڤیلهیلم فریدریك هیگڵ: (١٧٧٠– ١٨٣١ز)، لە شاری شتوتگارت لەدایك بووە، سەرەتا وەك مامۆستا ودواتر لە ڕۆژنامەدا کاری کردووە. پاشان بووە بە بەڕێوەبەری قوتابخانە وسەرەنجام بووە بە پرۆفیسۆری فەلسەفە لە زانکۆی

ئۆرگانی که ئاوێته کراوه به ڕۆح یان به ئەقڵ." هەندێجار، ئەم عەقڵە یاخود ئەم ڕۆحە بە عەقڵی یەزدانی وهەندێجاریتریش بە وێنە ناوی دەبات. بەلای ناوبراوەوە، ئەم عەقڵە یان ئەم ڕۆحە، تەنها شتێکە کە بوونی ڕاستەقینەی هەبێت. جگە لەمە، هەرچی هەیە، لەنێویشیاندا ماتریالْ وجیهانی دەرەکی، خوڵقێنراو وبەرهەمی ئەم عەقلەن.[1]

هیگڵ، پێچەوانەی پلاتۆ، ئەرستۆ، پارمەندیس، دیکارت وسپینۆزا، بوونی ڕەها (واتە خودا)ی بە ڕاستەقینەیەکی نەگۆڕ ووەستاو دانەناوە، بەڵکو ئەم جۆرە بوونە هەمیشە لە جولاْن وگۆڕاندایە. ئەم خاڵەش، بە دیدی ناوبراوان نەگونجاوە، لەبەرئەوەی بوونی ڕەها، پڕ وتەواوە وگۆڕانکاری تێدا ڕوونادات. بوونی ڕەها، لە ناو فەلسەفەی دیالێکتیکی هیگڵدا وەکو بوونی مرۆڤ دینامیکییە وبەهۆی پرۆژەکانییەوە هەوڵی خۆتەواوکردن دەدات. ئەم کارەش، یان گۆڕانکارییەکانی ناو بوونی ڕەها، دیالێکتیکییە. خودا یاخود بوونی ڕەها، لە سەرتاوە خۆی وەکو سروشت (بوونێکی ماتەری ولە هۆش بەدەر) پێشان دەدات، پاشان خۆشی لە ئاست سروشتدا وەکی دژێك ڕادەوەستێت، ولە ڕێگای ناکۆکییەکانی نێوان سروشت وئەمەوە، بوونی ڕەها خۆی دەگەیەنێتە قۆناغێکی دیالێکتیکی پێشکەوتووتر ولەگەڵ سروشتدا یەکدەگرێت، و ژیانی بوونەوەرەکان دەهێنێتە وجودەوە..[2]

بە بڕوای ناوبراو، بوونی ڕەها، شتێکی بێهۆش ولە گیان بەدەر نییە. جا لەبەرئەوەی، هیچ بوونێکیتریش جگە لە بوونی خۆی لە ئارادا نییە، ئەوا بە تەنیا بیر لە خۆی دەکاتەوە. بەلاْم، هەموو بیرکردنەوەیەك ئاگاییە وئاگاییش هەمیشە لە ئاستی بابەتێکدا ڕوو دەدات..[3]

ئەمە، دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی کە ناوبراو بڕوایەکی تەواوەتی بە بوونی پەروەردگار وئایین هەبووە (بە بڕوای لایەنگرانی بەرەی ڕاستڕەوان)، پێچەوانەی بۆچوونی بەرەی چەپڕەوان. هەڵوێستی پۆزەتیڤی هیگڵ، لە ئاستی مەسیحایەتیدا، لەوەدا بوو کە بە دیدی ئەو وە بە گوێرەی لۆژیکە دیالێکتیکەکەی لە کەسایەتی عیسا پێغەمبەردا (س. خ)، بابەت ودژە بابەت، هەمەکی وبەشەکی، خودا ومرۆڤ یەکیان گرتووە وبوون بە یەك..[4]

---

هایدڵبێرگ ودواتریش زانکۆی بەرلین. خاوەنی بەرهەمێکی زۆر بووە وکاتێکیش کۆچی دوایی کردووە، شاگردەکانی دابەش بوون بەسەر دوو بەرەدا، بەرەیەکی ڕاستڕەو وە بەرەیەکی چەپڕەو. ناوبراو، یەکێك لە گەورەترین ڕووناکبیرەکانی ئەو سەردەمەی ئەڵمانیا بووە.

[1] د. موسى ابراهيم: معالم الفكر السياسي الحديث و المعاصر، مؤسسة عزالدين للطباعة و النشر- بيروت، لبنان، ١٩٩٤، ص ٢٣٩- ٢٤٠

[2] د. محەمەد کەمال: فەلسەفەی هیگڵ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧- ٢٨

[3] د. محەمەد کەمال: فەلسەفەی هیگڵ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢

[4] د. محەمەد کەمال: فەلسەفەی هیگڵ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩- ١٠

* **<u>دروستبوون</u>**

بابەتێکی ئایینیی فەلسەفیتر، کە یەکتاپەرستانی سەرقاڵ کردووە، پرسی ئەزەلیی دروستبوونە. ئاخۆ، چلۆن ئەم گەردوون وتێکڕای بوونەوەرانە دروستبوون، چ هێزێکی بەتوانای ئاوەزباوەڕ خوڵقێنەریتی، ئەمە وکۆمەڵێك دەربڕین ولێکدانەوە ومشتومڕیتر. لە نێوکۆی، کۆمەڵێك نامەی نهێنی یەکتاپەرستانی دەرزیدا، نامەی ژمارە (١٣) ئاماژە بەوە دەدات کە: " خودای گەورە ومیهرەبان، لە ڕووناکیی پیرۆزی خۆیەوە (نوره الشعشعاني) وە بە ویستی پیرۆزی خۆی، وێنەیەکی کامڵ وتەواوی دروست کرد، کە هەوێنی هەموو شتەکان بوو. هەربۆیە، گەر بیەوێت شتێك دروست بکات، دەفەرموێت (ببە، دەبێت). ئەم وێنەیەشی ناونا ژیری (عقل)، ئەم ژیرییە چەشە کرابوو بە ڕووناکی وهێز، کردار ووێنە، هەموو بوونەوەرەکانیشی تێدا ئامار کرا. ئەم ئاوەزە (عقل)، لە هەموو کات وسەردەمێکدا بوونی هەبوو، کە دواتر هەر خۆیشی بووە پێشوو (سابق)ی ڕاستەقینە.".[1]

کەواتە، بە فەرمانی پەروەردگار، لە ڕووناکی پیرۆزییەوە عەقڵ دروست بوو، وەك یەکەم ئەفراندن. بۆیە بە (بەڵگەی پەروەردگار– حُجّهُ الله) لە نێو بوونەوەرەکاندا لە قەڵەم درا. بەڵام، ئەم خوڵقاندنە، جۆرە لەخۆبایبوونێکی بۆ ئاوەز فەراهەم کرد، بەوەی ئەم ژیرییە هەستی کرد پەروەردگار لەم باشتر وجوانتر ودanاتری دروست نەکردووە وپێویستی بە کەس نییە وکەسیش دژی نییە. لە ڕاستیدا، ئەم هەنگاوەی ژیری، وەرچەرخانێکی بنەڕەتی ولادان لە خوڵقاندن وپشتکردنە ڕووناکی پیرۆز بوو. وەلێ، لێرەوە، پشتکردنە "بوون" (نەبوون)ی هێنایە کایەوە، هەروەها پشتکردنە "ڕووناکی" (تاریکی) هێنایە کایەوە.

ئاماژە پێدانی دەرزییان، هاوشێوەی دەربڕینی فەیلەسوفانی یۆنانییە، دەربارەی دروستبوون وبوون وپەروەردگار وزۆرێکیتر. فەلسەفەی گریکی، بە تایبەت ئەوەی پلاتۆ، دەربارەی دروستبوون، ئاماژە بەوە دەدات کە: "ئەوەی ڕوو دەدات، بە هۆی پێویستیی هۆکارێکەوە ڕوودەدات، ئەم جیهانە هەستپێکراوە وڕووداوێکی تاك لایەنەیە، * هەموو هەستپێکراوێکیش ملکەچی گۆڕانکاری وڕووداوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دروستکەرێکی هەیە. لەبەرئەوەی دروستکەرەکە چاکەکار بووە، وە چاکەکاریش دوورە لە بەرچاوتەنگییەوە، بۆیە ویستوویەتی ئەوەندەی لە تواناد ا بێت هاوشێوەی خۆی دروستیان بکات. تێڕوانینی وابووە، کە ئاوەزمەند (عاقل) لە نائاوەزمەند جوانترە، وە ئاوەزیش (عقل) تەنها لە دەروون (النفس)دا دەبێت. بۆیە، جیهانی بەبوونەوەرێکی ئاوەزباوەڕی (عقلاني) زیندوو وێنا کردووە. لەبەرئەوە، جیهان یەکە، چونکی دروستکەرەکەی یەکە، وە نموونەیەکی تاك وتەنیایە، مەحاڵە لە دەرەوەی ئەم یەکەیە هیچ شتێك بتوانێت کار بکاتە سەری وتێکی بدات. هەرگیز، نەخۆشی وپیریتی

---

[1] عبدالله النجار: مذهب الدروز و التوحيد، مصدر سابق، ص ٤٢

* ئەرستۆ، ئاماژە بەوە دەدات کە فەیلەسوفانی گریکی پێشوو بڕوایان وابووە کە سەردەم دێرینە، بەڵام تەنها پلاتۆ بڕوای بەوە هەبووە کە بەهۆی ڕووداوێکەوە بووە، وە ئاماژەی بەوە داوە کە لەگەڵ بوونی ئاسماندا بووە وخودی ئاسمانیش خوڵقێنراوی ڕووداوێك بووە. ئەوەش بەپێی سیستمێکی باڵا.

زەفەری پێنابات. بەڵام، دەروونی پێش جەستەی بووە، پەروەردگار لە گەوهەرێکی خودایی ساکارەوە وگەوهەرێکی سروشتیی دابەشبوو وە تێکەڵەیەك لە هەردووکیان دروستی کردووە. کاتێکیش بەدەنی جیهانی دروستکردووە، ئاگری کردووە بە بینراو، خاکیشی بەرجەستە کردووە، ئاو وهەواشی خستووەتە نێوەندەوە. بەڵام، لە سەرەتادا ئەم ڕەگەزانە وەها نەبوون، بەڵکو (ماتریالێکی فشەڵ) بوون....هتد." [1]

فەیلەسوفێکی سەردەمی نوێی وەکی هیگڵ، لەو باوەڕەدا بووە کە: گیان، شتێك نییە لە سروشتێکی بێگیانەوە دروست بووبێت، بەڵکو لە سەرچاوەیەکەوەیە کە بنەڕەتی بوونی پێکهێناوە. هەروەها، خۆی پرۆسە مێژووییەکەیە کە بریتیە لە واقع. هۆکاری پرۆسەی گۆڕانە مێژووییەکان بەلای هیگڵەوە، ئەو شتەیە کە بە ئەڵمانی پێی دەوترێت (Geist). ئەم وشەیە، مانای شتێکە لە نێوان گیان وهەستدایە، واتە (روح و ادراك). بەلای ئەمەوە، ئەم ماددەیە ماتەری بنەڕەتی (بوون)ە.. [2] لە ڕاستیدا، پێدەچێت ئەو ماددەیەی هیگڵ ئاماژەی پێداوە، هەمان مادده فشەڵە خاوەکە بێت کە دێرزەمان پلاتۆ باسی لێوە کردبوو، وە بە بنچینەی بوونی دانابوو، کە پێشتر ئاماژەمان پێدا..

بە بڕوای هیگڵ، بوونی ڕەها (خودا)، هۆشەکییە وخاوەنی بیرکردنەوەیە، پێش ئەوەی هیچ شتێك لە بووندا هەبووبێت، ئەو هەبووە وبە ئاگا بووە. بەڵام، بیری لە خۆی کردووەتەوە، خۆی بووە بە بوونەوەرێکی بیرکەر وبیرلێکراویش، ئەمەش دوو لایەنی دژوار ئاماژە دەکات. بابەتی بیرلێکراو، کە لە بنەڕەتدا، بوونی ڕەها خۆیەتی ولێی جیابووەتەوە وخەسڵەتی جیاوازی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، دەبێت بە سروشت یان جیهانی ماتریاڵ. لێرەدا، ماتەر لەگەڵئەوەی لە هۆشی ڕەهاوە دەرچووە ولێی جیابووەتەوە، ئەوا ئەم جیابوونەوەیە لە لای هۆشی ڕەها، هەستکردنێکی قووڵ بە نامۆیی دروست دەکات. بۆیە، هۆشی ڕەها، لە ئاکامدا هەوڵ دەدات بەسەر ئەو نامۆییەدا زاڵ بێت، وبەم نیازەوە جارێکی تر لەگەڵ بابەتە دژوارەکەیدا یەك دەگرنەوە. یەکگرتنەوەی ئەم دوو بابەتە دژوارە، کارێکی مەحاڵ نییە، لەبەرئەوەی هەردوو بابەتی دژ، بوونی ڕەها خۆیەتی، بەڵام لە شێواز وفۆرمێکی تردا. ئەم یەکگرتنەوەیە (هۆش وماتەر)، ژیان بە بابەتی بیرلێکراو دەبەخشێت ولە ئەنجامی ئەم گۆڕانکارییانەدا بوونی مرۆڤیش دێنێتە کایەوە. ئەو هێزەی گۆڕانکارییەکان لە ئەنجامی ناکۆکییەکاندا پەیدا دەکات، هێزێکی ڕەتکردنەوە ونێگەتیڤە، کە دەبێتە سەرچاوەی بوون. هەموو گۆڕانکارییەك، ڕەتکردنەوەی واقعێکی وەستاوە ودامەزراندنی واقعێکی نوێترە، کە لەو واقعە وەستاوە لەپێشتر وباشترە.. [3]

لە ئۆرگانی (ویکیپیدیا)دا، ئاماژە بە بابەتی فەلسەفیی دروستبوون لە ڕوانگەی یەکتاپەرستانی دەرزییەوە دراوە، وتێیدا هاتووە کە: "بەم شێوەیە لە ملکەچ بوونی عەقڵەوە (یاخیبوون)، وە لە ڕووناکییەوە (تاریکی)، لە خۆبەکەمزانییەوە (خۆ بەگەورەزانی)، وە لە زانینەوە (نەزانین) هاتووەتە کایەوە. واتە، چوار مۆرکی خراپ، لە هەمبەر چواری باش هاتووەتە کایەوە. لێرەوە، عەقڵ هەستی کرد

---

[1] یوسف کرم: تأريخ الفلسفة اليونانية، مصدر سابق، ص ٨٣– ٨٤

[2] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٨

[3] د. محەمەد کەمال: فەلسەفەی هیگڵ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣– ٣٥

سەری لێشێواوە، بۆیە دانینا بە بێتوانایی خۆی ولێبوردن وپاڕانەوەی گرتەبەر، تا خودا زاڵی بکات بەسەر ئەم دژانەدا. پەروەردگاریش، ئەم پاڕانەوەیەی لێ قبوڵ کرد، بەڵام دەروونی گشتی (النفس الكلية)ی دروست کرد، بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم دژانەدا. دەرکەوتنی دەروون، لە نێوان ڕووناکی عەقڵ وتاریکی دژدا بوو، بە دەرکەوتنی ژیان وکردارەکان هاتە گۆڕێ. بەڵام، بەهۆی دروستبوونی ڕەگەزی بەربەرەکانییەوە وەك یارمەتیدەرێکی دژ، ژێری ودەروون (العقل والنفس) هەردووکیان ناچاربوون هەوڵ بدەن بەسەریدا سەر بکەون. بۆیە، لە ئەنجامدا ڕووناکییەکیتر لە دەروونەوە دەرکەوت، کە وشەی بێکۆتایی (الكلمة الازلية) بوو. وە لەو وشەیەوە، ڕابردوو یان پێشوو (السابق) دروست بوو، وە لەویشەوە داهاتوو (التالي) دروست بوو. لەو سنوورەشدا، چاکە وخراپە وەکی یەك پەسەند کرا، هەروەها بەشێکی زۆر لە ڕووناکی وکەمەکێکیش لە تاریکی، بەمەش دادوەریی پەروەردگار سەلمێنرا.."

- **ئایین**

بە بڕوای یەکتاپەرستانی دەرزی، گوڵەوەچنەی ئایین یان کرۆکی ئایین، ئەوەیە کە ویژدانی مرۆڤ پوخت بێت. بە مانایەکی دی، کەسی باوەڕدار بە ئایینی یەکتاپەرست، پێویستە ویژدان پاڵافت ولەخواترس بێت، ئینجا دەتوانێت بەم ویژدانە پاڵوتەیەوە، هەستێت بە پیرۆزکردنی دادوەری وحیکمەتی پەروەردگاری. هەربۆیە، یەکتاپەرستان بە گوناهی دەزانن، گەر کەسێك هەستێت بە قوربانیی پێشکەش کردن ونوێژ وڕۆژو بەجێهێنان وەك ئەرکێکی ئایینی، لە کاتێکدا ئەو کەسە نگرۆی تاوان وخراپەکاری بووبێت. ئەوەش، لەبەرئەوەی ئەو قوربانییە بە حەڵاڵ نازانن کە تێکەڵ بە گوناهکاری وتاوان بووبێت، هەروەها نوێژەکانیشی تێکەڵ بە لادان وکاری نابەجێ بووبێت..[1]

هەروەسا، ئەوان ئایینزاکەیان بە پوختەی ئایینەکان وهەوێنی فیکری ئیسلامی وبزوتنەوەی چاکسازی دەزانن، هەربۆیە هەردەم هەوڵی سەرکەوتن بەسەر بیروباوەڕە نامۆکان ونەهێشتنی هاوبەش پەیداکردنیان دەدا، وە ئایینزاکەشیان بەو ئایینزایە دەزانن کە ناکۆکی نێوان شیعەکان وسوننەکان بنبڕ دەکات..[2]

لەم بارەیەوە، مێژوونووسی گەورەی عەرەب، (عەلی وەردی) * کاتێك باس لە ئایین دەکات

---

[1] طليع، امين محمد: اصل الموحدين الدروز واصولهم، مصدر سابق، ص٩١

[2] العسراوي، د.نجيب: المذهب التوحيدي الدرزي، مصدر سابق، ص ٧١

* دکتۆر عەلی وەردی: عەلی حسێن موحسین ئەلوەردی (علي حسين محسن الوردي)، ساڵی (١٩١٣ز) لە (کازمییە) لە بەغداد لەدایك بووە. زانایەکی سۆسیۆلۆژی ومێژوونووسی عێراقی بووە، لە کاتی خۆیدا کەسێکی ڕیالیزمیی میانڕەو وە سەرقافڵەی عەلمانییەتی عێراق بووە، (٨٢) ساڵ ژیاوە. تەمەنی منداڵیی، دژوار بووە وخەریکی پەیداکردنی بژێوی ژیانی خۆی بووە، بەو هۆیەوە لە ساڵی (١٩٢٤ز) دا خوێندن بەجێ دەهێڵێت. بەڵام دواتر دەچێتەوە خوێندنگەی شەوانە وبەو

دەنووسێت: "ئیسماعیلییەکان، لەو باوەڕەدا بوون کە هەموو شەریعەتەکانی پەیامبەران دوو ڕووی ناوەکی ودەرەکییان هەبووە (ظاهر وباطن). دەرەکیەکەی (واتە ڕووکەش)، چارەسەری دەروونە نەخۆشەکانی زۆرینەی خەڵکی پێکراوە، بەڵام ناوەکیەکەی کە مەبەستی سەرەکی ئایینی لەخۆ گرتووە، بۆ چاکسازی کۆمەڵایەتی بووە. هەڵبەت، ئەمەش نهێنییەك بووە کە کەس تێینەگەیشتووە، تەنها پەیامبەران وفەیلەسوفان وزانایان وتێگەیشتووان نەبێت، واتە کەمینەیەکی کۆمەڵگای ئیسلامی." [1]

وێڕای ئەوانەی وتران، نووسەر ئاماژەی بەوەش دابوو کە (نهێنی پەیڕەوکردن) ببووە مۆرکێکی دیاری ئیسماعیلییەکان، هەروەك (موعتەزیلە– معتزلە)کانیش. بەڵام، جەختی لەوەش کردبوو کە ئیسماعیلییەکان پەندیان لەو هەڵانە وەرگرتبوو، کە پێشتر موعتەزیلەکانی تێکەوتبوون، چونکی ئەوان بۆچونەکانیان لەگەڵ زۆرینەی خەڵکی ئەو سەردەمەدا نەدەگونجا. هەربۆیە، ئیسماعیلیەکان سیستمی ئایینیی خۆیان لەسەر بنچینەی چینایەتی ئاوەزی (الطبقة العقلیە) دامەزراندبوو، واتە ئەوەی بۆ چینێك دەستی دەدا مەرج نەبوو بۆ چینێکیتر دەستی بدایە، دیارە بەم کارەشیان سەرکەوتنیان بەدەست هێنابوو. لەم هەلومەرجەدا، بزوتنەوەکانی (قەرامیتە وحەشاشەکان– القرامطة والحشاشین)، دوو نموونەی زەقی ئەو سەرکەوتنەیان بوو، کە ماوەیەکی زۆر ململانێیان لەگەڵ عەباسیەکاندا دەکرد. وەڵێ ئەم وتەیەش، خۆی لەو بزوتنەوە شۆڕشگێڕییانەدا دەبینییەوە کە لە سەدەکانی سێ وچواری کۆچی/ نۆ ودەی زایینیدا ڕوویدابوو..

- **ژیری (عەقڵ)**

ئاوەز یاخود ئەقڵ، ئەو ماتەرەی زۆرترین مشتومڕ هەڵدەگرێت. شایستەی وتنە، یەکتاپەرستانی دەرزی لە دێرزەمانەوە وهەردەم لە دۆزینەوە وکارپێکردنی نێوەندێکدا بوون، تاوەکو بەهۆیەوە پەیوەندی ئەزەلی نێوان ئایین وفەلسەفە بدۆزنەوە. هەڵبەت، ژیری ئەو نێوەندەیە کە ئەوانیش وئێمەش ئاماژەی پێدەدەین. هۆشیاری وئەقڵی مرۆڤ، خۆی ئەو پرەنسیپ وبونیادانە دادەهێنێت کە بۆ کۆمەڵگاکەی

---

جۆرە خوێندن تەواو دەکات و وردە وردە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، تا دواجار بۆ خوێندنی بەکالۆریۆس ودکتۆرا لە ساڵانی (١٩٤٨ و ١٩٥٠ز)، واتە لە دوومێژووی جیاوازدا دەنێردرێتە زانکۆکانی ئەمریکا ولەوێ خوێندنی باڵا تەواو دەکات. دواتر دەگەڕێتەوە بۆ عێراق ولەپاشدا بەرزترین پلەی مامۆستایی پێدەدرێت. بەڵام بەهۆی نەگونجانی بیروڕای ناوبراو لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا، ئەو پلە باڵایەی خوێندنی لێدەسێنرێتەوە وزۆرینەی کتێبەکانیشی یاساغ دەکرێن. دواجار لە ساڵی (١٩٧٠ز) لەسەر داوای خۆی خانەنشین دەکرێت. وەڵێ، ئەم ماوە هەستیارەی ژیانی ناوبراو، بە سەرەتای گەشەی فیکریی ئەو دادەنرێت. ئیدی لێرە بەدواوە هەموو ژیانی خۆی بۆ نووسینەکانی تەرخان دەکات. لە (١٣/ تەمموز/ ١٩٩٥ز) کۆچی دوایی دەکات.

[1] د.علي وردي،: منطق ابن خلدون في ضوء حضارته وشخصیته، الطبعه الاولى، منشورات سعید بن جبیر– قم المقدسه، جمهوریة ایران الاسلامیه، ٢٠٠٥، ص ١٨٤

**دەگونجێن وپایەی ماڵەکەی ڕادەگرن..[1]**

**یەکتاپەرستان، لە نامەی نهێنی (٥٤)دا، جەختییان لەسەر ئەوە کردبوو کە مەسیحی پیرۆز (س.خ) ژیری (عقل) بووە. لە سەردەمی پەیامبەری ئیسلامدا (د.خ)، ژیری (سەلمانی فارسی) بووە، وە لە سەردەمی خەلیفە حاکمدا، ژیری (حەمزە) بووە. خەلیفە حاکم، وەکی باوك وابووە بۆ (حەمزە)، هەروەك چلۆن پەروەردگار باوك بووە بۆ مەسیحی پیرۆز..[2]**

**لێرەدا، ژیری خۆی لە کەسایەتییەکی پیرۆزدا نواندووە. هەروەها، لە (کتێبەکانی دانایی– کتب الحکمە)ی یەکتاپەرستاندا، باس لەوە کراوە، کە پەروەردگار لە ڕووناکی پیرۆزییەوە وە بە ویستی پیرۆزی خۆی، وێنەیەکی تەواو وڕوونی خستبووە ڕوو، کە هەوێنی هەموو شتەکان بووە، داهێنانەکانی لێوە دروست ببوو، ئەم وێنەیە بە ژیری (عقل) ناوبرا بوو..[3] (پێشتر ئاماژەی پێدرا)**

**بەپێی نامەی (١٣)، ئەم ئاوەزە بە ڕابردوو (السابق)ی ڕاستەقینە ناوبرابوو، وە بە (هۆکاری هۆکارەکان– علّة العلل) وە (نقطة البیکار) ناوبرابوو، کە ئایدیاکان وبیروبۆچوونەکانی لەخۆ گرتبوو. ژیری، گەوهەرێکی ڕۆحانی سادە بوو، وەلێ یەکەمین سنووری ڕۆحانی بوو کە ملکەچ بوو بۆ پەروەردگار وداهێنانە پیرۆزەکانی، کە دواتر دەبووە بەڵگەی پەروەردگار (حجّە الله)، لە نێو بوونەوەرەکاندا..[4] بیروباوەڕی ئیسماعیلی، بنچینە فەلسەفییەکانی لە بیردۆزە ئەفلاتونییەکانەوە وەرگرتبوو، نەوەك لە ئەوپەڕگیرە شیعەکانەوە (غلاە)..[5]**

**هەژیی گۆتنە، لە سەفری تەکوین (سفر التکوین)ی تەوراتدا، هاتووە ودەفەرموێت: "انّ الله تعالی، خلق الانسان علی صورته ومثاله باراً مستقیماً، مزیّناً بالعقل و الارادة و الحریّه، وخوّله السیادة و السیطرة علی جمیع المخلوقات، وأسکنه في جنّة عدن التي خلقها خصیصاً له." [6]**

**مانای، "پەروەردگار مرۆڤی لە جوانترین وێنەدا دروست کردبوو، ڕازاندبویەوە بە مێشك وویست وئازادی، سەروەری وباڵادەستی بەسەر تێکڕای بوونەوەرەکاندا پێبەخشیبوو، وە لە بەهەشتدا نیشتەجێی کردبوو کە بە تایبەت بۆ ئەوی دروست کردبوو." مەبەستی سەرەکی ئێمە لێرەدا، ئەو ئاماژەدانەیە کە بە عەقڵ دراوە وهاوتای ویست وئازادی کراوە.......**

**هیگڵی فەیلەسوف، یەکێك بوو لەوانەی گرنگییەکی زۆری بە ژیری دابوو، بە بەخشینێکی پیرۆزی پەروەردگاری زانیبوو، پێی وابوو کە دواجار ژیری لە (دەوڵەت)دا بەرجەستە دەبێت، یاخود دەتوانین بڵێین، ژیری کاتێك دەگاتە دواقۆناغی خۆی، کە لەسەردەمی سەرهەڵدانی کۆمەڵگای نوێدا**

---

**[1] ڕێبوار سیوەیلی: سۆفیستەکانی یۆنان لە ستایشی فەلسەفەی کەمایەتیدا، چاپی یەکەم، دەزگای موکریانی– هەولێر، ٢٠٠٩، ل ١٢٤**

**[2] عبدالله النجار: مذهب الدروز والتوحید، مصدر سابق، ص ١٣١**

**[3] د.نجیب العسراوي: المذهب التوحیدي الدرزي، مصدر سابق، ص ٢٩**

**[4] امین محمد طلیع: اصل الموحدین الدروز و اصولهم، مصدر سابق، ص٩٣**

**[5] سعد رستم: الفرق و المذاهب الاسلامیة منذ البدایات، مصدر سابق، ص ٣٠٤**

**[6] الأب اسحق ساکا: الاله المتجسد بحسب اعتقاد الکنیسة السریانیة الارثوذکسیة، الطبعة الثانیة، مطبعة شفیق– بغداد، عراق، ١٩٧٠، ص ٢٤٢**

بەدەوڵەت شاد ببێت، (هەڵبەت لە ڕوانگەیەکی سیاسییەوە ئەمەی وتووە). ئاماژەی بەوەش دابوو، کە جیهان یەکەیەکی یەکگرتوو بووە ولە ژێری ودەروون پێکهاتووە، (پێشتر باس کرا). هەربۆیەش، وتبووی "عەقڵ سەرداری جیهانە." وە لە سروشتی ئەم عەقڵە دەستڕۆیشتووەش، ئەوەیە کە دەبێت هەموو شتێك بزانێت..[1]

بە بڕوای ناوبراو، ولەگەڵ بەرز ڕاگرتنی ژێری، وە لە گەڵئەوەی عەقڵی جیهانی یان ڕۆحی جیهانی شێوەبەندی ودروستکردنی مێژوو دەگرێتەخۆی، کەچی هیکڵ بە گومان بوو لە ژێری تاکەکان وتوانایان، بەو شێوەیەی کە ئایدیالی خۆیی ئەڵمانی وئەزمونگەیی ئینگلیزی پێشکەشی کردوون. ئەوەش، لەبەر ملکەچبوونی یەکەم بۆ ئارەزووی تاکگەرایی، وە کورتبوونەوەی دووەم لە زانیارییە مرۆییەکان..[2]

لە پێغەمبەری خوداوە، محەممەد (د.خ)، دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی:

**اوّل ما خلق الله العقل، قال له أقبِل فاقبَل، ثمّ قال له أدبِر فأدبر....**[3]

واتە " یەکەمین شت کە پەروەردگار دروستی کرد عەقڵ بوو، فەرمووی پێی وەرە نزیکبەرەوە، نزیکبووەوە، پاشان فەرمووی تێپەڕە، تێپەڕی...." هەڵبەت، پێغەمبەری ئیسلامیش (د.خ) ئاماژەی بە گرنگی وپیرۆزی ژێری داوە، کە هاوکاتە لەگەڵ بابەتەکەدا.

پاش چوار سەدە، ئایینزای یەکتاپەرستانی دەرزی هاتە گۆڕێ، بۆئەوەی سازاندنێك لە نێو ئایدیالیزم وسۆفیگەرێتی (المثالیة و الصوفیة)دا بەرپا بکات. هەربۆیەش، "ژیری گشتی" هەڵقوڵاوی پەروەردگاری کردبووە بنەڕەتی بوونەکان. ئەمەش، لەو ڕوانگەیەوەی کە خودای تاك وتەنیا، یەکەمینجار ژیری (هۆکاری تێکڕای شتەکان)ی خوڵقاندووە، هەروەها لە ڕووناکی پیرۆزییەوە بوونەوەرەکانیشی دروست کردووە. لەم ڕووەوە، لەگەڵ کۆمەڵی ئیخوان سەفا وموعتەزیلە وئیسماعیلییەکاندا هاوڕا دەبێ، ئەوانەی دەیانووت "ژیری مرۆیی، بە پەیوەندیکردنی بە ژیری گشتییەوە، دانایی دەستگیر دەبێت. ئەو پەیوەندییەی نێوانیشیان، وەکی پەیوەندی نێوان وزە وماتەرە (الطاقة والمادة)، هەرگیز لێك جودا نابنەوە وبەهۆیەوە مرۆڤ لە خودای خۆی نزیك دەبێتەوە. ڕێژەی ئەم نزیکبوونەوەیەش، ڕووبەڕووی ڕاستییەکانی دەکاتەوە، کە سەرچاوەی بەختەوەرییە..[4]

ماوەتەوە سەر ئەوەی، کە بڵێین: ئایا هەموو ئەوانەی ئاماژەیان پێدرا، یەکپارچەیی ئایینزای یەکتاپەرستانی دەرزی وفەلسەفە ناگەیەنێت؟ یاخود تێهەڵکێشبوونی ئایینزاکە وفەلسەفە ناگەیەنێت؟ خۆ ئەگەر بڵێین وانییە، دەبێت بیسەلمێنین. بەڵام، پێچەوانەکەی، ئەوەیە کە پێشتر سەلمێنرا، ئەویش لە ڕێی ئەو شرۆڤەکاری وڕوونکردنەوانەوە کە ئاماژەمان پێدا. کەواتە، ئەو سەردێڕەی لە سەرەتادا ئامادە

---

[1] د. موسی ابراهیم: معالم الفکر السیاسي الحدیث و المعاصر، مصدر سابق، ص٢٤٠

[2] د. عبدالرضا حسین الطعّان: تأریخ الفکر السیاسي الحدیث، دار الحکمه للطباعة و النشر– بغداد، عراق، ١٩٩٠، ص ٥١٧

[4] عبدالله النجار: مذهب الدروز و التوحید، مصدر سابق، ص ٤٤

[4] عبدالله النجار: مذهب الدروز والتوحید، مصدر سابق، ص ٤٤

کرابوو بۆ لێکۆڵینەوەکە، کە (دەرزی، فەلسەفەیە یان بیروباوەڕ؟) پڕاوپڕی خۆیەتی، لێوانلێوە لە ڕاستی. هەربۆیە، ئاساییە کە بڵێین ئایینزای یەکتاپەرستی وفەلسەفە و ژیربێژی تێکەڵبوون بە یەکتر. مانای، پیاوانی ئایینیی یەکتاپەرستانی دەرزی، کاتێك سێریمۆنی ئایینی بەجێ دەگەیەنن، یان خەریکی کاروباری ئایینی وخوداپەرستین ولاپەڕەکانی بنەما ئایینییە دێرینەکانیان هەڵدەدەنەوە، ئەوا مانای تاووتوێکردنی فەلسەفە وبەئاوەزکردنی ئەو بنەما ئایینییانەن، تاوەکو پایەیەکی فەلسەفی تۆکمەیان پێببەخشن.

ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ئەم میکانیزمی کارکردنەیە، کە گومڕایی لەلای ئەقڵییەتی پیاوانی ئایینی وئەقڵییەتی شۆڤێنی وڕاسیزمی عەرەبی ودەسەلاتی تیۆکراسی عەرەبی دروست کردووە. بەڵێ، دەسەلاتی سیاسی لەو سەردەمەدا ولە ئێستاشدا، ئەم شێوازی خوداپەرستی ونهێنگرییەی بە گەورەترین مەترسی بۆ سەر ئایینەدەی خۆی وپێگەی ئایینیی لێکداوەتەوە، بەوەی دەشێت لێکترازانێك لە نێوان پایەکانی ئایینی ئیسلامی پیرۆزدا بخوڵقێنێت. ئەمە وبێجگەلەوەی، دەشێت دەقە ئایینییە پیرۆزەکان، چەندین لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ بکرێت.

مێژووی ئیسلامیی، هەر لە یەکەمین دەیەکانی سەدەی یەکەمی کۆچییەوە، چەندین جۆری توندڕەوی وزێدەڕۆیی بەخۆوە بینی، کە هێشتا شوێنەواری هەندێکیان بە شێوەیەك لە شێوەکان، لە گۆڕەپانی هزری ئایینی عەرەبیی هاوچەرخدا ماوەتەوە. ئەگەر هاتوو، ئێمەش بزاڤە توندڕەوییەکانی ئیسلامی پیرۆزمان هەر لە "ئاژاوە گەورەکە"وە، تاوەکو ئێستا خستە ڕوو، ئەوا بە بێ بواردن دەبینین پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی بە سیاسەتەوە هەیە. ئەوەش، تا ڕادەیەکی ئەوتۆ ڕێگەمان پێدەدا کە بڵێین "توندڕەوی لە ئیسلامدا، هەمیشە جۆرە گوزارشتێك بووە لە هەڵوێستی سیاسی دیاریکراو،" ئەوەش کارێکە تێگەیشتنی ئاسان دەبێت، ئەگەر هاتوو لە ئەزموونی شارستانییەتی عەرەبی پەیوەستی ئایین بە سیاسەت وە سیاسەت بە ئایینمان لەبەرچاو گرت. چونکە، سیاسەت بە ناوی ئایینەوە پیادە دەکرا وشەرعییەتی تێدا دەویسترا. ئەوەش وایکرد، کە ململانێی سیاسی بە زۆری لەژێر چەتری ئاییندا ئەنجام بدرێت..[1]

کەواتە، گەیشتینە ئەو بڕوایەی کە دەسەلات، هەردەم هەوڵی قۆرخکردنی بارودۆخەکەی داوە، جا بەناوی پیرۆزییەوە بووبێت یان بە ناوی پارێزگاریکردن لەداموودەزگا. ئەمەش وایکردووە، کە یەکتاپەرستانی دەرزی، هەردەم لە گێژاوی گومڕایی وپاکژیدا بن، هەستیارانە ڕەفتار بکەن، زۆربەی بۆچوونەکانیان پەنهانی بن، وەڵێ ئازادانە بیرکەنەوە، بەلام نهێنبڕانە ڕای خۆیان دەربڕن. لەبەرئەوەی ئایینزایەکی چاکسازی نهێنگری چەشەکراو بە فەلسەفەیە، یاخود ئاینزایەکە، کە بە بڕوای ئەوان کار لەسەر بەرەوپێشبردنی ئایینی ئیسلامی پیرۆز دەکات، ودەیەوێت لە ڕوانگەیەکی فەلسەفییەوە بنەما ودەقە ئایینییە پیرۆزەکان هەڵبسەنگێنێت. ئەوان، کار لەسەر تێهەڵکێشکردنی ئایین وفەلسەفە دەکەن، یان دەتوانین بڵێین ئایینزای یەکتاپەرستی، بیروباوەڕێکی فەلسەفییە، ئەمەش لەگەڵئەوەی لەگەڵ

[1] د. محەمەد عابد جابری: ئایین ودەوڵەت وپیادەکردنی شەریعەت، و: فوئاد سدیق، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی موکریانی– هەولێر، کوردستان، ٢٠٠٦، ل ١٣٠

خواستی دەسەڵاتدا ناگونجێت، بەڵام دەبێت ئەوەش باش بزانین  کە ئەمە کارێکە بە کەسانی فەیلەسوف دەکرێت. بۆیە، هەرگیز هەڵە نییە، گەر بڵێین "یەکتاپەرستیی دەرزی، بیروباوەڕ وفەلسەفەیە."

# دەرەنجام

دیارە هەموو ئایین وئایینزایەك، خاوەنی چەندین بنەما وپرەنسیپی تایبەت بە خۆیەتی. لەوەش زیاتر، خاوەنی کۆمەڵێك خەسڵەت وجڤاتی تایبەت بە خۆیەتی، کە پێگەیەکی جوگرافی- مێژوویی هەیە وشوناسێکی تایبەت وجودای پێبەخشیوە. واتە، شووناسێك کە هێڵی جیاکەرەوەی ئەم ئایین یاخود ئایینزایەیە. دواجاریش، تێز وئەگەرەکان وشرۆڤەکان لەم ڕوانگەیەوە دەردەکەون........

ئایینزای یەکتاپەرستانی دەرزی، بەدەر نییە لەو ئاماژەدانەی باسی لێوەکرا. واتە، خاوەنی ئایینزایەکی لەمێژە، کە بووەتە شووناسێکی پڕ بەها وپڕ پرەنسیپ بۆی. ئاشکرایە، کە دەرزییەکان وئایین وئایینزاکانی هاوشێوەیان، تێکڕا خوازیاری کارکردنن بە فەلسەفە وژیربێژی (منطق)، یاخود بنەما ئایینییەکان تێهەڵکێش بە بنەما فەلسەفییەکان بکەن، وە یان هەڵسەنگاندنێك لە نێوان کۆڵەکە ئایینییەکان وپایە فەلسەفییەکاندا بکەن، بەوەی بیروباوەڕێکی فەلسەفییە، کە دەشێت ئەم کارە لەگەڵ بیروبۆچوونی بەشێك لە پیاوانی ئایینی ئیسلامی پیرۆزدا نەگونجێت. دیارە، ئەمەش لێکتێنەگەیشتن وحاڵی نەبوونێك دروست دەکات، کە هۆکارەکەی، نەبوونی دیالێکتیك یا دژیەکی ئایدیا وە یان کارلێکی بەرژەوەندی، یاخود مەبەست وئارمانجێکی تایبەتە. وەلێ، لایەن ودەستە وتاقمێکیش هەن، کە کار لەسەر گەورەکردن وزیاتر لێك تێنەگەیشتنەکە دەکەن.

زۆرجار، باڵادەستیی زۆرینە یان پیاوانی ئایینی، وە مۆنۆپۆڵکردنی دەسەڵاتی دینی ودنیەوی، هەروەها قۆرخکردنی ئەو دەسەڵات وئاستە باڵایانەی دامودەزگا دەوڵەتییەکان، وا پێویست دەکات کە دەسەڵات هێندە گوێبیستی داوا ڕەواکانی کەمینەیەك نەبێت. بەڵام، ئەو کەمینەیە گەر خاوەنی هەر بۆچوون وئایدیۆلۆژیا ومەزهەب وشارستانێتییەك بێت، ئەوا پێویستە لەلایەن زۆرینەوە ڕێز لە خواستەکانیان بگیرێت، بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە. ئەمە لە کاتێکدا، ئەگەر ئەو دەوڵەتەی ئەو زۆرینەیە کە باڵادەستە تیایدا، دەساودەستکردنی دەسەڵات دێموکراتییانە بێت تیایدا، واتە دێموکراتی مسۆگەر بێت. بەڵام پێچەوانەکەشی، مانای پێچەوانەی ئەم وتانەی وتران، یان بوونی سیستمێکی تۆتالیتاری یاخود ئۆتۆکراتی وە یان تیۆکراسی (ثیوکراسي) توندڕەو، کە هەموو پێچەوانەیەکی بۆچوون وئایین وئایدیۆلۆژیا وڕەگەز وبەرانبەرێك ڕەت دەکاتەوە.

هەژیی گۆتنە، یەکتاپەرستانی دەرزی، لەگەڵئەوەی هەردەم جەخت لەسەر ئیسلامبوون وڕەگەز عەرەبی خۆیان دەکەن، کەچی لە تێڕوانینی ئەواندا، تاکی دەرزی لە نێو بازنەی گومڕاییدا دەسوڕێتەوە. هەڵبەت، ئەوانەی وتران، فاکتەری سەرەکی ئەو گومڕاییەن. لە ڕاستیدا، ئاوەزی کۆنزەرڤاتیڤانە وفەندەمێنتاڵیزم وئیسلامگەرایی بە شێوە داخراوەییەکەی، هەموو هەوڵێکی فەلسەفییانە ڕەت دەکاتەوە، یان دژ بە دروستکردنی بالانسێکە لە نێو ئایین وفەلسەفەدا. ئەمەش، وەبیرهێنانەوەی ئەو ڕاستییەیە کە هەموو دەسەڵات وباروودۆخێکی باو، پارێزگاری لە بوون وداکەوت وئارامی خۆی دەکات، ودژی هەموو تێز وگۆڕانکارییەکی ڕادیکاڵانەیە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە، لەگەڵئەوەی ئاماژەدانە بە بوون وئایینزا وپێگەی یەکتاپەرستانی دەرزی، لە هەمان کاتیشدا باس وخواسێکی ڕەوانبێژی وفەلسەفەیە. هەربۆیە، بابەتەکە بەسەر دوو تەوەردا دابەش کراوە. تەوەری یەکەم، باس لە ڕاستی وشەی "دەرزی" دەکات، کە بۆچی بەو ناوەوە ناونراون، هەرچەندە یەکتاپەرستان خوازیاری ئەوەن کە ناو ببرێن بە (الموحّدون). هەروەها، لە هەمان تەوەردا، باس لە بنەماڵە وخێزانەکانیان وە چینەکانی کۆمەڵگا وپێکهاتە کۆمەلایەتییەکانیان، ودواتریش ئەرکە ئایینییەکان کراوە. لە نێو بنەماڵە دێرینەکانی یەکتاپەرستاندا، ئاماژە بە "جانبولاد یان گیانپۆلا"کان (جنبلاط) دراوە، وەك یەکێك لە بنەماڵە دێرینە کاریگەرەکانی یەکتاپەرستان، کە نەژادیان کوردە. وەلێ، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بنەماڵەی "جانبولادەکان" پێگە وقورساییەکی تایبەتی خۆیان هەیە، بە تایبەت لە لوبنان، کە یەکلاکەرەوەی هاوکێشە سیاسییەکانن..

تەوەری دووەم، باس لە فەلسەفە وبیروباوەڕیان دەکات، کە بەسەر چەند بەشێکدا دابەش بووە. لەوانە، فەلسەفەکانی دۆناودۆن ونرڤانا وئاوێتەبوون، کە ئەمەش ناوەڕۆکی فەلسەفە وهەوێنی ئایینزای یەکتاپەرستانە. هەڵبەت، بە تێروتەسەلی ئاماژە بەم بابەتانە دراوە. پاشان، دێینە سەر باس وخواسی پایە فەلسەفییەکان، کە خۆی لە خودا وخوداپەرستی ودروستبوون وئایین وژیریدا دەبینێتەوە. هەموو ئەم ئاماژە پێدانانە، بۆ ئەوە بوو کە بیسەلمێنین فەلسەفە وژیربێژی، خەلە وخەرمانی ئایینزای یەکتاپەرستانی دەرزییە. واتە، ئەوە بسەلمێنین کە ئایینزای ئەوان چەشەکراوە بە فەلسەفە، لەوەش زیاتر، هەموو تاکێکی باوەڕدار بە ئایینزاکە، یاخود هەموو تاکێکی سەر بە (عقال)، کاتێك سەرقاڵی خوداپەرستی دەبێت، ئەوە مانای ڕستن وچنینی فەلسەفە دەکات، واتە ئەو بەڕەیەی لە نێو خانەی یەکتاپەرستیدا دادەخرێت، تانوپۆی فەلسەفەیە وبەرهەمی دەست وپەنجەی کەڵە پیاوانی ئەم ئایینزایەیە. بۆیە، زۆر گرنگە پەی بەو ڕاستییانە ببەین ولەوە ئاشکرابین کە ئایینزاکەیان وفەلسەفە، دوالیزمی داکەوتی یەکتاپەرستییە.

پاش ئەوەی کۆتایی بەم دوو تەوەرە دێت، بەشی پاشکۆکان دێتە پێش، کە کۆمەڵێك وێنە ونەخشەی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت، ئەو نەخشانە بەڵگەنامەی ئەو ڕاستییەن کە مەنزڵگەی پەیامبەریان (هەمزە کوڕی عەلی زۆزانی) ناوجەرگەی خاکی کوردستانی گەورەیە، بەوەی ناوچەی "زۆزان" ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر دەریاچەی (وان)ەوە، گەرچی یەکتاپەرستان خۆیان، ڕەگەزی پەیامبەرەکەیان بە کورد لەقەڵەم نادەن. دیارە، ئەو هەقیقەتەش خراوەتە ڕوو، کە بۆچی یەکتاپەرستان نکووڵی لەو ڕاستییانە دەکەن، هەروەك چۆن جەختیش لەسەر شووناسی عەرەبی وئیسلامی خۆیان دەکەن. هەڵبەت، پێشتر ئەوانەش خراونەتە ڕوو.

دواجار، ئەوەی ئاواتمە، ئەوەیە کە توانیبێتم وەك پێویست زانیارییەکم بە تاکی کورد گەیاندبێت، ئەوەش لەو ڕوانگەیەوەیە، کە پێویستە هەموو تاکێکی کورد، بەردەوام بە دوای شووناس ومێژوو وفەرهەنگی ڕاستەقینەی خۆیدا بگەڕێت، وەکی هەر نەتەوەیەکی تر. بەوەی، دەبێت شیمانەی ئەوە بکرێت، کە خواست وهێزێك هەبێت، مێژوو وفەرهەنگی نەتەوەیەك بەلاڕێدا بەرێت. هەڵبەت، کەڵك وەرگرتن لەو کارەش، مەبەستی تایبەتی ئەوانی تێدایە. لەوەش زیاتر، دووبارە کردنەوەی وتەکانی


پێشوومە، کە خواستێکی تایبەت وهەستێکی قووڵی ناسیۆنالیستی ونەتەوایەتی، پاڵنەری ئەم کارەم بووە، بۆئەوەی بتوانم زیاتر خزمەتی نەتەوەکەم بکەم.........

**ئازاد تۆفیق خەیات**

**سلێمانی**


**١٣/ ٦/ ٢٠١١**

# پاشکۆکان





**نەخشەی ١ ..............**

**پێگەی ناوچەی زۆزان لە کوردستانی گەورەدا، سەرەتای سەدەی یەکەمی کۆچی (حەوتەمی زایینی). ئەم نەخشەیە، لە کتێبی (کردستان في القرن السابع الميلادي)ی فرسەت مەرعیییەوە وەرگیراوە.**




**نەخشەی ٢ ..........**

**پێگەی زۆزان لە کوردستانی گەورەدا. سەردەمی لەشکرکێشی ئیسلامی (١٦-٢٦ك/٦٣٧-٦٤٦ز) لە هەمان سەرچاوەی پێشووەوە وەرگیراوە..**




**نەخشەی ٣ ........**

**پێگەی خاکی کوردستان لە نێو وڵاتانی (تورکیا، یەکێتی سۆڤێتی جاران، عێراق، ئێران، سوریا)دا.**




**نەخشەی ٤ ........**

**خاکی گریمانەیی یەکتاپەرستانی دەرزی، لە نەخشەی نێودەوڵەتییدا**



بارزانی و کەمال جونبولات (سالی ١٩٧٢)

**وێنەی ١ .......**

**خوالێخۆشبووان، (مستەفا بارزانی) و(کەمال جانبولاد)، سالّی (١٩٧٢ز) لە بارەگای تایبەتی بارزانی ئەم وێنەیە گیراوە...**

**ئەم وێنەیە، لە کتێبی (بارزانی وبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد)، بەرگی سێیەم، بەشی دووەمی بەڕێز سەرۆکی هەرێم (مەسعود بارزانی)یەوە وەرگیراوە..**



**وێنەی ٢ .......**

**خوالێخۆشبووان، (مستەفا بارزانی) و(کەمال جانبولاد)، ساڵی (١٩٧٠ز) لە (حاجی هۆمەران) ئەم وێنەیە گیراوە...**

**ئەم وێنەیە لە پەیجی (الارشیف الكردي) بە سوپاسەوە وەرگیراوە.**




وێنەی ٢ ............

كەسایەتی (وەلید جانبولاد– ولید جنبلاط)، یەكێك لە گرنگترین كەسایەتییە سیاسییەكانی یەكتاپەرستانی دەرزی

ڕابەری پارتی پێشكەوتنخوازی سۆسیالیستی (الحزب التقدمي الاشتراكي)یە لە لوبنان

وێنەكە لە (ویكیپیدیا)وە وەرگیراوە



وێنەی ٣ .......

نووسەر وکەسایەتی دەرزی (زەید عەلی سکیکر).


ئەم وێنەیە، لە کتێبی (الموحدون عرب مسلمون، لا دروز)ەوە وەرگیراوە...



وێنەی ٤ .........

بۆنەیەکی ئایینیی یەکتاپەرستانی دەرزی

وێنەکە لە (ویکیپیدیا)وە وەرگیراوە



وێنەی ٥ .........

سومبول وهێمای سەرەکی سێکتی یەکتاپەرستانی دەرزی

وێنەکە لە (ویکیپیدیا)وە وەرگیراوە



**وێنەی ٦ ......**

**کاتێك (نوێژی مردوو) لەسەر تەرمی کەسێکی کۆچکردوو دەکرێت، لای یەکتاپەرستانی دەرزی.**

**وێنەکە لە (ویکیپیدیا)وە وەرگیراوە**



وێنەی ٧ .......

وێنەی بوکێکی دەرزی بە جلوبەرگی بوکێنی باوەوە.......

ئـەم وێنەیـە لـە کتێبـی (مـن هـم الموحّـدون الـدروز؟)ی نووسـەری دەرزی (جـەمیل ئـەبوتورابی) وەرگیراوە.



وێنەی ٨ ......

هەڵپەڕکێی میللی کیژانی دەرزی... وێنەکە لە هەمان سەرچاوەی پێشوو وەرگیراوە

## سەرچاوەکان

### ١- سەرچاوە کوردییەکان


١. ئازاد تۆفیق خەیات: یەکتاپەرستانی دەرزی، بەڕێوەبەرایەتی چاپ وبلاوکردنەوەی سلێمانی- سلێمانی، ٢٠٠٩

٢. برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: لە سویدییەوە عوسمان حەمەڕەشید گوروون، لە بلاوکراوەکانی مەکتەبی بیر وهۆشیاری (ی.ن.ك)، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠١٠

٣. پۆڵ ستراتێرن: ساتێك لەگەڵ ئەفلاتون، و: عەلی ئەکبەر مەجیدی، چاپی یەکەم، ناوەندی چاپ وبلاوکردنەوەی سایە- سلێمانی، ٢٠١٠

٤. حەمید عەزیز: سەرەتایەك لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان، چاپی سێیەم، ناوەندی بلاوکردنەوەی ئاوێر- هەولێر، ٢٠٠٨

٥. خەلیل شەڵماشی: نەژادی کورد لە لوبنان، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم- سلێمانی، ٢٠٠٠

٦. ڕێبوار سیوەیلی: سۆفیستەکانی یۆنان لە ستایشی فەلسەفەی کەمایەتیدا، چاپی یەکەم، دەزگای موکریانی- هەولێر، ٢٠٠٩

٧. صلاح عصام ابوشقرا: کورد گەلی مەینەتییەکان، و: جاسم محەمەد محەمەد عەلی، چاپی یەکەم، لە بلاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان- سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٥

٨. کاوە جەلال: ژان ژاك ڕۆسۆ، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی، لە بلاوکراوەکانی مەکتەبی بیر وهۆشیاری (ی.ن.ك)- سلێمانی، ٢٠٠٧

٩. هاشم سالْح: سەرەتایەك دەربارەی ڕۆشنگەری ئەورووپی، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، چاپ وبلاوکردنەوەی چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی، ٢٠٠٧

١٠. د. محەمەد عابد جابری: ئایین ودەوڵەت وپیادەکردنی شەریعەت، و: فوئاد سدیق، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی موکریانی- هەولێر، کوردستان، ٢٠٠٦

١١. د.موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لە ماکیاڤیلیەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم- سلێمانی، ٢٠٠٥

١٢. د. محەمەد کەمال: فەلسەفەی هیگڵ، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم- سلێمانی، کوردستان، ٢٠٠٩

## ٢- سەرچاوە عەرەبییەکان


١. الأب اسحق ساكا: الاله المتجسد بحسب اعتقاد الكنيسة السريانيية الارثوذكسية، الطبعة الثانية، مطبعة شفيق- بغداد، عراق، ١٩٧٠

٢. أمين محمد طليع: أصل الموحدين الدروز و أصولهم، الطبعه الاولى، دار الاندلس للطبع و النشر، بيروت، ١٩٦١

٣. أديب معوض: الاكراد في لبنان وسوريا، تقديم: فلك الدين كاكهيى، الطبعة الثانية، دار آراس للطباعة و النشر- اربيل، ٢٠١٠

٤. الجنرال اندريا: ثورة الدروز وتمرد دمشق، ت: حافظ أبومصلح، الطبعة الاولى، المكتبة الحديثة للطباعة و النشر- بيروت، لبنان، ١٩٧١

٥. بول ووكر: حميدالدين الكرماني، الفكر الاسماعيلي في عصر الحاكم بامرالله، ت:سيف الدين القصير، الطبعة الاولى، دار المدى للثقافة و النشر- دمشق، سوريا، ١٩٨٠

٦. جميل ابوترابي: من هم الموحدون الدروز، الطبعه الثانيه، دار علاءالدين للنشر و التوزيع و الترجمه- سوريا، دمشق، ٢٠٠٧

٧. زيد علي سكيكر: الموحّدون عرب مسلمون.. لا دروز، الطبعة الاولى، منشورات دار علاءالدين للنشر و التوزيع و الترجمة- دمشق، سوريا، ٢٠٠٢

٨. سعد رستم: الفرق و المذاهب الاسلامية منذ البدايات، الطبعة الاولى، الاوائل للنشر و التوزيع و الخدمات الطباعية- سورية، دمشق، نيسان ٢٠٠٤

٩. د. محمود اسماعيل: فرق الشيعة بين الدين و السياسة، الطبعة الاولى، رؤية للنشر و التوزيع- القاهرة، مصر، ٢٠٠٥

١٠. نبيه القاضي: تأريخ دعوة الموحدين الدروز، الطبعة الاولى، دار كيوان للطباعة و النشر و التوزيع، الحلبوني- دمشق، سورية، ٢٠٠٩

١١. وفيق أبو حسين: دروز الوطن المحتل، الطبعة الاولى، منشورات فلسطين المحتلة- بيروت، لبنان، ١٩٨٢

١٢. حنّا ابي راشد: حوران الدامية، الحلقة الثانية، الطبعة الثانية، منشورات مكتبة الفكر العربي ومطبعتها للنشر والطبع والتأليف- بيروت، لبنان، ١٩٦١

١٣. د. محمد علي الصويركي الكردي: الاكراد الاردنيون ودورهم في بناء الاردن الحديث، الطبعة الثانية، من منشورات (بنكةى ذين)- السليمانية، ٢٠٠٥

١٤. ديفيد مكدويل: تأريخ الاكراد الحديث، ت: راج آل محمد، الطبعة الاولى، دار الفارابي- بيروت، لبنان، ٢٠٠٤

١٥. الدكتور عصام سليمان: الفدرالية و المجتمعات التعددية ولبنان،الطبعة الاولى، دار العلم للملايين- بيروت، لبنان، كانون الثاني/ يناير ١٩٩١

١٦. عباس الحلبي: الموحدون الدروز ثقافة وتاريخ ورسالة، الطبعة الاولى، دار النهار للنشر- بيروت، لبنان،شباط ٢٠٠٨

١٧. اللواء حسن صادق: جذور الفتنة في الفرق الاسلامية منذ عهد الرسول حتى اغتيال السادات، الطبعة الرابعة، عربية للطباعة و النشر- القاهرة، مصر، ٢٠٠٢

١٨. د. فرهاد دفتري: الاسماعيليون في العصر الوسيط، العدد (٥٦)، ت: سيف الدين القصير، الطبعة الاولى، دار المدى للثقافة و النشر- دمشق، سوريا، ١٩٩٩

١٩. د. غانم محمد صالح: الفكر السياسى القديم و الوسط، مديرية دار الكتب للطباعة و النشر- بغداد، عراق، ١٩٨٨

٢٠. يوسف كرم: تأريخ الفلسفة اليونانية، الطبعة الاولى، دار القلم- بيروت، لبنان، آيار- مايو- ١٩٧٧

٢١. د. عبدالصبور شاهين: أبي آدم، قصة الخليقة بين الاسطورة و الحقيقة، دار اخبار اليوم، قطاع الثقافة- القاهرة، جمهورية مصر العربية، ١٩٩٩

٢٢. د. موسى ابراهيم: معالم الفكر السياسي الحديث و المعاصر، مؤسسة عزالدين للطباعة و النشر- بيروت، لبنان، ١٩٩٤

٢٣. د.علي وردي،: منطق ابن خلدون في ضوء حضارته وشخصيته، الطبعه الاولى، منشورات سعيد بن جبير- قم المقدسه، جمهورية ايران الاسلاميه، ٢٠٠٥

٢٤. د.عبدالرضا حسين الطعّان: تأريخ الفكر السياسي الحديث، دار الحكمه للطباعة و النشر- بغداد، عراق، ١٩٩٠

٢٥. نجيب العسراوي: المذهب التوحيدي الدرزي، الطبعة الثالثة - برازيليا، برازيل، ١٩٩٠

٢٦. عبدالله النجّار: مذهب الدروز و التوحيد، دار المعارف بمصر - القاهره ، مصر، ١٩٦٥

٢٧. د. محمد كامل حسين: طائفة الدروز تأريخها وعقائدها، مكتبة الدراسات التأريخية، دار المعارف بمصر- القاهرة، ١٩٦٢

### ٣- ماڵپەڕەکان


١. صــــديق: مــــدارس الفلســـفة اليونانيـــة ومناهجهـــا، منتـــدى الكراســـات، ٢٧-١١-٢٠١٠، www.korasat.com

٢. موحدون دروز: من ويكيبيديا، الموسوعة الحرة، ١٥/ ١٠/ ٢٠٠٦ ar.wikipedia.org

٣. مسلمة: ماذا تعرف عن الدروز؟ منتدى لكِ، ١٥/ ١٠/ ٢٠٠٦، www.lakii.com

٤. من هم الدروز؟: منتديات أهل البيت، ١٧/ ١٠/ ٢٠٠٤ www.ahl-ul-bait.org

٥. الدروز: منتديات يا حسين، ١٥/ ١٠/ ٢٠٠٦ www.yahosein.com

٦. الدروز: شبكة الراصد نت، سلسلة الكترونية شهرية متخصصة بشؤون الفرق من منظور أهل السنة، ٣٠/ ٢٠٠٧/٨، www.alrased.net

٧. طريقة الدروز في تعليم ديانتهم: موقع الدّرر السنية، مرجع علمي موثق على منهج أهل السنة و الجماعة، www.dorar.net

٨. صــــديق: مــــدارس الفلســـفة اليونانيـــة ومناهجهـــا، منتـــدى الكراســـات، ٢٧-١١-٢٠١٠، www.korasat.com

٩. من هم الدروز؟ وبماذا يعتقدون؟ وكيف هي طريقة عباداتهم؟: فارس السنّة، ١٥/ ٥/ ٢٠٠٨، fares alsunna

١٠. د. رضــــا العطّــــار: حركــــة اخــــوان الصــــفا وتراثهــــا الثقــــافي، الحلقــــة ٢، Islamicbooks.info